## جوگرافیای مێژوویی

# عەشیرەتی شکاك..

## ڕۆڵی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا

**ناوی کتێب:** جوگرافیای مێژوویی عەشیرەتی شکاك....
ڕۆڵی لەبزووتنەوەی کوردایەتیدا
**نووسەر:** عەبدولقادر شکاك
**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** ئومێد محەمەد
**تایپ:** خەرمان عەبدولکەریم عەلی
**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
**نرخ:** دینار
**ژمارەی سپاردن:** ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە
چاپی یەکەم ٢٠١٥
**سەرپەرشتیاری کتێبەکان:** بەختیار سەعید

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان ٢٠١٥

ناونیشان: سلێمانی - کاسۆ مۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

سوودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوانە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوانە.
مافی چاپکردنەوەی بۆ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان پارێزراوە.
لەسەر ئەرکی (د. تەها ڕەسوڵ) چاپکراوە

عەبدولقادر شکاک

جوگرافیای مێژوویی

# عەشیرەتی شکاک..

## ڕۆڵی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا



**ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە**

١.  گیانی پاکی ئەو پێشمەرگانەی لەپێناوی پاراستنی خاکی کوردستاندا شەهیدکران.
٢. میر عەبدولڕەزاق بەدرخان .
٣. مەحموود خانی دزڵی .مەحموودخانی کانی سانان. سەردار ڕەشیدی ئەردەڵانی.
٤. شەهیدی جوانەمەرگ و خوێندکاری زانکۆ عەتای کاکە حەمەی حاجی مەحموود .

**عەبدولقادر شکاك**

**١٣-١٢-٢٠١٤**

## پێرستی ئەم بەرهەمە


١. پێشەکی........................................................................ ٧
٢. جوگرافیای ناوچەی ورمێ.................................................... ١١
٣. قەڵای چهریق(چارێ)........................................................ ١٤
٤. گوندەکانی چهریق............................................................ ١٥
٥. چهریقی خواروو.............................................................. ١٥
٦. چهریقی سەرو................................................................ ١٦
٧. قەڵای چهریق ناوەندی حکومەتی ئێلی شکاك ........................... ١٨
٨. سادق خانی شکاك .......................................................... ١٨
٩. ئیسماعیل خانی مەزن(شکاك)............................................. ٢٠
١٠. عەلی خانی شکاك .......................................................... ٢٠
١١. یەحیا خانی چهریق........................................................... ٢١
١٢. ئیسماعیل ئاغای شکاك..................................................... ٢٢
١٣. عەشیرەت..................................................................... ٢٥
١٤. ناوچەی نفوسی عەشیرەتی شکاك........................................... ٣٢
١٥. گەرگەری..................................................................... ٥٢
١٦. بنەماڵەی ئیسماعیل خانی مەزن............................................. ٧٩
١٧. هۆزی شکاك لە ڕۆژئاوای کوردستان....................................... ٨٩
١٨. جەعفەرئاغا لە دیدی نووسەرانەوە .......................................... ٩٢
١٩. جازێ خانم دایکی عەلی خان ............................................... ٩٧
٢٠. کوشتنی جەعفەر ئاغاو ڕەنگدانەوەی لەحەیرانی کوردیدا.............. ٩٩
٢١. سمکۆ.......................................................................... ١٠٤
٢٢. چۆنێتی کوشتنی سمکۆ .................................................... ١٥٩
٢٣. گێڕانەوەی چۆنێتی کوشتنی سمکۆلە دەمی شایەتحاڵەکانەوە لەشاری شنۆ...... ١٦٣
٢٤. پاشکۆ(نامەیەك .پەیامێك بۆ سمکۆ )...................................... ١٨٧
٢٥. پەراوێزەکان................................................................... ١٩٣
٢٦.سەرچاوەکان................................................................... ١٩٩
٢٧.وێنەکان........................................................................ ٢٠٣

## پێشەکی

مێـــــــــــــژوونوس عەبدولقادرشـــــــــــکاك لەبەرهـــــــــــــەمێکی نوێیدابەناونیشـانی(جوگرافیـای مێـژوویی عەشـیرەتی شـکاك و ڕۆڵـی لەبزووتنەوەی کوردایەتی دا) پێمان گەیشـتەوە ، کـەتوانی بـەو کـارەی کتێبخانەی کـوردی جـارێکیتر دەوڵەمەنـد بکـات.چـونکە پێویسـتی بـەو سەرچاوانە هەیە ئەم کارەی نووسەر دوای دوو بەرهـەمی تـر دێـت ، کـە ماندوبونێکی زۆری پێوە دیارە بەپێی سەرچاوەکانی و ئـەو زانیاریانـەی کەلـــەدەمی ئــەم وئـــەو وەریگرتـــووە . کەبـــەو هەوڵـــەی لاپـــەڕەکانی بەرهەمەکـەی بـەزانیاری نـویێ موتوربـە کـردووە .کـاك عەبـدولقادر لـەم بەرهەمەدا نەهاتوە تەنیا باسی مێژووی ئـەو عەشـیرەتە بکـات . بـەڵکو لەڕووی جوگرافیشەوە زانیاری وردی لەئاو وهەواو کشتوکاڵ وئاژەڵداری و بــەروبومی بــاخ و گــەلێك شــتی تــری هێنــاوە لەناوچــەی دەســەلآتی عەشـیرەتەکەدا بـەوەش کارەکـەی زیـاتر پـیێ دەوڵەمەنـد کـردووە، کـە ژیانی دانیشتوانەکەی پێوە بەندە . بەپێی زانیاریەکانیش دیارە هەتاکو سەرەتای سەدەی بیسـتەم بـە دواوە ئـەو عەشـیرەتە وعەشـیرەتەکانی هاوپەیمانیشی لەگەڵیا هـەر لـە ژیـانی نیمچـە کۆچـەری ونیشـتەجێبوندا ژیاون .واتە گەرمیان وکوێستانیان کردووە .لەم کتێبەدا بۆ یەکەم جارە هەندێك زانیاری بابەتی وردمان لە بارەی بنەماڵەی جەعفـەر ئاغـا ی بـرا گەورەی سمکۆ وە پێدەدات ، یان لە بارەی ڕۆیشتنی ناوبراو بۆ تـەورێز

کـە  چـۆن بـەفرتوفێڵی پیلانگێڕەکـان لەسـاڵی ١٩٠٥دا لـەناویان بـرد . بەناوی ئەوەی دەیکەن بـەپارێزگاری سـنور ئـەوەبوو لـە نـاو حەوشـەی سەرای حکومیدا بەنامەردانـە کوشـتیان ئـەوەی جێگـای سـەر سـوڕمانە ناوبراو ناوی ئەو پاسەوانانەشی هێناوە کە لەگـەڵ ئاغـا دا ڕۆیشـتوون و لـەم نەبەردیـەدا و چەندیشـیان شـەهید بـوون باسـیکردووە، بەوێنـە و ناوەکانیانەوە دیارن .ئەمەی کە لەسەری دواین لەسـەر چـاوەکانی تـردا باسی نەهاتووە یـان زانیـاری کـەمیان لەسـەرە یـاوەکو مێژوونوسـەکان بەهەڵـە لێـی دواون . لەلایـەکی تـرەوە بۆچـوون لەسـەر شـەهید کردنـی سمکۆ لەم کتێبـەدا زۆری لەسـەر هـاتووە و هەمووشـیان زانیـاری نـوێن کەلەسەرچـاوە مێژووییـەکانی  ئـەم سـەردەمەی دواییـدا ئـەو باسـانە گومنـاون یـان دەتـوانین بڵـێین نووسـەرەکانیان خۆیـان کـەمتر مانـدوو کردووە بۆ گەڕان بەدوای ڕاستیەکاندا وخستنە ڕوویان بۆ سـودی مێـژوو کەئەم عەشیرەتە تەمەنێکی دورو درێژی تێیدا هەیە لەژێر سەرکردایەتی گەورە پیاوەکانیدا وەکو محەمەد پاشا وجەعفـەرئاغا وسمکـۆ وگـەلێکی تر لە زوودا ، نابێت ئەوەش لە یاد بکـەین کاتێـك (بنیـامین مارشـەمعون )لەساڵی ١٩١٨ لە بارودۆخێکی تەمو مژاویدا کوژرا . ئاسوریەکان زۆر بە دڵڕەقیەوە تۆڵەی ئـەو کوشـتنەیان لەخـەڵکی بێتـاوانی ورمـێ و دەورووبەری کردۆتەوە ، کەژن ومندالّ و پیر و پەککەوتەیان ڕەشە کـوژ کـرد ، کەبەڵگەی مێژوویی هەیە لەدوو ڕۆژدا ١٠– ١٢ هەزار کەسیان لەناو برد ، کە باپیرەی من یەکێکە لەوانە . جگە لەوەش لە (کۆنەشار) کـە شـوێنی

نیشتەجێی سمکۆ و بنەماڵەکەی بووە ، ئەوەی ئاسوریەکان لە ورمێ بۆیان تەواو نەکرا لەوێ تەواویان کردووە ، کە دڵ بۆیان هەڵقرچاوە . نمونەیەکی بچوکیش لەوانەی کە دڕندەییان دەرئەخات هاتوون دایکی پێشەوا سمکۆ بەناوی (دوڕییە خانم) هەر قاچێکیان بە ستۆتەوە بە ئەسپێکەوە و لاشەکەیان کردووە بە دوو کەرتەوە ئەمە بێ ویژدانییەکە کەلەمێژودا بیرکردنەوە لەو جۆرە کوشتنە کەم بووە . نابێت ئەوەش لەیاد بکەین دوای کۆتایی بزووتنەوەکەی سمکۆی شکاك لەساڵی ١٩٣٠دا زۆر لەو بنەماڵانەی کە بەگیان هاوکاری سمکۆیان کرد بوو ، لەترسی دڕندەیی ڕەزاشا بڵاوبونەتەوە و هەریەکێکیان شوێنێکی لە ناوچەیەکدا دۆزیوەتەوە وئاوەدانیان کردۆتەوە . جگە لەوخێزانانەی کە بڵاوبونەتەوە بە شارەکانی کوردستاندا بە تایبەتی شاری هەولێرو سلێمانی کەرکوك و شارۆچکەکانی دەورو بەریدا . بەکوردی و بەکورتی دوای کوژانەوەی هەر شۆرشێکی کورد لە نەمانی پێشەواکەیدا خەڵکەکەی ستەملێکراون و ڕەشەکوژ کراون ، ئەوەشی بەر نەکەوتووە ئەوا لە ئاوارەییدا سەریناوەتەوە. بەڵام دوژمنان خەیاڵیان خاوە چونکە کورد چەشنی دار بەڕوەکانی کوردستان ڕەگی بەبنکی خاکەکەیەوە داکوتاوە و هیچ وەیشومەیەکی بێگانە ناتوانێت کۆتایی پێبهێنێت . من لەم پێشەکیەدا نامەوێت هەموو ئەو زانیاریانەی ناو کتێبەکە بخەمە ڕوو با خوێنەر لە کتێبەکەدا بیانخوێنێتەوە .ئەم هەوڵەی نووسەر لەم بەرهەمەیدا شوێنی ستایشکردن و پێزانینە کە توانیویەتی لەوەرگرتنی

ئەو زانیاریانـەدا لـەدەمی کەسـانی شـارەزاوە یـان لەسەرچـاوە جـۆراو جۆرەکانــەوە کــە هەنـدێکیان سەرچـاوەی فارسـین و مێژووەکـەی پــێ دەوڵەمەنـد کـردووە بۆیـە لـەو ڕوانگەیـەوە داوا لەحکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـەم بـا لـەوە زیـاتر مێـژوومان نەخەینـە خانـەی لـەبیر چوونەوە یان گرنگی پێنـەدانی و نەنوسـینەوەی ، چـونکە لـە ڕۆژگـاری ئەمڕۆدا بارودۆخ لەبارە بۆ نوسینەوەی ، ئەوەش لە کۆنەوە بۆ نویێ کـە پێویستە چەشنی زنجیرێك ئەڵقەکانی بەیەکـەوە گرێبـدەین تـاوەکو لـەو قەیرانـە مێژووەکـەمان لـەو پچـڕ پچـڕییە ڕزگـار بکـەین یـان ئەوانـەی بەقەڵـەمی ناحـەزان نوسـراون و خراونەتـە خزمـەتی دراوسـێکانمانەوە چـاکیان بکـەین و بیخەینــەوە خزمــەتی نەتەوەکـەمان ، کـە ئەمــەش دەگەڕێتـــەوە بـــۆ دوای شـــەڕی چـــاڵدێرانی ســـاڵی ١٥١٤ی نێـــوان عوسمانیەکان وسەفەویەکان کـە تیایـدا دەرئـەنجام کوردسـتان لـەتکراو لەنێوانیاندا دابەشکرا ، کوردیش هەر وەکو لەشەڕی جیهانی یەکەمیشدا (١٩١٤_١٩١٨) زلهێزەکـــان پرســـەکەیان کـــردە قوربـــانی نـــەوت و دووبارەیـان کـردەوە . لـە ڕۆژگـاری ئەمڕۆشمانـدا جیابوونـەوەی کـورد لەبارە لەم بەشەی کوردستاندا تاوەکو لەتەوق وکۆتی دەسەڵاتی ناوەند خـۆی ببچـڕێنێت بـەڵام دەبێـت وریـا بێـت لـەپیلانی ناحـەزانی نـاوخۆ ودەوروبەر تاوەکو نە کەوینە ناو هەڵەیەکی کوشندەی تـرەوە و ئـەوەی دوێنـێ ی مێژووەکە بەزیان بۆمان گەڕایەوە دووبارە نەبێتەوە.

**کەمال نووری مەعروف**

**شوباتی ٢٠١٥**

# جوگرافیای ناوچەی ورمێ

باکوری رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو ناوچە کوردستانی یە ژیاری یە گرنگەیە کە ئەمڕۆ بەئازەربایجانی ڕۆژئاوا ناوزەند دەکرێ، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن و موسڵمانی سوننە مەزهەبن هەروەك لەقاموسی ئیعلامی شەمسەدین سامی دا هاتووەلەژێر ناونیشانی (کوردو کوردستان)کەبەیەکەمین ئەنیسکلۆپیدیای تورکی لەمێژوودا دەژمێردرێت، کە دێتە سەر باسکردنی ئەو ناوچەیە بەتایبەتی لەباسی شاری (ورمێ)دا دەنووسێ شارێکە لەخۆرهەڵاتی کوردستان دا هەڵکەوتووە. لێرەدا هۆکاری دانانیبەبەشێك لە ئازەربایجان ئەوەیە ئەو دابەشکردنەکارگێڕیە سیاسیەیەکەلەزۆرکۆنەوە بەڕێوبەرایەتی ئێران بەئامانجی دابەش کردنی ئەو بەشە کوردستانیەی لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕاگرتووە .ڕژێمی ئێران بۆ پارچەکردنی کوردستان. ورمێ و ئەو ناوچەیەی لەباکوریدایە،بەویلایەتی ئازەربایجانەوە گرێیداوەو لەلایەن ئیدارەیەکەوە کراوە بە پارچەیەکی ئەو ولایەتە. لێرەدا نووسەری ئەنسکلۆپیدیاکەش بەپێی ئەو دابەشکردنە ئیدارییە، ورمێی بەبەشێك لەئازەربایجان داناوە ئەم ناوچەیەی وەکو باسمان کرد زۆرینەی کوردن و هەموو کوردەکانیش دابەش بوون بەسەر چەند هۆزێکدا ،کە یەکێك لەو هۆزانە،هۆزی شکاکە،کە بە ناوچەی شکاك ناوزەند دەکرێ .چونکە

هۆزی شکاك دووەم هۆزی گەورەی کوردی ئێرانە لەدوای هۆزی کەڵهوڕ ، شکاك کەلەوناوچەیەدا بڵاوبۆتەوە هەرلەگۆلی ورمێ وە تا ناوچەکانی گەڤەرو گۆمی وان و ناوچەی هەکاری جێگیربوون. ئەم ناوچەیە بە کشتوکاڵ وئاژەڵداریەوەخەریکن . گۆلی ورمێ درێژی لەباکورەوە تا باشوور ٧٥ میلەو لەخۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا ٢٥میلە ئاوەکەی تاڵ و قورس و بەبۆنە، ماسی و گیانداری تری تێدا ناژی. لە ناوەڕاستی بەشی باشووری گۆلەکەدا دوورگەیتریش هەیەو لە هەموو لایەکەوە ئاو و زێیەکی زۆر دەڕژێتە ئەم گۆلەوە گەورەترینیان (ئاچی چای)ە کەلەباکوری خۆرهەڵاتەوە دێت و بەبەردەمی تەورێزدا ڕەت دەبێ.[(1)]بەڵام مێژووی شوێنەوارناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانخوێندنەوە بۆناوچەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەم شێوەیەباسیکردووە و دەنوسێ: پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لەباکوری ڕۆژئاوای ئێراندا هەڵکەوتووە و لەباکورەوە بەکۆماری ئازەربایجان و ئەرمەنستان دەورەدراوە لەباشورەوە بەپارێزگای کوردستان(سنە)، لەڕۆژئاواوەشەوە بەوڵاتانی تورکیا و عێراق و لەڕۆژهەڵاتەوە بە پارێزگای زەنجان و ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتەوە بەسراوەتەوە. ئەم پارێزگایە ڕووبەرەکەی (٢٣٧٠٥٩)کم.لەسەرژمێریدا سیازدەهەمین پارێزگای ئێرانە و ٢٢,٢٥٪ ی ڕووبەری وڵاتەکەپێکدەهێنێ.پارێزگایئازەربایجانی ڕۆژئاوا ناوچەیەکی شاخاوییە و تۆبۆگرافیایەکی هەمە چەشن و بەربڵاوی هەیە.

بەپێی پێکهاتەی سروشتی، لەتێکەڵاویی گیاو گوڵ ئیکۆ سیستەمێکی جیاواز لەم هەرێمەدا پێکهاتووە، کە زیاتر بەشێوەی دارستان و جەنگەڵ دەرئەکەوێت، گەورەترین و زۆرترین دارستان و جەنگەڵەکانیش لەنێوان قەزاکانی پیرانشار، سەردەشت و مەهاباد هەڵکەوتوون. چیا بەرزەکانی ئەم پارێزگایە بریتیێە لە: قەندیل، ئارارات، دالامپەڕ، حاجی برایم، سامرەند، سپی ڕێز، کێلەشین و ناوچەی شاخاوی سەر سنوری ئێران و تورکیاو عێراق. چەم و ڕوبارەکانی بریتین لە: ئاراس. جەغەتوو، تەتەهوو، مەهاباد، زێی بچوك، لاوێن، گادەر، نازی ، بەراندز. ئەم پارێزگایە زیاتر لەژێر کاریگەری ئاووهەوای وشك و ساردی سیبریا دایە ،ئەمەش ئەبێتە هۆی نزمی زۆری پلەی گەرما تا ڕادەی بەستن، گرنگترین دیاردەی جوگرافیایی ئەم پارێزگایە گۆلی سوێری ورمێ یە کەبەدرێژایی مێژوو تا ئێستا یەکێك لەدیاردە جوان و سروشتیی و سەرنج ڕاکێشەکانی ئەم ناوچەیە بووە، بەلام دوای لێدانی پردی کەلانتەری کە شارەکانی ورمێ و تەورێز، لەکەنارەکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاتی ئەم گۆلەوە پێکەوەدەبەستێ. بەداخەوە سروشتی گۆمی ورمێ بەشێوەیەکی نائاسایی بەرەو تێکچوون دەڕوات و ڕۆژ بەڕۆژ ئاوی ئەم دەریاچەیە کەم دەکات و ڕەنگە تا چەند ساڵی داهاتوو بیابانێکی وشك و سوێر جێگای ئەم دەریاچەیە بگرێتەوە.ئەمەش بۆتە هۆی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت ولاتانی دەوروبەریش.

بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧ ڕێژەی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە (٢,٨٧٣٤٥٩ کەس مەزەندەکراوە. بەم ڕێژەیەش هەشتەمین پارێزگای ئێرانەو ٢٤,٠٨٪ لەخەڵکی ئێرانی لەخۆ گرتووە، شارەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بریتین لە: ورمێ کە(ناوەندی پارێزگا)یە. مەهاباد و بۆکان، پیرانشار، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، میانداو، تکاب، سا ین قەڵا، سەڵماس، قەرەزیائولدین، شووت، پۆڵدەشت.[٢]

## قەڵای چهریق (چاریێ)

قەڵای چهریق لەژیانی مێژوویدا ئەگەر بەراوردی بکەین بە قەڵاکانی تری مێژوویی ئێران پڕیەتی لە ڕووداوی مێژوویی، جا ئەو ڕوداوانە گەورەبن یان نشوستی بن بۆ قەڵاکە. بۆیە دەتوانین بڵێین قەڵای چهریقمێژوویەکی پڕڕووداوی هەیە ، بەتایبەتی لەمێژووی هاوچەرخی ئێراندا.ڕووداوە سیاسیەکانی مێژووی ورمێ و سەڵماس لە ڕۆژگاری قاجارو پەهلەوی دا بەشێکی زۆری پەیوەستە بەو قەڵایەوە، چونکە چالاکی یەکانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و دەزگاکانی شۆڕش و دژایەتی عێلەکان و گرنگیدان بە سیستەمی قەڵا لەو ڕۆژەگارەدا پێویست بووە. لەمێژووی سەردەمە لاوازەکانیش دا قەڵای چهریق لەناو ڕووداوەکاندا شوێنی تایبەتی دیاری خۆی هەبووە.لێرەدا دەمانەوێ تەنیا ڕای کەسانی ناسراوی گوندەکانی چهریق. وەربگرین، کە بەکەسانی

کاریگەرو دیاری هۆزی شکاك دادەنرێن بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێك کە قەڵای چهریق بەناونیشانی مەرکەزی حکومەتی هۆزەکان لەڕووی سیاسی و نیزامیەوەدابنێین کە خۆیان هەڵیانبژاردووە، جگە لەوەش قەڵای چهریق لە ڕووداوو نشوستیەکانیشدا بەشی پێبڕاوە بەتایبەتی کەلەقسەکانی (موعتەمیدو لزادە) (ڕەحمەتوڵڵا خان)دا.وادەردەکەوێ کەخۆی چاودێری بارودۆخی سیاسی ناوچەکەی لەساڵەکانی (١٩٢٠تاکو ١٩٢٢) کردووە و پەیوەستن بەقەڵای ناوبراوەوە ، ئەوەش لەکۆتایی پشتێنەیی نەخشەی مێژوویی ساڵی ١٨٩٧زاینی لەبارەی قەڵاکەوە ڕوونکردنەوەیەك دەدات کە کاریگەری تێدا دەبینین.

## گوندەکانی چهریق

چهریق ناوی دوو گوندی کوردنشینی دراوسێ ی یەکترن کە بە دوو گوندی چهریقی خواروو وچهریقی سەرو دابەش بوون دیارەکانی ئەو دوو گوندە بەم شێوەن.

## چهریقی خواروو:

گوندێکە لەگوندەکانی چهریق و بەشێکە لە ناوەندی شارۆچکەی سەڵماس لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە دەکەوێتە سەرهێڵی درێژی جوگرافی (٣٧-٤٤ ) ، هێڵی پانی جوگرافی (٥-٣٨ ) بەرزی لە

ڕووی دەریاوە(١٥٨٠) مەترەو ئاو وهەوای ساردو وشکە. گوندەکە دەکەوێتە دووری ٢٢کیلۆ مەتری باشوری ڕۆژئاوای سەڵماس و ڕووباری (زولا ) بەباکوری گوندی (ئاباد)دادەڕواو دەربەندی (سوسەن) لە ڕۆژئاوای گوندی ئابادەوە دەبڕێ. کۆمەڵگای گوندەکەش (٣٣)خێزانەو زمانی خەڵکەکەش کوردییەو شێوەزاری کرمانجی یەومسوڵمانن مەزەبیان سوننەیە و کۆمەڵگاکەش لە پەیڕەوانی ئیمامی شافیعین. پیشەی سەرەکی دانیشتوانەکەی بەزۆری کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵ بەخێوکردنە. کشتوکاڵیان بەڕێگای ئاوی و دێمی بەئەنجام دەگەیەنن و ئاوی خواردنەوەشیان بە ڕێگای گونج لەسەرچاوەی ڕوبارەکەوە هەڵگرتووە.بەرووبومی گوندەکەش گەنم و جۆو نیسك و نۆك یۆنجەو سێو و گوڵە بەڕۆژە و کولەکەیە. ڕووەکی بۆن خۆش و گیای زمانەگاش دەهێنرێتە بەرهەم بۆ دروستکردنی دەرمان. ناوچەکەش دەوڵەمەندە بە ئاژەڵی کێوی کەلەسەر گەلا و پوشی ناوچەکە دەژین، باڵندەش وەکو کەو و پۆڕو گەلێکی تر لەو ناوچەیەدا دەژین.

**چهریقی سەرو:**

ئەم گوندە لەگوندەکانی چهریقەو دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی جوگرافی (٣٦–٤٤) پلەو هێڵی پانی جوگرافی (٥–٣٨ )ء، بەرزییەکەشی لە ڕوی دەریاوە ١٦٢٠مەترەو ئاوو هەواکەی وشك و ساردە. گوندەکە

دەکەوێتە دووری ٢٣ کیلۆمەتری باشوری خۆرئاوای سەڵماس، ڕوباری (زولا) لە کەناری (ئابادی)یەوە دەڕواو دەربەندی (سوسەن) دەبڕێ کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی (ئابادی) لە دووری کیلۆمەترێك.. کۆمەڵگای گوندەکە پێکهاتووە لە (٨٣) خێزان زمانەکەیان کوردی کرمانجییەوە مەزهەبیان شافیعین. کاری خەڵکی گوندەکەش کشتوکاڵ و باخداریی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەروەردەکردنی مێش هەنگوین و کرێکاری یە.کاری کشتوکاڵی لە گوندەکەدا بەهەمان شێوەی (چهریق)ی خواردووە، گوندەکەش لەڕووی ئاژەڵی کێویی و باڵندەوە هاوشێوەی گوندەکانی ترە.لەناو گوندەکەشدا مەزاری پیاو چاکێك هەیە بەناوی (کەوسەر) . ڕەزمئارا لەفەرهەنگی جوگرافیای ئێراندا کەلەساڵی(١٩٤٠) زاینی دایناوە دەربارەی چهریق دەنوسێ: گوندێکە لەگوندەکانی ناوچەی سەڵماسی شارۆچکەی (خۆی) دەکەوێتە دووری (١٩٥٠٠) گەز لەباشوری خۆرئاوای (باختەر)ی سەڵماس. ڕێگای هاتوچۆی دانیشتوانەکە بە گالیسکە بووە تا سەڵماس، ئەوەش بەهۆی ئەوەی شوێنی قەڵاکە لەو ڕۆژگارەدا ڕێگاکانی قیرتاو نەبووە، دووری ڕێگاکەش لە سەڵماسەوە بۆ قەڵاکە هۆکاری گواستنەوەکەی دیاری کردووە، کە درێژاییەکەی کاتژمێرێکەو ڕێگاکەش بە ڕیگای چهریق ناسراوە و کاری دانیشتوانەکەشی کشتوکاڵ و گۆزەو گلێنە کەری بووە و سوودیان لەڕوباری (زولا)ش ، ڕۆژانە بینیوەبۆ کاری ئاودان و شتی تر.

**قەڵای چهریق ناوەندی حکومەتی ئێلی شکاک**

قەڵای چهریق بەدرێژایی مێژووەکەی هەردەم ئێڵی شکاک بەکاریان هێناوەو شوێنی ژیانیان و ناوەندی هۆزەکە بووە، هۆزی شکاک لەسنوری ئازەربایجان و تورکیادا ژیانیان بەسەربردووە. واتە لەدەشتەکانی (چهریق، سۆما، برادۆست، سەنجیداغ)دا ژیاون و دەژین و هەندێکی تریشیان لەناوچەی (ورمێ) دا دانیشتوون. کەسانی ئەو هۆزە لەئازایەتیی و بەتواناییدا ئەگەر بەراوردیان بکەین بەهۆزەکانی تری کوردی ناوچەکە بەناوبانگترن.ئەم هۆزە لەدوو بەش پێکهاتووە. (عەبدۆیی) و(کاردار) لەکۆنەوە سەرۆکی هۆزەکە لە عەبدۆییەکان هەڵبژێردراوە کەسانی ناوداریشبەدرێژایی تەمەنی حکومەتی قاجار لەناو ئەم هۆزەدا دەرکەوتووە، کە ڕۆڵی سەرەکییان لەو گۆڕانکارییە سیاسییە کۆمەڵایەتیانەدا هەبووە، بەوەش ڕازی بوون ، کە قەڵای ناوبراو مەرکەزی فەرماندەیی و دەسەڵاتەکەیان بێت بۆئەو کەسانەی کەدەرکەوتوون و کاریگەریشیان هەبووە.بۆیە لەم باسەدا ئاماژە بەچەند کەسێکیان ئەدەین :

- **سادق خانی شکاک:**

سەرۆکی عەشیرەتەکانی شکاکەو لەکۆندا لەلایەنگرەکانی قاجار بووە، بەڵام کاتێك (فەتح علی شا) گەیشتبەدەسەڵاتهیچ سۆزێکی بۆی نەبوو، بۆیە دەستی دایە یاخی بوون و توانی نیوەی ئازەربایجان بخاتە

ژێر دەسەڵاتی خۆی بەڵام لەساڵی ١٢١١ی کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە ١٨٣٣زاییني بەکەوتنی خۆیکۆتایی هات.[٣] هەروەکولەنوسینەکانی کاك نادری کەریمیاندا هاتووە

لێرەدا گومانێك هەیە کە مامۆستا نادری کەریمیان بەسەریدا تێپەڕیوە بەوجۆرەیە کە سادق خانی شکاك لەبەرئەوەیمێژووەکەی زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی محەمەد خانی قاجاری بۆیەدوای ئەوەی سادق خان بووە هاوپەیمانی محەمەد خان دژ بە بنەماڵەی زەندیەکان ئەوەبوو لەساڵی ١٧٧٩دا توانییان دوا شای ئێرانی زەندی (لوتف عەلی شاە) بڕوخێنن و لەساڵی ١٧٩٧ لەکاتی داگیرکردنی جۆرجیادا لەشاری (شوش) لەنیوە شەوێکدا محەمەد خانی قاجار لەنێو خێوەتەکەی خۆیدا کوژرا، ئەمەشیان بە پیلانیسادق خان زانیوە بۆیە شەڕ دەستی پێکرد لەنێوان هێزەکانی شکاك کە ژمارەیان ١٥هەزار چەکدار بووە، بەڵام زۆری لەشکری قاجار بەسەرکردایەتی (فەتح عەلی شا )کە پێشتر جێگری محەمەدخانی قاجار بوو توانی پاشەکشە بەهێزەکەی سادق خان بکات بەڵام دوایی ڕێکەوتن لەسەر گەڕانەوەی ئەو خشڵ و زێڕانەی کە سادق خان دەستی بەسەردا گرتبوون لەخێوەتەکەی محەمەد خانی قاجاردا کەواتە سادق خانی شکاك پێش ئیسماعیل خانی شکاك بووە. جگە لەیەك عەشیرەتی هیچ جۆرە خزمایەتیەکی نزیك لەنێوان سادق خانی شکاك و ئیسماعیل خاندا نەبوو لەدوای نەمانی سادق خان ئیسماعیل خان ناوی دێتە نێو ناوان. ئیسماعیل خان لەساڵی ١٨١٦بە دەستی عەسکەر خانی قاجاری کوژراوە، ئیتر ئەو ساڵەی مامۆستا نادری کەریمیان کەدەڵێ ١٢١١ ی کۆچی هەتاوی واتە ساڵی

١٨٣٣زايینی، ئەوەیە کەسادق خان لەژیاندا نەماوەو تەنانەت ئیسماعیل خانیش لەژیاندا نەبووە، بەڵکو سەردەمی دەسەڵاتی جازیَ خانم خێزانی ئیسماعیل خان دەست پیَ دەکات لەدوای کوژرانی ئیسماعیل خانی مێردی هەندێك دەڵێن سیانزە ساڵ حوکمی کردووە و هەندێکی تر دەڵێن هەژدە ساڵ ،بۆیە سەردەمی جازیَ خانمیش نییە ئەگەر بێت و سیانزە ساڵ حوکمی کردبیَ کەواتە سەردەمی عەلی خانی کوڕی ئیسماعیل خان بووە. لەسەرئەمەش دواتر لەسەری دەدوێین.

**●ئیسماعیل خانی مەزن (شکاك):**

ئیسماعیل خانی یەکەم لەتایەفەی عەبدۆییەو سەرۆکی عەشیرەتی شکاکە. لەسەرەتای فەرمانڕەوایەتی قاجارەکاندا ژیاوەو پیاوێکی بەتواناو خاوەن دەسەڵات بووە ساڵی١٨١٦ز لەلایەن عەسکەر خانی قاجارەوەتیرۆرکراوە.

**●علی خانی شکاك:**

کوڕی ئیسماعیل خانی شکاکە کەیەکێکە لەسەرۆکەکانی ئەم عێلەو ماوەیەك دەسەڵاتی بەسەر (ورمیَ)و سەڵماس و بەشێك لەئازەربایجاندا ڕۆشتوەو، داوای سەربەخۆیی کردووە، بەڵام زوو کۆتایی هاتووە ئەمەش لەدوایدا زانیاری زیاتری لەسەردەدەین.

## ●یەحیا خانی چهریق:

یەحیا خان کوڕی موستەفا خانی هەکاری یە لەسەرۆکەکانی هۆزی شکاك بووە، لە ڕۆژگاری (عەباس میرزا ی نائیبولسەڵتەنە) دا، فەرمانڕەوایەتی ئازەربایجانی کردووە، سەرەتا یەحیا خان خوشکی خۆی بەناوی(ڕەحیمە خانم)ی مارە بڕیوەلەکوڕی گەورەی ئەرشەد کە ناوی محەمەد میرزا ناسراو بە(محەمەد پاشای قاجار) بووە، (ڕەحیمەخانم) چەند لای ماوەتەوە منداڵی لێ ی نەبووەو بەجوانی سەری ناوەتەوە.(یەحیا خان) دووبارە خوشکی خۆی بەناوی (خەدیجە خانم) مارە بڕیوە لە محەمەد میرزا کە عەباس میرزا بۆی داوا کردبوو، بەو شێوەیە دوو خوشکی (یەحیا خان) بوونەتە ژنی محەمەد پاشای قاجار. یەحیا خان چ لەڕۆژگاری عەباس میرزای نائیبولسەڵتەنەو چ لەڕۆژگاری پادشایەتی (محەمەد شا)دا زیاتر لێیان نزیك بۆتەوەو ماوەیەك کە محەمەد میرزا بۆتە (شا )یەحیا خان دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی (ورمێ) و (شاپور)و (سەڵماس) و (ئیلێخانی)بەدەستەوەبوون .کوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاواش لەژێر قەڵەمڕەوی ئەودا بووەو کەسێکی بەتواناو سیاسەتمەدارو خاوەنبیری جوان بووە. لەفەرمانڕەوایەتیەکەیدا بۆ ئاوەدانی کۆششی کردوە، تاوەکو زیاتر خزمەت بکات. ئەوەبوو ئەو ئاوەی لە ڕوباری (ئاجو) هەڵگیرابوو بۆ خواردنەوەی گەڕەکەکانی شاری (ورمێ)کە بەتەواوی بەشی نەدەکرد، هەستا بەڕاکێشانی کەناڵێکی تر کە بەپارەیەکی زۆر دروستی کرد، ئەو چاکەیەشی بەیادگاری بۆمایەوە . ناوی (یەحیا خان)

دوای مەرگی محەمەد پاشا لەساڵی ١٢٦٤ی کۆچی قەمەری بەرامبەر بەساڵی ١٨٨٥زایینی لەناو فەرمانڕەوایانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا کوژایەوەو لەجێگای ئەو نەجەف قولی خانی ئەفشار قاسملو بووەتە فەرمانڕەوای ورمێ. نۆژەنکردنەوەی لەسەرنەخشەکۆنەکەی قەڵای( چهریق) کە لەلایەن عەبدول عەلی بەگی سەرهەنگ لەساڵی ١٨٩٨ نوێ کرایەوە ،هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژگاری ژیانی یەحیا خانی چهریق.

**●جەعفەر ئاغای شکاک: دواتردا بەدرێژی لەسەری ئەدوێین.**

**●ئیسماعیل ئاغای شکاک:**

کە ناسراوە بەسمکۆ یان سمیتقۆ هەر وەکو تورکەکان دەڵێن: دواتر باسی زیاتری لەسەر دەکەین.

مینۆرسکی لەسەر ئەو تەپە کۆنەی نووسیوەو دەڵێ: ساڵی ١٨٨٨زاینی لەگوندی گۆپتەپە لەژێر تاقێکی بەردیندا لەقوڵایی ٨مەتردا گۆزەیەکی شێوە لوولەیی دەرکەوت ،کە خواکانی بابلیان لەسەر نەخشێنرابوون واتە بابلی یەکەم، مێژووەکەی بۆ (٢٠٠٠)ساڵ بەر لەزایین دەگەڕێتەوە .ئەگەر ورمێ هەمان شاری کۆنی (ئۆرمیات) بێت بەمانای ئەو شارە کەوتۆتە ناو وڵاتی (مانایيەوە)و بەر هێرشی ئاشوری یەکان لە قۆناغی نوێیاندا کەلە سەدەی نۆوە دەستپێدەکات تاکو٦١٢ پ .ز کەوتووە، کە دەسەڵاتی وان لەدواتردا ئۆرارتۆی تێدابووە، لای خوێنەریش ئەوە ئاشکرایە کە تەپەکەی ئیسماعیل ئاغاو تاشەبەردینەکەی خاوەنی

هەمان خاسیەتی کارگەی (وان)ە (مخبیر ولسەڵتەنە) جارێکی تر لەو بارەیەوە دەنوسیٚ: ئەم قەڵایە پەیوەستە بەعێلی شکاك و دەکەوێتە نێوان ورمیٚ و سەڵماس ،لەسەر هێڵی سنوری ئێران– تورکیا یەو تێیدا دانیشتوون و بەپێی ئاماری نارەسمی (٧٠)ساڵ بەر لەوەی سەر ژمێری ئەو ئێڵە بکریٚ (٤٤٠٠) خێزانبوون محەمەد پاشا سەرۆکی عێلی شکاك بوو کە باوکی سمکۆیەو لەم قەڵا توندو تۆڵەی چهریق دا دانیشتووە. هەر کاتێك دەوڵەتی ئێران لاواز بووبێت ئەوا دژیان شۆڕشی بەرپاکردووە.

**ئەحمەدی کسرەوی دەڵیٚ:**

دوای کوشتنی جەعفەر ئاغا سمکۆی برای ئیدارەکەی گواستەوە بۆ قەڵای چهریق و هەستا بە هێنانی (وەستای شارەزا) لەشارە دراوسێکانەوەو بینای زۆری لیٚ دروست کرد، ئەوەش وای کرد ناوچەی قەڵاکە ڕۆژ بەڕۆژ ئاوەدانتر بێت، دواتریش سمکۆکۆشك و باخی زۆری لەگەڵ بینادا بۆ خۆی دروست کرد[٤].

لەبەردەوامی جەنگی جیهانی یەکەمدا دەستەیەك لەسەربازان و تۆپچییەکانی عوسمانی کە چەند سەد کەسێك دەبوون و بۆ وڵاتی خۆیان نەگەڕانەوە، تفەنگ و تۆپەکانیان بردە چهریق و لەژێر دەسەڵاتی سمکۆ لە چهریق هێشتیانەوە. هەرچۆنێك بێت باسکردنی قەڵای چهریق لەبەر تیشکی گواستنەوەی قسەی مێژووییدا ئەوە دەرئەخات کە قەڵاکە پەیوەستە بە ڕۆژگاری قاجاری و پەهلەوی یەوە.مامۆستای

شوێنەوارناس کەمال نوری مەعروف لەباسی نەخشەی قەڵای چەریق دا دەڵێ: نەخشەی مێژوویی قەڵای چەریق لەساڵی ١٩٠٠زاییینی سازکراوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشانو گرنگیدانی پایە بەرزی عەبدولعەلی بەگی سەرهەنگ کە ئامادەی کردووە. نەخشەکەی عەبدولعەلی بەگ کەلەکەسایەتییە دیارەکانی نیزامی سەردەمی (ناسری)یە، زانیاری تەواومان لەبارەی ژیان وپاشماوەکانیەوە لەبەردەستدا نی یە، لەبەرئەوەی دوو کەس بەناوی (عەبدولعەلی خانی سەرهەنگ وعەبدولعەلی خانی کوڕی ئەمین نیزامەوە هەن من بزانم (ئیعتیمادو سەڵتەنە )لە (مأثر والاثار) دا ناوی ئەوانە دەبات. ئەو نەخشەیەش بەر لەڕوودانی شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی سالی ١٢٩٧ی کۆچی قەمەری تەواو بووەو نیشانی دەدات کە بیناو عەمارەکانی قەڵاکە لەڕۆژگاری یەحیا خانی چەریقی تەواو بووەو لەڕۆژگارەکانی دواتریشدا تێکچوونی بەخۆیەوە نەدیوە و ئاوەدان بووەو پارێزراوە، لەڕووی تەلارسازیشەوە شێوەکەی ناوازەیە[٥].ئەوەی جێگای گومانە کە دەڵێ: ئەو نەخشەیە بەر لەڕوودانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یە واتە پێش ساڵی ١٨٨٠زاینی بووە، بەڵام لێرەدا بەساڵی کۆچی هەتاوی ١٢٩٧دەکاتە ساڵی ١٩١٨ زاینی کەواتە٣٨ ساڵ تێدەپەڕێ بەسەرشۆرشی شێخ عوبەیدولاْدا کەواتەدەبێت ئەو ساڵی کۆچی هەتاوی یە جێگای گومان بێت.

## (عەشیرەت)

عەشیرەت کۆڵەکەیەکی بەرچاویپێکهاتەی دروست بوونی نەتەوەی کوردە، هەروەك نەتەوەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە. کوردیش لەچەند عەشیرەتێك پێکهاتووە..

عەشیرەتەکان بەپێی پێگەی جوگرافیاو ژمارەیان ڕیشەی خۆیان لەمێژووی ئەم میللەتەدا چەسپاندووە بە چالاکیەیە هەمە جۆرەکان لەبوارە جیا جیاکانی ژیاندا کە بەشێکی گرنگ لە کەلتوری گەلی کوردیان پێك هێناوە.هەربۆیەسەرئەنجام ئەم عەشیرەتانە خاوەنی زۆرلەسەرکەوتن و نشوستیەکانی نەتەوەکەمانن. لەزۆرینەی ڕاپەڕین و مل نەدانەکان بەداگیرکەران .عەشیرەت ڕۆڵی گەورەی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەو ڕاستی یە فەرامۆش بکرێ کە زۆرجار بوونەتە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنە گشتی یەکاندابەوەی ئاستەنگیان لەبەردەم پێشکەوتن و گەورەبوونی دەسەڵاتی عەشیرەتێکی تردا دروستکردووە ،بۆیە کارێکی ئاسان بووە بۆ داگیرکەر کە بتوانێت ئەم عەشیرەت یان ئەو عەشیرەت لەیەکتری ڕاست بکاتەوە.هەربۆیە مێژوونوسان و ڕۆژهەڵاتناسان ئاماژەیان بەم گرێ کوێرەیە داوەو بەیەکێك لەگرفتەکان و هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی دەزانن بەهۆی ئەوەی بەها عەشیرەتەکانیان ڕەواجی یەکەم و پیرۆزی

باڵای هەبووە. زۆری دەسەڵاتی عەشیرەتێکیش لەناوچەکەی خۆیدا بەنرختر بووە لەدەسەڵاتی دەوڵەتێك لەلای، کەئەم دەسەڵات و هێزی تیایدا نەبێ .واتە سنورێك ببێتە هۆی کۆتایهێنان بە دەسەڵاتەکەی ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کورد بەپێی ئەو پێکهاتەیەی کە بۆتە بونیادی دروستبوونی وەکو واقیع نکولی لەم عەشیرەتانە نەکردووە.چونکەمێژووی هەندێ لەوعەشیرەتانە بەئاشکراو بەڕوونی بەسەربزوتنەوە و گۆڕانکاری یەکاندا دیارە.عەشیرەتی شکاك یەکێکە لەو عەشیرەتانەی کەلەماوەیەکی دوورو درێژی خۆیدا چەردەیەك لەڕاپەڕین و یاخی بوون لەمل نەدان بەدەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی ناوچەکەی تۆمارکردووە، بەو هۆیەش ئەم عەشیرەتە پانتایی یەکی فراوانی لەباکورو ڕۆژهەلات و کەمێکیش لەباشورو ڕۆژئاوای داگیرکردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین جێ دەستی ئەم عەشیرەتە بەمێژووی ڕاپەڕینەکانی کوردەوە بەئاشکرا دیارە. مێژووی هەر ڕاپەڕینێکیش بەلەناوچوونی گیانی سەرکردەکانی خۆیانکۆتایی هاتووە، ئەم مێژووە پڕ خوێناوییە دەبێت بزانین ڕوداوەکان بۆچ ساڵێك و سەردەمێك دەگەڕێنەوەو مێژووی دەرکەوتنیان لەکام سەردەمدا زیاتر بووە.مێژوونوسی کورد. مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی دەڵێ: لەپێش هەموو شتێکدا دەبێت زانیاریمان هەبێت لەسەر خاك و نەشونمای عەشیرەتی شکاك. هەرچەندە بەژمارە کەمن .بەڵام

میللەتێکی ئازاو ڕەشیدو جەنگاوەرن. هەمیشە لەنێوانی کێوانی (خۆی و وان و ورمیٚ)دا بەئازادی ژیاون و لەپێشدا بەچەند سەردەمێك لەژێر دەسەلاٚتی عەشیرەتی مەحمودی دابوون و هەندێك جاریش پیاوی گەورەیان لیٚ پەیدا بووەو سەربەخۆ ژیاون لەسالّی (١١١٠)دا واتە ١٧٣٢زاینی دووبەرەیان پێکەوە بەشەڕ هاتن. بەرەیەکیان سەد مالّێکی هەلّگرت و چووە وان و بەتلیس و دیاربەکر و ئورفە. ئەو سەد مالّە پاشان چونە چیای کرمانج لەویٚ عەلی ئاغایەك کەحوکمداری ناوچەکەیکردووە. ناوچەیەکی پیٚ بەخشیون و ئاوەدانیان کردەوەو ئێستا بە ناحیەی شکاك بەناوبانگە. عەشیرەتی شکاك بەشێکی دیکەیان لەسەردەمی (تەهماسبدا) لیٚ جیابوونەوەو کەوتنە دەشتی میاندواو مەزهەبی جەعفەریان هەلّبژارد ،ئەمڕۆ کە بە شوقاقی دەناسرێن .بەلاٚم بەرەبابەکەی تریان لەجێگای خۆیان مانەوە. زۆربەیان بەسەرکێشی ڕایان دەبوارد. جێگاشیان چاك بوو ،چونکە کەوتبوونە سنوری ڕۆم و ئێرانەوە لەهەر لایەکەوە زۆریان بۆ بهاتایە پەنایان بۆ لایەکی تر دەبرد. شوێنیان زۆر سەخت و بلّندەو هەمیشە لەباج و خەراجی حکومەت بەدوور بوون، حکومەتی ڕۆم و عەجەم بۆ ڕاگرتنی سنور دلّنەواییان کردووون، ئەم عەشیرەتە لەکۆندا سوارچاك و ڕمبازی و سیلاح شۆری ، لەمەیدانیشدا عەشیرەتێکی زۆرسەرکێش و ئازا بوون و لەمردن نەترساون) (٦). هەرچەندەماموٚستا حسێن حوزنی

سەرەتايەكی باشی دەرخستوە لەسەر عەشیرەتەكە. بەڵام ئەگەرسەرنجی لق وبەشەكانیشكاك بدەین كە( ٢٦ )تایەفەن و هەر تایەفەیەكیش سەرۆكێكی بۆ خۆی هەڵبژاردووە،كەلەدواییدا زۆر بەدرێژی لەسەری دەدوێین.خاڵێكی گرنگی تر ئەوەیە ئەو ناوچە فراوانە هەروا بەئاسانی پڕ نەبۆتەوە یاخود دەبێت عەشیرەتی شكاك بەزۆری چەك خۆی سەپاندبێت یان ئەو ڕایەی مامۆستا ڕەتدەكاتەوە كە عەشیرەتێكی بچوك بن و لەژێر حوكمی عەشیرەتی مەحمودی دا ژیابێتن .چونكە ئەم عەشیرەتە لق و بەشەكانی لەناخی مێژووی ئیسلامیش دا دەرئەكەوێ. كە تاوەكو ئێستاش نەوەكانیان بەشانازی یەوە بەشداریكردنیان لەسوپای سەلاحەددینی ئەیوبی دا دەگێڕنەوە. كە ئەوانیش هۆزی عەبدۆییەكانن و بەشێكن لەعەشیرەتی گەورەی شكاك. هەرچەندە بۆئەم ڕایە تا ئێستاش هیچ بەڵگەیەكی زیندوو لەبەردەستدا نی یە تاڕاستیەكەی بسەلمێنێ تەنها دەماو دەم دەیگێڕنەوە. چونكە لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی دا كوردان لەگەڵ لەشكرەكەیدا ڕۆیشتون و ئەوانەی كە زیاتر ناویان هاتووە لەكتێبی (سوپای ئەیوبیان لەسەردەمی سەلاحەدین)دا سیف الدین عەلی كوڕی ئەحمەد هەكاری یە كە دواتر دەبێت بەگەورەترین میر لەمیرەكانی سەلاحەدین و نازناوی (المشطوب) واتە (ڕوشاو)ی بەسەردا دەبڕێت بەهۆی ئەوەی لەیەكێك لەشەڕەكاندا تیرێك لە دەم و چاوی دەدات .ئیبن ڕوشد بەشای گەورەی

کوردان ناوی بردووه.یەکێکی تر لەو کوردانەی هەکاری کەلەهەڵمەتەکەدا بەشداربووە زانای ناسراو زیائەدینی عیسی هەکاری یە[٧] ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کەکوردەکانی هەکاری بەشداری ڕاستەوخۆیان کردوەو لەسوپای سەلاحەدین دا، بەو پێیەش ناوچەی هەکاری زۆربەی زۆری لەعەشیرەتی شکاك بوون ،بۆیە ناتوانین ئەو ڕایەی کە دەڵێ عەبدۆییەکانی شکاك بەشداربوون ڕەتبکەینەوە.جائەگەر ئەو ڕایەوابێ ئەوا دەکرێت بڵێین عەشیرەتێك سالانی ١١٥٦زاییینی هێندە سەرکردەو جەنگاوەری بەشدار بوبێت، ناکرێ بڵێین عەشیرەتێکی بچوکن و ژمارەیان کەمە. هەرچەندە لە پەراوێزی هەمان نووسیندا هێمای نووسەری کتێبی ناوبراو لە پەراوێزەکەیدا وەك ڕوونکردنەوە دەڵێ هەکاری یەکان ئەو خێڵە کوردانەن ، کەلەڕۆژهەلاتی ولاتی موسڵ دا گەلێ پەناگەو قەلای قایمکارو دێهاتیان هەبووە. ڕەنگە ڕوون کردنەوەکە هەڵەبێت و ڕاستی یەکەی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ بێت چونکە لەو ناوچەیەدا هەمیشە قەلا هەبووە و مەڵبەندی عەشیرەتەکەشە.(نوسەر) لەو سەردەمەدا سەلاحەدینی ئەیوبی بانگەوازی بۆ ڕزگارکردنی (بیت المقدس) کردووەو هەزاران گەنجی ناوچەی هەکاری بەدەنگ بانگەوازەکەوە دەچن و (بیت المقدس)ڕزگار دەکەن . لەئازایەتی و دڵسۆزی ئەو کوردانە سەلاحەدین ناویان دەنێت (عەبدۆیی) بەواتای عەبدی خودا لەو ڕۆژە بەدواوە بەو

جەنگاوەرە کوردانە دەڵێن عەبدۆیی. کە ئێستا چەندین تایەفەی لێ بۆتەوە.یەکێکی تر لەسەرکردەکانی ئەم عەشیرەتە کەهەمیشە ناوی دێتە ناو مێژووی کۆنی ئێران ، سادق خانی شکاکە. بەلام نازانرێت ئەم سادق خانی شکاکە سەر بەکام تایەفەیە یە لەناو عەشیرەتی شکاکدا چونکە دیارە ئەمانیش دوو بەشی سەرەکین کەبریتین لە (عەبدۆیی– کاردار).بەلام مێژووی دەرکەوتنی سادق خانی شکاك دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمی زەندی یەکان، دکتۆر کەمال مەزهەر لەکتێبی (تاريخ إيران الحديث و المعاصر) باسی کردووە و دەڵێ (محەمەد خانی قاجاری لەدوای زەندیەکان هاتە سەر کارو دەستی کرد بە زوڵم و ستەم و دەستدرێژی کردن هەتا بەرامبەر بەو کەسانەش کە هاوکارییان لەگەڵیا کردووەو یارمەتیان داوە لە ڕوخاندنی زەندیەکان)دا بۆ ئەمەش سادق خانی شکاکی بەنمونە هێناوەتەوە کە سادق خان یەکێك بووە لەو سەرۆکانەی شکاك کە پازدە هەزار چەکداری لەگەڵدا بووە و هاوکاری لەگەڵ محەمەد خانی قاجاری دا کردووە، خەسرەو خانی ئەمیری ئەردەڵان کەلەناوچەی خۆیدا سەربەخۆ بووەو لایەنگری محەمەد خان بووە، بەلام لەگەڵ هەردوکیان بە دڵەقیەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون .کاتێك محەمەد خان خەریکی ئامادەکردنی هێز بووە کە بچێت بەو هێزەوەپەلاماری (جۆرجیا)بدا لەساڵی ١٧٩٧دا لەشاری (شوش) لەنیوەشەودا لەناو چادرەکەی خۆیدا کوژرا و تاوانی ئەو کوشتنەش

درایە  پاڵ سادق خانی شکاك ، هۆی ئەو گومان کردنەش بەرامبەر بە سادق خان بەپێی چەند بەڵگەیەکە وەك:

●پاراستنی ئەو یاساوڵانەی کە محەمەد خانیان لەناو چادرەکەی خۆیدا کوشتووە.

●کشانەوەی سادق خان دوای کوشتنی محەمەد خان بۆ ناوچەی ئازەربایجان و دەستی بەسەر هەموو شارەکانی ناوچەکەدا گرتووە .

●داواکردنی عەرشی ئێران ، دیارەسادق خان بەتەمای ئەوەبووە لەپێشوتردا.

●پەیوەندی سادق خان و ئازەری یەکان.

●پەیوەندی  سادق خان بەجۆرجییەکانەوە.

لەئەنجامی ئەوەدا هێزی ئێران بەسەرکردایەتی (فەتح عەلی شا) پەلاماری هێزەکەی سادق خانی داوە کە ئەوکاتە فەتح علی شاه جێگری محەمەد خان بووە، لەو شەڕەدا کەلەنزیك (قەزوین)ڕویدا هێزی شکاکەکان زۆر خراپ شکان و هێزەکەیان شپرزە بوو ، بەڵام لەدوایی دا هەردوولایان ڕێکەوتن بەمەرجێك سادق خان خشلێ وزێڕەکەی شا بداتەوە بەحکومەتی ئێران(٨).هەندێك لەسەرچاوەکان کەدێنەسەر باسیسادق خانی شکاك هەندێك بە عەبدۆیی و هەندێکی تر بەلقەکانی تری شکاکی دادەنێن ،بەلاّم بەپێی زانیارییەکان دەرکەوتوە (کاردار)ە چونکە ئەم سادق خانە دیارە پیێ ناچێت عەبدۆیی بێت بە گێڕانەوە دەماو دەمەکانی بەساڵاچوانی شکاك ئەوە ناسەلمێنن و دەکرێت سەر

به شكاكی (كاردار) بێت.گەلێ جار بەپێی سەرچاوەكانیش سادق خان بەباوكی ئیسماعیل خانی مەزن ناودەبرێت ، ڕاستیەكەی ئەوەش هەڵەیە چونكە ئیسماعیل خان كوڕی ئیبراهیم كوڕی حاجی بەگ كوڕی ئیبراهیم هەمزەی عەبدۆیی یە و نەوەكانیان ئێستاش سەركردایەتی هۆزەكەی خۆیان دەكەن.

**ناوچەی نفوسی عەشیرەتی شكاك:**

مەلا ئەحمەدی پێنجوێنی لەكتێبەكەیدا بەناوی (مێژووی كورد لەسەدو دوانزە ساڵدا) نووسیویەتی: میللەتی كورد گەلێك بنەماڵەو هۆزو كەسایەتی و مرۆڤی دیارو بەناوبانگ و مێرخاس و چەلەنگ و عەگیدی تێدا هەڵكەوتووە،كەلەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی و پارێزگاری نەتەوەكەیاندا خەباتیان كردووە و قوربانی زۆریان داوە و مەیدانی تێكۆشانیان چۆڵ نەكردووە .نمونەی ئەوانە هۆزی شكاكە، كەلە دوو بنەماڵەن( عەبدۆیی و كاردار)ن و هەریەكەیان لە (١٠)بەرەباب پێكهاتوەو لەهەرێمی خۆرئاوای ئازەربایجان نیشتەجێن لەسنوری ئێران و توركیا ، بەمانا لەهەردوو ناحیەی (سۆماو برادۆست)ی سەر بەقەزای "ورمێ".لەناوچەیەكی كوێستان و سەختدا ئەژین، هۆزی شكاك لەوڵاتی (عێراق و توركیاو سوریا)ش هەن ، لەدەڤەری موسڵ بەناوی (گەرگەری) ناسراون، وەكو وتراوە بەرەبابی(عەبدۆیی) لەهۆزی شكاك سەرۆكایەتی ئەو هۆزەیان كردووە و هۆزی شكاك كۆچەریو خاوەنی مەڕو ماڵات

بوون و گەرمیان و کوێستانیان کردووە و بەگوێرەی ڕۆژگاریشکارو پیشەی شوانی کەم بۆتەوە و بەهۆی ئەوەی نیشتەجێ بوون و بوونەتە (جوتیار) .عەشیرەتی شکاك لەسەردەمی (قاجار)دا بەهۆی درێژە کێشانی شەڕی نێوان ئێران و ڕوسیا دەرفەتیان وەرگرت و دەستیان بە جولأنەوە کرد، یەکەمین بزوتنەوەی هۆزی شکاك لەسالّی"١٨٠٧"دا بەسەرۆکایەتی ئیسماعیل خانی یەکەم بووە، کەبەهۆی تیرۆرکردنیەوە لەلایەن " عەسکەرخانی هەوشارەوە" کە فەرمانداری" ورمێ" بووە لەسالّی" ١٨٢٠" کۆتایی هات،(ڕاستیەکەی١٨١٦)یە لەدوای ئەو عەلی خانی کوڕی بوو بەجێگری باوکی و سەرۆکی هۆزی شکاکی وەرگرت لە سەردەمی نەسرەدین شای قاجاردا (١٨٤٦-١٨٩٦) عەلی خان قەلأی (چەهریق)ی کردە بارەگای خۆی و دەستی بەسەر ناوچەی "ورمێ" و هەرێمی ئازەربایجاندا گرت و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، لەکۆتایی دا بەناوی ئاشتیی و برایەتی یەوە لەلایەن( بیوك خان)ی والی" ورمێ" وە عەلی خان بۆ ورمێ بانگکراو زیندانی کراو لەئەنجامدا لەناوبرا لەدوای" عەلی خان" محەمەد ئاغای کوڕی بوو بەجێگری باوکی لەسەردەمی ئەودا دەستی بەبزوتنەوەیەکی نوێ کرد کە " محەمەد عەلی میرزا" جێگری موزەفەرەدین شابوو، ئەوە بوو فەرمانێکی توندی بەحاکمی ئازەربایجان دەرکرد کە بەهەر جۆرێ بوویێ ئەبێ "جەعفەر ئاغا"ی کوڕی محەمەد ئاغای شکاك بکوژرێت، هەرچەندە زۆر هەولّدراوە کە ئەو

کارە ڕوونەدات بەڵام لەکۆتایدا دا هەر بەناوی ئاشتی و وتوێژەوە (جەعفەر ئاغا) بانگکرایە (تەورێز)و لە ژووری بەرپرسی ئەو شارەدا لە جاری دووەمدا تیرۆرکرا. لەگەڵ ئەوەشدا کە هاوڕێکانی شەڕێکی زۆر ئازایانەو مەردانەیان لەسەر کردبوو دوو کەسیش لەوان کوژران و چواریان گیانیان بەسەلامەت دەربازکردو گەڕانەوە زێدی خۆیان. لەو کاتەدا (مینورسکی) کە دیبلۆماسێکی ڕوسی بووە لە تەورێز، بەسەر سوڕمانەوە دلێری و ئازایەتی ئەو (٨) کەسەی هاوڕێی (جەعفەر ئاغا)باس دەکات، کە لەناو باڵەخانەی فەرمانداریێتی تەورێزدا دەستیان بەشەڕ کردووە لەگەڵ چەکدارانی ئەو شوێنەدا[٩].ئەمانە هەمووی بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن، کە ئیسماعیل ئاغای مەزن و عەلی خانی کوڕی تا دەگاتە سمکۆ، هەموو هەوڵ و تەقەلاکان بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلەکەیان بووە. نووسەری ئەو بابەتەی پێشوو (فاخر حەسەن گولی) لەبەڵگەنامەکانی ئێرانی دا ئەو زانیاریانەی دەستکەوتووەو لەئەرشیفی ئێرانیدا پارێزراوە.مامۆستا کەمال نوری مەعروف لە کتێبی (سەدەیەك لەتێکۆشانی کوردی ئێران و بزوتنەوەی ئیسماعیل خانی شکاك)دا نووسیویەتی: شکاك دووەم عەشیرەتی کوردی ئێرانە لەدوای عەشیرەتی" کەلهوڕ"ی نیشتەجێی ڕۆژئاوای کرماشان دێت. هەروەها ناوبراو لە کتێبەکەی مارتن ڤان برونسن بە ناونیشانی ( ثورة سمكو و دورالعشائرالايرانية) وەری گرتووە و دەڵێ: شکاك لەناوچە شاخاوی

یەكانی سۆماو برادۆست و شیپران، هەروەها لەڕۆژئاوای سەڵماس و ورمێ و تەر گەوەڕو مەرگەوەڕو دەشتی بێلێ كە دەگاتەوە بە سنووری توركیا و عێراق ئەژین. لەكۆنەوە شوێنی كۆبونەوەیان بووەو هەتاكو ئێستاش شوێنی عەشیرەتەكانی كوردن، كە تیایدا جێگیربوون[10] زەینەفۆن پێشەواو مێژوونووسی یۆنانی ساڵی ٤٠١ی پێش زایین بەو ناوچانەدا تێپەڕبوەو دەڵێ: ئەو ناوچانە بەدەست هۆزەكانی كاردۆخی یەوە بووە[11].جگە لەوەش ئەحمەدی شەریفی دەڵێ ئەو ناوچە شاخاوییانەش بە جێگای هۆزەكانی شكاك و هەركی و جەلالی ناودەبرێ و تیایدادەژین،هەروەها دەڵێ ئەو عەشیرەتانە هەردەم خەریكی كۆچكردن بوون و گەرمیان و كوێستانیان كردووە و پیاوەكانیان نیشان شكێنی چاك بوون.د. مارتن ڤان برونسن لەلاپەڕە ١٤٣ ی كتێبەكەیدا دا دەڵێ: شكاك عەشیرەتێكی گەورەیەو بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٠ لەدوو هەزار خێزان پێك هاتوون و بەلەوەڕاندنی مەڕو ماڵات بەخێوكردن بەڕێوەچوون و سوودیان لەو لەوەڕگایانە بینیوە كە كەوتونەتە ناوچەكانی تەرگەوەڕو دەشتی بێڵەوە. ئەمانە لەزستاندا لەدەشتەكانی سەڵماس و ورمێ و لەگوندە شاخاوی یەكان دا ماونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا كە عەشیرەتەكە لەساڵی ١٩٢٠ دا ژمارەیان كەمبۆتەوە و لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر كۆچیان كردووە . بەڵام توانیویشیانە دەسەڵاتی تەواویان بەسەر كۆمەڵگای كرمانجیدا هەبێ كە

ژمارەیان سیٚ ئەوەندەی کەسانی عەشیرەتی شکاك بوون. حەسەن ئەرفەع لەکتێبەکەیدا بەناوی (کوردەکان) دەڵیٚ: عەشیرەتی شکاك ساڵی ١٩٢٠ ژمارەیان دوو هەزار خێزان بوون بەڵام ئێستاکە چوار هەزارن ئەو قسەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٦)[١٢]کە مێژووی کتێبەکەیەو لە لەندەن بەچاپی گەیاندووە.مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی بەگ لەکتێبەکەیدا بەناوی "کوردوکوردستان" دەڵیٚ: (عەشیرەتی شکاك لەڕۆژئاوای گۆمی" ورمیٚ" لەسەر سنور نیشتەجێن ولەشەش هەزار ماڵ پێك هاتوون، لەساڵێکدا ٣مانگ لەڕەشماڵ دا ئەژین ئیسماعیل ئاغای سمکۆ گەورەی ئەم عەشیرەتەیەو هۆزەکانی بریتین لەشەکەفتی، موکری، شەوەلی، بۆتان، عەبدۆیین).[١٣]ئەم زانیاریانەی مامۆستای کۆچکردوو محەمە د ئەمین زەکی بۆ ئەو سەردەمە ڕەنگە لەئاستێکی باشدا بووبێت. چونکە لەهۆزێکی گەورەی وەك شکاك دا کە (٢٦)تیرەن مامۆستا تەنها (٥) تیرەی نووسیوە. ئەو ژمارەیەش کە هاتووە هەر ئەو لقی شکاکانە دەگرێتەوە کە لەکوردستانی بندەستی ئێراندان. جگە لەو شکاکانەی باکورو باشورو ڕۆژئاوایکوردستان. کە ژمارەکە بەدڵنیاییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت.ئەرفەع دەڵیٚ: عەشیرەتی شکاك دەکرێت بەدوو بەشی سەرەکییەوە یەکەم پێی دەڵێن عەبدۆیی، لەناوچەکانی چاریٚ و سەڵماس و برادۆست دەژین ڕاستەوخۆباوك و باپیری سمکۆ سەرکردایەتیان کردوون و بەشی دووەمیشیان (مام دۆیی)

ئەمانە عومەر خان سەرکردەیانە.لێرەدا بەلامەوەباشە درێژە بەگێڕانەوەی ئەو باسانە بدەم کە لەسەر تێکڕای کەسە بەدەسەڵاتەکانی ناو عەشیرەتی شکاك نووسراوە، بەکارە باشەکانو کارە پێچەوانەکانیشەوە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی دروستیان بۆ بکرێت.ئەم ڕایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ناحەزانی گەلەکەمان هەمیشە لەنووسینەکانیاندا هەوڵیانداوەتۆوی دووبەرەکی و قسەی نەشیاو بەباڵای کەسایەتییەکانی نەتەوەکەماندابڕن،بەدوایدا دێمە سەر باسی لقەکانی شکاك و سەرۆکی تیرەکان و شوێنی نیشتەجێ یان. د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەکتێبەکەیدا بەناوی (کوردوستان و کورد) دەڵێ: لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم و پارچەبوونی کوردستان و داخستنی سنور ،بەتایبەتی لەنێوان ئێران و تورکیادا ئیتر عەشیرەتەکان ڕێگای گەرمیان و کوێستانیان لێ گیراوە، دوای جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەش عەشیرەتە نیمچە کۆچەری یەکان کە هەواریان لەوەرزی زستاندا بەرەو وڵاتێك کەوتبوو و هاوینە هەواریشیان بەروڵاتێکی تر بەجارێك سنور پەڕینەوەیان لێ قەدەغەکرابووکە دەبوو دراوێکی زۆر بدەن بۆ هاتووچۆیان، تا کار گەیشتە ئەوەی عەشیرەتێك بەشێکی بەر وڵاتێك و بەشەکەی تری بەر وڵاتێکی تر بکەوێت نمونەش بۆ ئەمە عەشیرەتی هەرکی و شکاکە کەدابەش بون بەسەر ئێران و تورکیاو عێراق دا، ئەم لێك دابڕانە وای لە هۆزە کۆچەری یەکان کرد کە

تا دوێنێ سەرچاوەی ئاژاوە بوون، ئەمڕۆ بەهۆی دەوڵەتەوە وردە وردە کزبن و لاوازبن ،دەوڵەتیش بەچاکی دەزانی لەشوێنێکدا جێگیریان بکات و تا واز لە ژیانی کۆچەرێتی بهێنن[١٤] بۆیە ژیانی کۆچەرایەتی ئەمڕۆکە بەدەگمەن ئەبینین. ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی ژمارەی شارو گوندەکان تا لەدواجاردا محەمەد پاشا لەساڵی ١٨٩٢ بەناچاری داوای لەدەوڵەتی عوسمانی کرد کە ڕێگای پێ بدەن لەتورکیادا وەك پەناهندە لەگەڵ عەشیرەتەکەیدابمێنێتەوە ، ئەوانیش بەداواکەی ڕازی بوون و لەناحیەی (باق) لەقەزای باشقەلا نیشتەجێ یان کردن. دوای ماوەیەك نازناوی پاشای پێدرا مانگانەیەکیشی بۆ بڕایەوە کەهەزار قروش بوو.بەڵام هەندێك لەلێپرسراوانی تورك داخ لەدڵ بوون بۆی ئەویش بەناچاری ساڵی ١٨٩٥ گەڕایەوەو حکومەتی ئێرانیش ئەمەی زۆر پێخۆش بوو. بە دوای ئەوەدا بە ساڵێك نەسرەدین شای قاجار کوژرا. کوشتنەکەشی لەلایەن میرزا محەمەدی ڕەزا خانی یەوە بوو. لەڕۆژی هەینی ١٨٩٦/٥/١ لەناو شاری تاران لەکاتی دیدەنی نەسرەدین شا کە بۆ مەرقەدی حەزرەتی عەبدول عەزیم هاتبوو و لێیهاتە پێشەوەو وا خۆی نیشانی شادا کە داوای لێخۆشبونی لێ دەکات.. لەپڕێکدا دەمانچەی لێ دەرهێناو تەقەی لێ کردوو و کوشتی. کاتێکیش گرتیان زۆر لەسەرخۆبوو. پێوەندیان کردە قاچیی و خستیانە بەندیخانەی قوزاقخانە ودوای (٧٥)ڕۆژ مایەوەو (٥٩) پرسیاریان لێ کرد.لەیەکێك

لەوەڵامی پرسیارەکاندا ناوبراو دەڵێ: تۆزێ لەئێران بڕۆنە دەرەوە، ژمارەی ئەو ئێرانیانە ببینن، کەلەوڵاتەکەیان ڕایانکردووە، لەعێراق و قەوقازو عەشق ئابادی ڕوسیا بەهەزاران هەزار ئێرانی ڕاکردووی هەژار دەبینین و نیشتیمانی خۆشەویستی خۆیان لەترسی زوڵمی شا بەجێ هێشتووە. ئەمانە بۆ ئەوەی بژین سەرقاڵن بەناخۆشترین کارو پیشەوە لەهەر شوێنێ خزمەتچییەك یان حەماڵێك یان پاکەرەوەیەکت بینی، بیناسەوە کە ئێرانی یە. هەروەها لەسەری ئەڕواو ئەڵێ: پیاوانی شا دووبەرەکییان خستە ناو خەڵکەوە و بەچەند هەزار تومانێك پارێزگاری شارێك ئەدەنە دەست مرۆڤێکی بێ ویژدان، بۆ ئەوەی بکوژو ببڕ هەر خۆی بێ و بەس ،کەس نەبێت لێ ی بپرسێتەوە کە بۆچی وا دەکات. ئەمەش بۆ ئەوەی ناچارمان بکەن، ژنەکانمان تەڵاق بدەین و ئەوانیش بەسەدان ژن بهێنن و بەهەزاران تومان بەدەست بخەن، خەڵکی ئەمانە هەمووی دەزانن بەڵام ناوێرن و توانای وتنیان نییە، من بەم کارەم توانیم بارێکی قورس لەسەر شانی ئەو خەڵکە لابەرم کە چاوەڕێیان دەکرد. بەڵام لەجیاتی ئەوەی ماوەی (کرمانی) بدەن وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە ڕۆژی ١١/٨/ ١٨٩٦دا لەمەیدانی مەشق لەتاران لەناو دەنگی مۆسیقادا لەسێدارەیان دا[١٥].ئەمە ناوخۆی دەسەڵاتی ئێرانی بوو، بۆ خودی فارسەکان ئیتر ئەبێت چییان بەغەیری نەتەوەی خۆیان لەم نێوەندەدا بە کوردی هەژارو بێ دەرەتان کردبێ لەناو

کوردەکانیشدا بەتایبەتی عەشیرەتی شکاک، کەهەمیشە لەبەرچاوی دەسەڵاتدارانی ئێران جێگای ترس و دڵەڕاوکێ بووە بۆیە هەمیشە لەهەوڵی لێك دابڕانیان بوون، هەوڵیانداوە عەشیرەتی شکاك بەتایبەتی بچووك بکەنەوە.. ئەمەش وای کردووە کە تەنانەت هەندێك جار وا بڵاوەیان پێ کردوون تیرەی وا هەیە تائێستا بەرەبابی خۆی نادۆزێتەوە ،ئەوژمارانەش کە نووسەرە ئێرانیی و ڕووسەکان لێی دەدوێن زۆر لەو ژمارەیە زیاترە.کاك نەوشیروان مستەفا لەکتێبی (کوردو عەجەم)دا کە دێتە سەر مێژووی ئێلی شکاك دەڵێ: (ئێڵی شکاك لەدوای کارەساتی دمدم و جێگیربوونی عەجەم لەڕۆژئاوای گۆمی ورمێ، ڕۆڵێکی دیاری لەڕووداوەکانی ناوچەکەدا دیار نیە. ئێڵی شوقاقی کە بەشێکی ڕاگوێزراوەتەوە بۆ خۆراسان و بەشێکی تری لە ژورووی تەورێزدا ماونەتەوە، لەگەڵ شکاك یەك ئێڵ بوون یان نە ئەمەش دیار نی یە، چونکە هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەو ڕووداوە نەکراوە بۆیەکەمجار کە ناوی ئێڵی شکاك لەڕووداوەکانی ناوچەکەدا بەزەقی هاتۆتە ناوان لەکۆتایی سەدەی دوانزەو سەرەتای سەدەی سیانزەهەمی کۆچی دابووە، ئیسماعیل ئاغای سەر خێڵی شەکەفتی وەکو مەزنی شکاك کەلەکاتی لەشکرکێشیەکانی عەباس میرزای (نائب السلطنة)دابۆ سەر خاکی عوسمانی خزمەتی دیاری کردووە هەروەها لەهێرشەکانی عەجەمدا بۆ تەمێ کردنی ئێڵە کوردی یەکان ئەمیشیان لەگەڵ بوو، ئیسماعیل ئاغاو

شەڕکەرەکانی لەو هێرشە گەورەیەدا کە سوپاکانی ئەفشاری ورمێ و موقەدەمی مەراغە بۆ لەناوبردنی ئێڵی بڵباس لەبناری قەندیل کردیان ساڵی(١٢١٦) هەتاوی ئەم چەرخەچی لەشکرەکەیان بووەو لەو هێرشەدا عەجەم بۆ تەمێ کردنی میری ڕەواندوز بۆ سەر سیدەکان کردیان ساڵی(١٢٣١) هەتاوی ئیسماعیل ئاغاو شەڕکەرەکانی پێشڕەوی لەشکری عەجەم بوون.ئەبێت ئیسماعیل ئاغا تێکەڵاوی زۆری لەگەڵدا پەیدا کردبن چونکە کچی خۆی دا بە فرج الله خانی کوڕە گەورەی عەسکەر خانی بەگلەربەگی ئەفشار .ئیسماعیل ئاغا لەسەر لوتکەی چیای(بنابی نازلو) قەڵایەکی دروستکردبوو.لەو سەردەمەدا ئێران بەگشتی و شوێنەکانی سەر بە ئازەربایجان لەژێر باری گرانی باجی دەوڵەتی دا ئەیان ناڵان. هەم ئەبوایە پارەیەکی زۆر بۆ ڕوسیای براوە لەباتی بژاردنی زەرەری جەنگ کۆبکەنەوەو، هەم شازادەو کاربەدەستەکانی عەجەم ئەیان ویست خۆیان دەوڵەمەند بکەن و زەوی و زاری خەڵك داگیربکەن. دڵسۆزی ئاغا بۆ دەزگای حوکمڕانی عەجەم و بەشداربوونی لەشەڕ و لەشکرکێشیەکانی دا، هەروەها خزمایەتیشی لەگەڵ عەسکەرخان، یەکێك لەهەرە دەسەڵاتدارەکانی ئەو زەمانە، کە هەم لەگفتوگۆکانی ئێرانی– ڕوسی دا وەکو یەکێکی قاجاریش جارێك نێردرابووە پاریس بۆ لای ناپلیۆن ئەویش دادی نەدا لەسەر باج و زەویانە ئیسماعیل ئاغا لەقەڵاکەی خۆی دا ناچاربوو مان بگرێ، بەڵام

عەسکەر خان نە بەکەمەندی تەگبیر نەبەجەنگ و پێکادان، واتە بە تەفرەدان و فرتو فێڵ، توانی ئیسماعیل ئاغا بکوژێ لە (١٣٢٥) ماڵ و دارایی تالآن بکاو، دەست بەسەر گوندو ئەرزەکانیاندا بگرێ و کوڕەکانیشی میرزا ئاغا و عەلی ئاغاو یەحیا بەگ هەڵهاتن، پایەی سەر خێڵیشیان لێ سەندرایەوەو سەرپەرشتی ئێڵەکانیشیان دایە دەست مەزنێکی عەجەم.بەم جۆرە پەیوەندی ئێڵی شکاك لەگەڵ دەزگای دەسەلآتداری عەجەم لەجولآنەوەی شەڕو ئاشتی دا بووە، تاسەر لەسەربارێك ڕانەوەستاوە هەندێ جار لەخزمەتی دەزگای دەوڵەتیدا بوون‌و، هەندێ جار لەدەوڵەت یاخی بوون‌و، بەهۆی ئەوەی مەڵبەندەکەیان سەخت و شاخاوی بووە، کەوتۆتە سەر سنوری عوسمانی، بەئاسانی دەستی عەجەمیان پێ نەگەیشتووە کاتێك لەتارانەوە محەمەد ڕەحیم میرزا زیائەدین الدولە(یەکێك لەکوڕەکانی عباس میرزا) یان نارد بۆ بەڕێوەبردنی خۆی، سەڵماس، ورمێ ١٢٦٥ ئەویش لەوێوە کەوتە گرتنی مەزنەکانی کورد، بەتایبەتی سەرانی زەرزا، کەچووبوون بۆ بەخێرهاتنی، هەر بۆ چاوشکاندنی یاخیانی کورد، عەلی ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغا کەلەسەر باج و زەویانە لەدەوڵەت یاخی بوبو، ڕێگەی نێردراوەکانی عەجەمی نەئەدا باج و موڵکانە لەناوچەکەی کۆبکەنەوە، هێزەکانی عەجەم بەفەوجێکی ئەفشارو چەند عەڕادە تۆپ، لەناوچەی سۆماو برادۆست چوونە سەری، ڕاویان نا

وتالانیان کرد، دواتریش– بیوك خان بەقسەی خۆش هێنایە ورمێ، بەگیراوی ڕەوانەی تارانی کرد، لەجێگەی ئەو میرزا ئاغای برایان کردە سەر خێڵی شەکەفتی، شکاك ئیتر لەحاڵەتی نافەرمانیدا ئەژیان و ئەوەندە بەدناو بوبون، کە هەندێك گەڕۆك پێیان وابوو ئەم ئێڵە پیشەی سەرەکیان ڕاوو ڕووتە نەك بەخێوکردنی ئاژەڵ.عەلی ئاغا لەسەر زەوی و زارو ڕوتکردنەوەی کاروان جاروبار لەگەڵ کاربەدەستان ڕێك و زۆرجار ناکۆك و یاخی بوو .هەندێ جار لەدیوی ئێران ئەبوو هەندێ جار ئەچووە ناو خاکی عوسمانی یەوە.سەرانی ئێڵی شکاك لەڕاپەڕینی ١٢٩٧ی کورددا بەسەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵلا بەشدار نەبوون لەپاش مردنی عەلی ئاغا، محەمەد ئاغای کوڕی بووە سەر خێڵی شکاك، ناوبانگی ئەویش لەهی باوکی باشتر نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستانی ئێرانی بۆ ئەوەی ئەم خێڵە نەوروژێنن، هەندێ لەگوندەکانی سنوریان پێ بەخشی بوون، مظفرالدین شا چوو بۆ سەردانی ئەوروپا، محەمەد علی میرزا نائب السلطنة کە حوکمڕانی تەورێز بوو لەجێگەی ئەو چوو بۆ تاران، ئەمیش نیظام السلطنةی بۆ حوکمڕانی تەورێز لەجێگەی خۆی دانا. هەواڵەکان لەقەفقاسەوە ئەهاتن، وایان ئەگەیاند کە شەڕی دینی لەنێوان موسڵمانو ئەرمەنیەکاندا.دروست بووە نیظام السلطنة مەترسی هەبوو، شەڕ بتەنێتەوە بۆ ناو تەورێز، لەبەرئەوە جەعفەر ئاغای بانگ کرد بۆ تەورێز کە پاراستنی گەڕەکی مەسیحیەکانی پێ بسپێرێ.

جەعفەر ئاغا باوکی لە حکومەت قاچاغ بوون و نەیان ئەوێرا بچن. نیظام السلطنة بۆ ئەوەی جەعفەر ئاغا دڵنیا بکا ،کە نیازی لەبانگ کردنەکەی پاکە، قورئانێکی بۆ مۆرو ئیمزا کردو بۆی نارد، جەعفەر ئاغاش بڕوای پێ کردو لەگەڵ چەند کەسێکی خۆیدا چوونە تەورێز،(نیظام السلطنة)ش پاراستنی گەڕەکی ئەرمەنیەکانی پێ سپاردن و، ئەوانیش بەجل و بەرگی فۆلکلۆری خۆیانەوە بەچەکداری بەناوشاردا ئەسوڕانەوەو. محەمەد علی میرزا لەتارانەوە بەتەلەگراف فەرمانی بە نیظام السلطنة دا. جەعفەر ئاغا بکوژێ، ئەویش ئەنجامدانی ئەم کارەی بە محەمەد حسێن ضرغام سەرکردەی سوارەی قەرەداغ سپارد ضرغام جەعفەر ئاغای بانگ کرد بۆ سەراکەی خۆی و لەوێ کوشتی لە ١٣٢٣ هاوڕێکانی کەبەمەیان زانی بەتەقە لەشار هەڵهاتن و هەر کەسێکیان هاتە سەر ڕێگا کوشتیان. لاشەی جەعفەر ئاغا و دە کوژراوی تریان بۆ تەماشاکردنی گشتی چەند ڕۆژێ لەتەورێز هەڵواسی ئەم ڕووداوە شکاکی وروژاند. محەمەدئاغای باوکی جەعفەر ئاغا سەر لەنوێ لەئێران یاخی بوو، پەنای بردە بابیعالی عوسمانی کە یارمەتی بدەن بۆ شۆڕش و تۆڵەسەندنەوە. بەڵام عوسمانیەکان یارمەتیان نەدا. لەو ماوەیەدا لەئەستەمبوڵ. رضوان پاشای شارەوانی ئەستەمبوڵ کوژرا بنەماڵەی بەدرخان بەمە تاوانبار کران، هەندێکیان گیران و

هەندێکیان دورخرانەوە محەمەد ئاغاش بەفیتی سەفارەتی ئێرانی هەر لەو ماوەیەدا گیراو دورخرایەوە بۆ جزیرەی ڕۆدس تالەوێ مرد[١٦].

هەروەها کاك نەوشیروان لەباسەکەیدا دەڵێ: شکاك لەچاو هەندێ لە ئێڵی کورددا ئێڵێکی گەورەو زۆر نەبوون. سەر ژمێریان بەم جۆرە بوو.

| | | |
|---|---|---|
| لۆرد کیرزن | ساڵی١٨٩٢ | ١٥٠٠خێزان |
| مارتین دابرونه | ساڵی١٩٢٠ | ٢٠٠٠خێزان |
| مسعود کیهان | ساڵی١٩٣٢ | ١٥٠٠خێزان |
| هینری فیلد | ساڵی١٩٣٨ | ١٥٠٠خێزان |

ئێڵی شکاك سەرەڕای بچووکی دابەش ئەبوو بەدوو تایەفەی کاردارو عەبدۆیی

یەکەم تایەفەی کاردار ئەم تایەفەیە ٨تیرەن.

(پز ئاغای کاردار، کەچەڵی، نیعمەتی، مامەدی کاردار، سەکری ئەدمانی، ئەوری، چەرکۆیی).

پز ئاغا لەبرادۆست و کەچەڵی لەبرادۆست وسۆما بوون، تیرەی چەرکۆیی لەچەند گوندێکا بڵاو (٥)تیرەکەی تر لەچەهریق و دەوروبەری سەڵماس بوون

دووەم تایەفە عەبدۆیی. ئەم تایەفەیە ١٣ تیرەن.

دڵان، پز ئاغای عەبدۆیی، دڕی، هەناری، فنك، خلوفا، خدری، بۆتان، نیسان، مامەدی عەبدۆیی، موکری، پاچك، گەوڕك، پز ئاغا، دڕی

هەناری لەبرادۆست. خلوفا، خدری، بۆتان ونیسان لەسۆمای مقڕی و پاچك لەئەنزل، فنك لەسۆمای، مامەدی عەبدۆیی لەچهریق، شپیران لەئەنزل. هەموو تیرەیەك سەرۆكی خۆی هەبوو سەرۆكی هەموو تایەفەی عەبدۆیی و سەر خێڵی هەموو شكاك عەلی ئاغا و دوای ئەو محەمەد ئاغای كوڕی و دوای ئەویش سمكۆ بوو  بە سەرۆكی هەموو تیرەكانی شكاك سەرۆكی تایەفەی كارداریش عومەر خانی شەریفی بوو).لێرەدا ئەگەر بەوردی سەرنج لەنووسینەكەی كاك نەوشیروان بدەین تەنیا وەرگێڕانی كتێبەكەی (ئیرەجی أفشار سیستانی) یە بەناوی مقدمە برشناختا ئیلها چادرنیشینانی طـوائف ایـران . چاپی تهران ساڵی ١٣٦٦. بەپێ نووسینەكانی محەمەد ڕەسوڵ هاوار.لەگەڵ ئەوەشدا نووسەری (كوردو عەجەم) هیچ ڕایەكی خۆی لەسەر ڕاستی و دروستی نووسەرە فارسەكان نەداوەوكاری تەنیاوەرگێڕانەكەبووە.چونكە ئاشكرایە كە نووسەرە عەجەمەكان هەمیشە خوێنی كوردیان بۆخۆیانبەحەڵاڵ زانیوەو ئەگەر كاردانەوەیەكیش لەهەر لایەكەوە هەبوبێت ئەوا دنیایان تێگەیاندووە كە ستەمێكی گەورەیان دەرهەق كراوە، ئیتر بێ گوێدانە ڕاستی ڕووداوەكان. سەبارەت بەخزمایەتی ئیسماعیل خانی گەورە گوایە كچی خۆی داوە بە كوڕی عەسكەر خانی بەگلەربەگی ئەفشار دەڵێم ئیسماعیل خان دوو ژنی هەبووە، ژنی یەكەمی بەناوی (جازێ خانم)ە  كە لەمێژووی شكاكدا ڕۆڵێكی

کۆمەڵایەتی بەرزی هەبووەو سێ کوڕیبووە بەناوی عەلی خان ، حەیا بەگ ،میرزا ئاغا، لەژنی دووەمی هیچ منداڵی نەبووە، بۆئەوەش کە کچی ئیسماعیل خان درابێ بە کوڕی عەسکەر خانی ئەفشار ئەمە وانییە چونکە ئیسماعیل خان تەنها سێ کوڕی هەبووە، کاتێکیش تیرۆرکرا لەساڵی ١٨١٦دا عەشیرەتی شکاك بێ سەرۆك نەمانەوە، بەڵکو جازێ خانمیژنی شوێنی مێردەکەی گرتەوەو دەسەڵاتی نەك کەمی نەکرد بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی لە(ورمێ)وەتا(وان)فراوان بووکەسیشنەیتوانیوەبەرەنگاری بکات، حوکمی جازێ خانم هەندێك دەڵێن ١٣ساڵیخایاندووە و هەندێکی تر لەڕیش سپییانی شکاك دەڵێن ١٨ساڵ بووە، کە کوڕەکانیشی گەورە بوون عەلی خان و حەیا بەگ و میرزا ئاغا کە کاك نەوشیروان یەکێ لە کوڕەکانی بە (یەحیا)ناوی هێناوە بەڵام لە ڕاستیدا (حەیا بەگە). ئیتر دەسەڵات کەوتە دەست عەلی خان. بۆ پەیوەندی ئەم بنەماڵەیە بە ئێرانیەکانەوە تەنها میرزا ئاغابە نهێنی پەیوەندی کردووە کاتێك عەلی خانی برای بەپەیوەندی یەکەی ئەزانێ، خێرا فەرمان دەکات کە میرزا ئاغای برای بگرن و فەرمانی کوشتنی دا بەجۆرێك کە خستیانە ناو (ئاهەك) واتە (قسڵ)وە کە بۆ خانوو دروست کردن بەکاردەهێنرا و ئاویان تێکرد تا لەناو قسڵەکەدا سووتا(١٧). ئەو خزمایەتییەش کە کاك نەوشیروان باسی دەکات، ڕاستی یەکەی ڕەنگە هەر ئەوەبێت کە یەحیا خانی چهریق

خوشكی خۆی بەناوی (ڕەحیمەخانم) مارە بڕیوە لە كوڕە گەورەكەی (ئەرشەد) كە محەمەد پاشای قاجارە (ڕەحیمە خانم)یش چەند لای ماوەتەوە مناڵی نەبووەو بەجوانی سەری ناوەتەوە، یەحیا خان دووبارە خوشكی خۆی بەناوی (خەدیجە خانم) كە بەخەدیجە خانی شكاك ناسراوە مارەی بڕیوە لە محەمەد پاشا هەندێ جار بەمحەمەد میرزاش ناوی هاتووە واتە دوو خوشكی یەحیا خان دراوە بە محەمەد پاشای قاجار، جا لێرەدا پێویستە دوو خاڵ ڕوون بكەینەوە بۆ خوێنەران یەكەمیان: یەحیا خان كوڕی مستفا خانی هەكاری یەو یەكێك بووە لەپیاوە بەتواناكانی عەشیرەتی شكاك. ئەم یەحیا خانە جیاوازە لە حەیا بەگی ئیسماعیل خانی مەزن، دووەمیان محەمەد پاشای قاجار جیاوازە لە گەڵ محەمەد خانی قاجاركەلەساڵی ١٧٩٧ لەسنوری جۆرجیا سادق خانی شكاك لەخێوەتەكەی خۆیدا كوشتی، بۆ ڕاستكردنەوەی ئەو پۆلێن كردنەی هۆزی شكاكیش، كاك نەوشیروان مستەفا لەكتێبەكەیدا ڕیزبەندی تیرەكانی هەردوو لقی هۆزی شكاكی كردووە چ(عەبدۆیی). چ (كاردار) زۆر تێكەڵەو تەنانەت شوێنی نیشتەجێ بوونی تیرەكانیش بەو شێوەیە نی یە. كە ئەتوانم بڵێم. پۆلێن كردن و جیاكردنەوەیان لەیەكتری و شوێنی نیشتەجێ بوونیان و سەرۆكی تیرەكانیش بەم شێوەیە بێت.

# تایەفەی عەبدۆیی

تایەفەی عەبدۆیی . ١٦ تیرەن کەبریتین لەمانە.

١. پس ئاغا/ هەمیشە سەرۆك و گەورەی ئەم تیرەیە بنەماڵەی سمکۆو باوك و باپیری بوون و ناوچەی نیشتەجێیان جونی و گەنگەچین بووە .

٢. کەچەلی/ گەورەی ئەم تیرەیە قادری عومەر زادەی دانیشتوی (گوندەك ماڵا) ی ناوچەی برادۆستی ورمێ یە.

٣. عەتمانی/ سەرۆکی ئەم تیرەیە فەیسەڵ عەتمانی یەو دانیشتوی گوندی (گەرماوەیژ)ی ناوچەی سەڵماسە .

٤. ئێوەری/ گەورەی ئەم تیرەیەش جەمال ئێوەرییەو دانیشتوی گوندی (کایك) لەناوچەی سەڵماس.

٥. شەکەری/ سەرۆکی ئەم تیرەیە قوچو شەکەرییەکەدانیشتوی گوندی (شیوە)ی ناوچەی سەڵماسن.

٦. چەرکۆیی/سەرۆکی ئەم تیرەیە (مامەد کوڕی قولی) دانیشتوی گوندی(ئەلواج)ە لەناوچەی ورمێ .

٧. نیعمەتی/ سەرۆکی ئەم تیرەیە (حاجی محەمەد پور) ی دانیشتوی گوندی دۆستانی سۆمان.

٨. کزنی/ سەرۆکی ئەم تیرەیە گەنجۆ تەلعەت کوڕی محەمەد ئەمین کزنی یە لەگوندی (گەنگەچین)ی ناوچەی برادۆست دەژین

٩. مامەدی عەبدۆیی/ سەرۆکی ئەم تیرەیە (فەهیم)ە و لەگوندی (ئەسلامیك)ی ناوچەی سەڵماس دەژین.

١٠. مەندولەكی/ سەرۆكی ئەم تیرەیە (جهانگیر)ە و دانیشتوی گوندی (بەلەسور)ن لەناوچەی (خۆی)ن.
١١. شەوەلی. بەهۆی ژن وژنخوازییەوە لەناو تیرەكانی تردا تواونەتەوە.
١٢. شەكەفتی/ سەرۆكی ئەم تیرەیە لەكۆندا ئیسماعیل ئاغای مەزن بووە.
١٣. موكری/ ئەم تیرەیە لەناوچەی ئەنزل نیشتەجێن.
١٤. پاچك/ لەناوچەی ئەنزل نیشتەجێن.
١٥. شپیران/ لەناوچەی ئەنزل ئەم تیرەیە دەژین.
١٦. گەرگەری/ لەناوچەی موسڵ ناحیەی زومارو عەیازییە (ئاڤگەنی) نیشتەجێن.

# تایەفەی کاردار

تایەفەی کاردار ١٠تیرەن

١. پس ئاغای کاردار/ هەمیشە بنەماڵەی سمایلی حەسی سەرکردایەتی ئەم تیرەیەی کردووە، نیشتەجێی گوندی (هووەسن)ن.

٢. نیسانی/ سەرۆکی ئەم تیرەیە (حاجی ئیرەج) ە و دانیشتوی گوندی (گومبەت)ن.

٣. خدری/ سەرۆکی ئەم تیرەیە عیسی بەشیریەو دانیشتوی گوندی (سیناوا)ن.

٤. خەلوفی/ سەرۆکی ئەم تیرەیە (مرادی کوڕی محی)یەو دانیشتوی گوندی(بێردوك)ن.

٥. دەلان/ سەرۆکی ئەم تیرەیە قادری کوڕی عومەر خانی شکاکەو لەناوچەی ورمێ نیشتەجێن.

٦. فەنەك/ سەرۆکی ئەم تیرەیەش (عەباسی تەمەر)ە

٧. مامەدی کاردار/ سەرۆکی ئەم تیرەیە( حاجی قوتاز )ە

٨. دڕی/ جیهانگیری حەسەن تێلو سەرۆکیانەو لەگوندی سیرۆ دادەنیشن.

٩. هەنارە/ سەرۆکی ئەم تیرەیە حاجی سامی یە لەناوچەی ورمێ دەژین.

١٠. گەورك / یوسف خەڵکی گوندی (سپیدەرە) سەرکردایەتیان دەکات .

# گەرگەری

وەکو باسمان کرد گەرگەری یەکان تیرەیەکن لەتیرەکانی شکاك ،سەر بەلقی عەبدۆییەکانن ،مالّی جەلود ئاغاسەرکردایەتیان دەکەن لەدەوروبەری موسلّ دەژین ئەم تیرەیە مێژوویەکی کۆنیان هەیە لەناوچەکانی زوممارو عەیازییە (ئاڤگەنی) (عەیازیە) ناوێکی تازەیە لە جیاتی(ئاڤگەنی) بەواتای ئاوی بۆگەن، بەلاّم عەرەبەکان وەکو پیشەی هەمیشەیی یان ناوی (عەیازیە)یان بەسەر ئەو شارۆچکەیەدا بڕیوە، ئەمەش بۆ سڕینەوەی ناوە کوردیەکەیەتی وەك شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان. نمونەش بۆئەمە کەرکوك کرا بە (تأمیم)و قەرەهەنجیر کرا بە ناحیەی رەبیع وشارەبانیش بە(مقدادیە)هتد...

مێژووی تیرەی گەرگەری کۆنە لەو ناوچەیەدا وهەندێك لەمێژوونوسانجەنگاوەرە کوردەکانی هاوڕێ ی سەلاحەدینی ئەیوبی بەکوردەکانی دەوری موسلّی دەزانن، بۆیە هەموو ڕایان وایە لەڕۆژهەلاّتی ئەو شارەدا نیشتەجێبن. کە خۆیان وەك ڕیش سپی و ئەوانەی زیاتر بەدوای نەژادی خۆیاندا دەگەڕێن بۆیە باسی چوار سەد سالّ بەر لەئێستا دەکەن کە بەسەر هاتەکان دەماو دەم کەوتۆتەوەو ماوەتەوەو بەشانازیەوە قسەی لەسەر دەکەن، لەسەرو ئەمانەشەوە کوردبوون و پابەندبوون بەکوردایەتی یەوە لەناو ئەوەشدا پەیوەست

بوونی بەعەشیرەتی شکاکەوە، وەك شانازییەك باس دەکەن ئەم تیرەیە مێژوویەکی دورو درێژی هەیە لەململانێ لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکانی دراوسێ یان، جگە لەوەش مل نەدان لەفەرهەنگی ئەم تیرەیەدا جێگای خۆی گرتوووە.گەرگەری دابەش بوون بەسەر(٢٥) گونددا جگە لەوەش زیاتر لە ٢٠٠ماڵیان لە زوممااردا نیشتەجێن هەروەها ١٥٠–٢٠٠ماڵیان لە کۆمەڵگەی (دومیز، عین زالە)دا دەژین ژمارەیەکی زۆریشیان لەناو شاری موسڵدا دەژین. لەقەزای تەلەعفەریش گەڕەکێکی گەورە هەیە بەناوی (گەڕەکی گەرگەری) گوندەکانیشی بریتین لەم گوندانە:

١. گوندی گرڤر

٢. گوندی گربەقل

٣. گوندی کەرێز(کارێز)

٤. گوندی تەل موس

٥. گوندی کانی شیرین ژورو(سەرو)

٦. گوندی کانی شیرین ژێر(خواروو)

٧. گوندی جصە

٨. گوندی گەرگامیش

٩. گوندی گوبانی

١٠. گوندی حگنە

١١. گوندی قەسر سیریج.

١٢. گوندی بیرەك .
١٣. گوندی کرشی یەك
١٤. گوندی محوردك
١٥. گوندی سەحل حەمەد
١٦. گوندی تەل خدر
١٧. گوندی وادی شور
١٨. گوندی حەمۆ گلۆ
١٩. گوندی شکاك
٢٠. گوندی کەرشی دوو
٢١. گوندی کەرشی سێ
٢٢. گوندی کەرشی چوار
٢٣. گوندی سەحوان
٢٤. گوندی خەربت سەعدون
٢٥. گوندی کسیر

سەرۆکی ئەم تیرەیە بەناوی (جەلود ئاغای‌کوڕی سلێمان ئەحمەدی‌سەعدون نوح عزامی حسین محمد نوحی علی ئیسماعیل)ە.

جەلود ئاغا لەدایك بووی ساڵی ١٩١٤یەولە ئێستادا کۆچی دوایی کردووە وشێخ نایف جەلود ئاغاسەرۆکایەتی ئەم تیرەیە دەکات و دانیشتووی موسڵە.

**(بنەماڵەی گەرگەری یەکان)**

١. بنەماڵەی سەعدون: لەگوندی گەرگامیش و حوکنە نیشتەجێن.

٢. بنەماڵەی برو: لەگوندی (گرمژ)ن و سەرۆکی ئەم بنەماڵەیە ئیبراهم محەمەد حاجی قادرەو لەئێستا دا محەمەدی کوڕی لەشوێنی باوکییەتی.

٣. بنەماڵەی قولمان: لەگوندی تەل موس نیشتەجێن و سەرۆکیان محەمەد عەزیز سلێمانە.

٤. بنەماڵەی بوداخ:

٥. بنەماڵەی کفران: لەهەردوو گوندی کانی شیرینی خواروون ،سەرۆکی ئەم بنەماڵەیە (سلێمان ئەسعەد)ە

٦. بنەماڵەی ئومەریان: لەگوندی گربەقل نیشتەجێن و ماڵی حەمکۆ سەرۆکیانن.

٧. بنەماڵەی بەرخو: لەگوندی قەسر سیریج نیشتەجێن

٨. بنەماڵەی سادان: دابەشبوون بەسەر زۆر لەگوندەکانی تری گەرگەری دا.

٩. بنەماڵەی زەری: لەگوندی (کەرێز. کارێز) نیشتەجێن و سەرۆکی ئەم بنەماڵەیە (حەسەن فارس)ە و ئێستا مەرعی کوڕی لەجێگای باوکیەتی.

١٠. بنەماڵەی خاروف

١١. بنەماڵەی ماهمدکان: لەگوندی کارێز و شاری موسڵ نیشتەجێن ئەمانیش حەسەن فارس سەرۆکیان بووە.

١٢. بنەماڵەی پاڵویان.

١٣. بنەماڵەی بو فکان: ئەمانە ژمارەیەکی کەمن و دابەشبوون بەسەر گوندەکانی تردا.

١٤. بنەماڵەی قوبۆ: لەگوندی (حوگنە) نیشتەجێن.

لەمێژووی ئەم تیرەیەدا گەلێك جارتووشی شەڕو شۆڕبوون لەگەڵ عەشیرەتەکانتردا ،لەسەردەمی عوسمانییەکاندا عەشیرەتی شەمەرو گەرگەری یەکان شەڕ دەکەوێتە نێوانیان لەو سەردەمەدا. نوح ئاغا سەرکردایەتی گەرگەریەکانی کردووە کە پیاوێکی ئازاو بەتوانا بووە. شەمەرەکان هەوڵ ئەدەن بەهەر شێوەیەك بووە نوح ئاغا بکوژن، جارێك نوح ئاغا لەنێوان شەنگال و تەلەعفەر لەسەر گردێك دا ئەنیشێ و چەکدارەکانی کەلەگەڵیابوون ژمارەیان(٤٠)چەکداربووە. شەمەرەکان لەڕێگەی کەسێکی خۆیانەوە ئەوهەواڵەیان پێدەگات دوای ئەوەی هێزێکی زۆر دێنن و چوار دەوریان دەگرن ،دوای شەڕێکی سەخت نوح ئاغاو پاشماوەی جەنگاوەرەکانی کە ئابلۆقەدرابوون دەگیرێن، شەمەرەکان هەواڵی نوح ئاغا دەپرسن یەکێك لە هاوڕێکانی نوح ئاغا دەڵێ منم نوح ئاغا بەمەش دەیەوێ نوح ئاغا بزر بکات، بەڵام یەکێك لەشەمەرەکان دەڵێ ئەوە ئەو نییە، من نوح ئاغا دەناسم. ئیتر

لەناویاندا نوح ئاغا دەست نیشان دەکات،  پاشان نوح ئاغا سەر دەبڕن و جەرگ و دڵی دەرئەهێنن و دەیبەن و دەڕۆن. دوایی  لەناو خۆیاندا جەرگ و دڵی نوح ئاغا لەت لەت دەکەن و هەر کەسێکیان تۆزێکی لێ دەبەنەوە بۆ ژنەکانیان تا بیخۆن. بەبڕوای ئەوان ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە ژنەکانیان منالّیان ببێ وەك نوح ئاغا ئازاو بەتوانابێت..!جارێکی تر(حاول) ناوێك کە گەرگەری بوو خەڵکی گوندی کانی شیرینی ژوورو بووە چەند کەسێکی لەعەرەبەکانی عەشیرەتی (حەدیدی)کوشتبوو. بۆیە عەرەبەکان لەشکریان هێنابووە سەر گوندی کانی شیرینی ژوورو. لەو کاتەدا خەڵکی گوندی (کسیر) کە دوژمنی (حاول )بوون هاتن بە دەنگ کەسوکاری(حاول)ەوە وتیان هەرچەندە ئێوە دوژمنمانن بەڵام ئێمە واز لەدوژمنایەتیەکەمان دەهێنین و دژ بەعەرەبەکان هاوکاریتان دەکەین . ئەمەش هەڵوێستێکی کوردانە وجوان مەردانەبووە. ئەم تیرەیەگەلێك کەسی بەتواناو ناوداریان تیادا هەڵکەوتووەچلەسەردەمی پاشایەتی پێشوودا و چ ئەم سەردەمەی ئێستا،یەکێك لەوانە محەمەد حاجی قادری ئەندامی کۆمەڵەی (عەهد)بووە لەموسڵ  کە یەکێك بووە لەو کەسانەی کە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەشۆڕشی ساڵی ١٩٢٠لەناوچەی تەلەعفەرو زومماردا لەزوتریشدا عوسمانیەکان نازناوی (پاشا)یان داوەتێ کاتێك عوسمانیەکان داوای ٣٠٠کەسی چەکداریان لێ کردووە ئەویش (٣)کەسی بۆ ناردوون ووتی

هەر گەرگەری یەك بەرامبەر بە (١٠٠)كەس لەشەڕدا توانای هەیە.لەسەردەمی نوێشدا کەسانی هەڵکەوتوویان هەبووە وەك شەهید ئیبراهیم عەزۆو موحسین سەعدونی ئەندامی پەرلەمانی عێراق و سەبهان سلێمان صلۆبی ئەندامی هەمان پەرلەمانی عێراق*ناساندنی ئەم تیرەیەش تەنیا بۆ زیندووکردنەوەی گیانی برایەتیی یە لەنێوان شکاکەکاندا وهیچی تر.هەروەهاگەڕان بە دوای سەرچاوە و زانیاری تازەدابەردەوامە.

..................................................................

*ئەم زانیاریانەم لە بەڕێز مامۆستا عومەر عەزۆ کەسایەتی ناسراوی ناو عەشیرەتی گەرگەری وەرگرتووە لە چاوپێکەوتنێکدا لە ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/٢٨ لە شاری سلێمانی .

بەپێی نوسینەکانی مامۆستا سەید کەمالی ئیبراهیمی کە هێمای بۆ یەکێك لەسەرچاوە مێژووییەکان کردووە، دەربارەی عەشیرەتی شکاك، ئەو سەرچاوەیەش (ساختا و سازمان و معیشت عشایر ازربایجان غربی)کەنوسەرەکەی (ئیبراهیم ئەسکندەر نیا)یە و لەلاپەڕە ١٧ی کتێبەکەیبەناوی (سمکۆ )دەڵێ: (عەشیرەتی شکاك ناوچەی ئەسڵی و بنەڕەتی شوێنی ژیانیان ئەنادۆڵ بووە کەلەڕۆژگاری زۆر کۆنەوە بۆ ناوچەی ئازەربایجانی ئەمڕۆ هاتوون. تیرە جیاوازەکانی ئەم عەشیرەتەش، کوردی ڕەسەنی سونی مەزهەبن)[١٨] . ڕای خۆشی دەرئەبڕێت و ئەڵێ: ئەوەی گرنگە ئەمانە کوردن و نیشتەجێی ئەنادۆڵ یان کەرکوك یان کرماشان بن بۆ ئێمە گرنگ نیە گرنگئەوەیە ، کەبزوتنەوەی عەشیرەتی شکاك بزوتنەوەیەکی کوردانەبووەو کوردبوون. لەسەرچاوەیەکی دیکەدا بەو شێوەیە هاتووە(لەبەردەنوسەکانی ئاشوری دا وا هەڵسەنگاندن کراوە کەلەسەدەکانی (٨–٩)ی بەرلە زایین ناوچەی خۆی تا قوتور ومەرەند، ناوی(سانگی بۆتۆ) بووەکە بەشێکی لەژێر دەسەڵاتی ئۆرارتۆدا بووە( ١٩). ئەمە بەڵگەیەکی دیکەیە کە ئەو ناوچەیە، ناوچەیەکی ئاوەدان بووە لەسەردەمی کۆندا خەڵکی لێ نیشتەجێ بوون و بەشێك بووە لەوڵاتی (ئۆرارتۆ).کەبەردەوام لەگەڵ ئاشوری یەکاندا لەشەڕدابوونلە یەکێك لەنوسراوەکانی سارگۆن(٧١٦پ.ز)وا هاتووە: ئاشوری یەکان

هەروەکو کردبویانە پیشەی خۆیان ئاواییەکانیانسوتاندونو تالآنیان کردوون. ئینجا لەگەردنەی قوتورەوە چونەتە ناو خاکی ئەسڵی ئۆرارتۆوە. ئەو ناوچەیە بەردەوام شوێنی شەڕ بووە و دەستکەوتی گەلانی زاگرۆسیش هەر ماڵ وێرانی و کاولکاری بووە( کوندور) شێوەی کۆنی وشەی قوتوری ناوچەی شکاکەکانە .ئەم وشەیەش بەناوچەیەکی جوگرافی دەگوترێ .ئەم ناوە لە ناوی خواوەندی کوندەرەوە هاتووە، شاری کوندەر لەسەر دێڕی شارێکی مادی لەبەردە تاشراوەکانی بێستون بەزمانی ئیلامی نوسراوەو بەشێوەی کونتاروش کوندراو هاتووە[٢٠].دیارەبەپێی مێژووی کۆن زۆر دەسەڵات لەناوچە جیاوازەکانی وڵاتی کوردستان دا دروستبوون کەبەشێکی کوردی یە بەڵام زۆربەی شوێنەکانی وڵاتی کوردستان ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووە، بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی میللەتی کورد وگەلانی زاگرۆس لەهەزاران ساڵی ڕابردوودا .شکاکلەلێکدانەوەی ماناکەیدا بەواتای (شاه–کاك) بەسەریەکەوە هەمووی بەمانای پیاوی گەورە یان برای گەورەدێت( ٢١). ئەم عەشیرەتە بەدرێژایی مێژوویان لەو ناوچەیەدا ژیاون و بەشێکیان بەمەڕومالآت بەخێوکردنەوە خەریك بوون و ژیانیان لەسەری دابینکردووە، بەشێکی تریشیان لەشارو گوندەکاندا ژیانیان گوزەراندووەدوای بەستنی سنور بەڵام تێکەڵاوی و پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکەیانبەهێزەکە ناتوانرێت بەئاسانی تیرەکانیان

لەیەكدی جیابكرێنەوە. هەموو گوێڕایەڵییان بۆ ڕیش سپییان هەیەو پابەندن بەڕێكارە عەشایەری یەكانەوە. لەهەموو سەردەمەكاندا بەوە ناسراون ،كە سەرسەختن بەرامبەر بە داگیركەرانی كوردستان و لەم ڕوانگەیەوە مێژووی كۆنی كورد گەواهی ئەو ڕاستیەن ،ئەمەش ئەوە دەرئەخات، كە شكاك قورسایی خۆیان هەیەو دوژمنان مامەڵەی تایبەتییان لەگەڵدا دەكەن.هەربۆیەش لەشكری شكاك هەمیشە پۆشتەو پەرداخ بوون، بەپێچەوانەی سوپای قاجارەكان كە(دیوید خەكداول) لەكتێبی قاجاریەكان و كوردەكان كە فتاحی كاویان وەری گێڕاوە ،دەڵێ: قاجاری یەكان هەرگیز نەیانتوانیووە سوپایەكی ڕێك و پێك دابمەزرێنن، سوپایەك كە پێویستە لەشكری تاڵانچیەكانی عەشیرەتەكانلەناوبەرێ).ئەمەش بەڵگەی ئەوەیەكە كوردەكان هەمیشە سازتربوون لەگشت ڕوویەكی حوكمداری یەوە ئیتر ئەمانە چ پێویستی كردووە خۆیان بەكەمتر بزانن لەعەجەمەكان. ئەگەر لەهەر ناوچەیەكی ئێراندا عەجەم خاوەنی دەسەلاتی رەها بووبێ لەناوچەكانی شكاكدا كزو و داماو بوون، بۆیە هەموو كاتێك لەشكركێشییان بۆ سەر شكاك كردووە و فێڵ و تەڵەكەیان بەرامبەر كردوون كەلەمەدا خاوەنی مێژوویەكی كۆنن هەروەك تیرۆركردنی ئیسماعیل خان لەساڵی ١٨١٦دا دوای تیرۆركردنی ئیسماعیل خان ئەو پڕوپاگەندانە پوچەڵ بۆوە كە ئەم هاوكار بوبێ لەگەڵ قاجارەكاندا بەڵكو مل نەدان بەدوژمنان كارێكی وای كردوە

هەوڵی تیرۆرکردن و غافلّ کوژی بدەن، هیچ نەتەوەیەك وەکو کوردیش قاجارەکانی نەناسیوە چونکە مێژوویەکی پێشوتریان پێکەوە بەڕێ کردووە ، هەر لەو سەردەمەی محەمەد خانی قاجاردا کەهاتە ناو گۆڕەپانی ململانێکانی سەردەمەکەوە ئەگەر هاوکاری سادق خانی شکاك نەبوایە هەرگیز نەیان ئەتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنن. (قاجار)یش عەشیرەتێك بوون، لە (ئەستر ئاباد)یباشوری گۆمی (کاسپیەن) ژیاون.بەڵام کاتێك لەگەڵ سادق خانی شکاك ڕێکەوتن لەسەر لابردنی کەریم خانی زەند کە فەرمانڕەوای ئێران بوو. کەلەوساتەدا چەقی قورسای دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی کەریم خان لەشاری شیرازو کرمان دا بوو، بەهۆی ئەوەی لەڕۆژهەڵاتەوە هۆزە ئەفغانیەکان و لەباکورەوە قاجارو لە باکوری ڕۆژئاواوە شکاکەکان دەسەڵاتی کەریم خانیان بەرتەسك کردبۆوە. ئەوەبوو لەساڵی ١٧٧٩دا کۆتایی یان هێنا بەدەسەڵاتی بنەماڵەی کەریم خان کە لوتف علی خانی دواپاشا سەرکردایەتی دەکرد ئەوەی لەدەسەڵاتی محەمەد خاندا بوولەکاری خراپە و کوشتن و بڕین درێغییان نەکردو چاوی هەزاران کەسیان هەڵکۆڵی و ژن و کچەکانیان دابەش کردن بەسەر سوپاکەی خۆیاندابەتایبەتی خەڵکی کرمان بەبیانوی ئەوەی هاوکاری لوتف علی خانی زەندیان کردووەو گۆڕی کەریم خانیشیان دەرهێناو بردیان بۆ تاران لەبەردەم کۆشکەکەیدا لەژێر قاڵدرمەکاندا شاردیانەوە تا ڕۆژانە

بەسەر گۆڕەکەیدا بڕوات و سوکایەتی پیٚ بکات.کاك ئەحمەدی شەریفی دەربارەی شکاك دەڵیٚ: شکاکەکان تاقمێك بوون لەکورد کە زمانەکەیان تێکەڵە لەزمانی (دڕی) و (ئازەری) . کوردەکانی موکریان، بەتایبەتی مەنگوڕەکان کەبەزمانی کوردی ڕەسەن قسە دەکەن، لەگفتوگۆکانیاندا لەگەڵ شکاك بەئاسانی لەیەکتر نەدەگەیشتن، بەڵام لەبەرئەوەی هەردوولایان (سوننی)مەزهەب بوون و لەنەژادی کورد بوون لەبەرئەوە لەدڵ و دەرونیاندا، یەك ئامانجیان هەبووە و بۆیەك مەبەست تێکۆشاون و لەناو شکاکیدا تیرەیەك هەیە کەناوی (پساقار پساکا) کە خۆیان بەنەوەی ئەو شۆڕشگێڕانە ئەزانن، کە هاوکاری سەلاحەدینی ئەیوبی بوون لەشەڕی خاچەکاندا ، کەلەلایەن سەلاحەدینەوە سەرکردایەتی بەوان درابوو(٢٢).دەربارەی ئەو تیرەیەی کە بەدوای بانگەوازەکەی سەلاحەدینی ئەیوبی دا ڕۆیشتوون کە هەزاران لاوی زیاتر کەمەندکێش کردووە بەناوی ڕزگارکردنی (بیت المقدس)کە لەپێشوتردا باسمان کرد ئەو تیرەیە سەربە پس ئاغای عەبدۆیی یە کە ڕاستەوخۆ بنەماڵەی سمکۆ سەرکردایەتیانکردووە و پێکهاتوون لەکەسە نزیکەکانی بنەماڵەی خان کە تا ئێستاش نەوەکانیان بەشانازی یەو باسی بەشداری باپیرانیان لەهاوکاری کردنی سەلاحەدینی ئەیوبی دا دەکەن بۆ ڕزگارکردنی (بیت المقدس) .حەکیموڵلای تەوحیدی کە نووسەرێکی عەجەمە لەبارەی شکاکەوە دەڵیٚ: عەشیرەتی شکاك هەروەکو خێڵی

میلان هاوشێوەن کە لەگەڵیانا خزمایەتیشیان هەیە و بە بنەچەی ئەوان دەژمێردرێن . هۆزەکانی شکاك بەشێوەیەکی گشتی لەناوچەی (چاریێ و شیران و شینتاڵ و کردیان وکوێرە سوننی و سوماو برادۆست و مەرحەمەت ئاوا و دۆڵو شارویران . لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوادا بڵاوبونەتەوە)[٢٣]. ئەگەر بەوردی سەیری نوسینەکانی ناوبراو بکەین کە بابەتەکانی تەواو تێکەڵ کردووە بەتایبەتی لەناوهێنانی تیرەکانی شکاکدا کە تیرەی (بالکانلو) لەناویاندا لەهەردوو لقەکەی شکاکدا لەو جۆرە ناوەی تیادا نابینرێ ڕەنگە لە گوێزانەوەی ناوەکاندا هەڵەی دروستکردبێ کەنەمانزانی لەکام سەرچاوە وەریگرتووە، مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاواریش لە وەڵامدانەوەی تەوەحودی دا لەتایەفەی عەبدۆییدا ناوی پس ئاغای هێناوەو لەکارداریشدا هەمان ناو دووبارەبۆتەوە، ڕەنگە مامۆستا هاواریش ئاگادار نەبێت لەوەی پس ئاغا لەهەردوو لقەکەی شکاکدا هەیە، هەمان نووسەر تیایدا لقێکی زیادکردووە بەناوی مامەدین و چوار تایەفەی نوسیوە کە گوماناوین و مامەدیش وەکو لقێکی سەربەخۆ لەناو ئەو عەشیرەتەدا نابینرێ کە تەنها تیرەیەکە لەکاردار، بۆیە ئەگەر سەیری هەموو تیرەکانی شکاك بکەین دەبینین کە هێندە خزمایەتییان لەژن و ژنخوازییەوە هەیە و ئەستەمە بەئاسانی بتوانرێ لەیەکتری جیابکرێنەوە، بۆ نموونە مامەدی لەهەردوو لقەکەی شکاك دا ناوی هاتووەو وەکو مامەدی عەبدۆیی و

مامەدی کاردار، هەندێکیش بنەماڵە هەن کە ژمارەیان بەرەو هەڵکشان دەڕوات ئیتر ناوی تیرەیەك لەخۆیان دەنێن بەڵام ئەمانە ناچنەوە ناو خانەی تیرەوە بەڵکو هەروەك بنەماڵە دەمێننەوە جگە لەوەش هەر لەکۆنەوە هۆزی شکاك بەتەنها نەبووە هەمیشە وەك فدراکسیۆنێك بینراون. ئەو عەشیرەتانەی دەوروبەریان لەهەموو ناخۆشیەکدا لەگەڵیانا بوون وەکو عەشیرەتی میراودەلی سورچی، هەرکی، خەیلانی و مامەش. مارتن ڤان برۆنسن ئەڵێ:وەکو (کی.لان) باسی هۆزی هەنارە دەکات کە وتویەتی ئەم هۆزە لە سایەی  شکاکدا ئەژیان و شوێنی مەڕەکانیان ئەبوایە لەلایەن شکاکەوە پەسەندبکرایە، ئەمانە بەدوای شەڕو کوشتاردا نەدەگەڕان، بەڵکو بەزۆری خەریکی بازرگانیی و مەڕو ماڵات داری بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار شکاکەکان هانیان ئەدان و ناچاریان ئەکردن کە بەشداری شەڕ بکەن و زۆر جاریش عەشایەری ناحەزیان لێ هان ئەدان. مارتن دەڵێ: کاتێك(بلاو) لەساڵی ١٩٥٧دا چاوی بەناوچەکە کەوتبوو هێشتا هۆزی هەنارە هەروەکو دەڵێ هۆزێکی جیاواز لەشکاکەکانهاتۆتە بەرچاو، تەنها هەر ئەوەیان لەنێواندا هەبووە کە دراوسێی یەکتربوون. لەو لیستانەی کە دەربارەی عەشیرەتەکان ئامادەکرابوون عەشیرەتی هەنارەیە بە بەشێك لە عەشیرەتی شکاك حسابی بۆ کراوە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی واش بەدەستەوە بووبێت لەکاتی ئامادەکردنی ئەو لیستانەدا کە ئەمانە وا حسابیان بۆ کرابێت کە

پلەیەك لەخوار شكاكەوە بووبن، كەچی (مامەدی) كەلەسەرەتای سەدەی بیستەمدا یەكێك بووە لەهۆزە سەرەكیەكانی شكاك لەساڵی ١٨٥٧بەهۆزی كۆچەری سەربەخۆ دەژمێردران كەئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە شكاكەكان لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بە كۆنفیدراسیونەی ئێستایان بوون بەڵام لە كۆنفیدراسیۆنەكانی تردا دیارە بەرەو نەمان چوون.حەسەن ئەرفەع لەكتێبەكەیدا بەناوی (كوردەكان) دەڵێ: دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵالەساڵی ١٨٨٠ئیتر بزوتنەوەیەكی گرنگ كە مەبەستی سەربەخۆیی یان تەنانەت خود موختاری بێت، لەكوردستانی ئێراندا ڕووی نەدا، بزوتنەوەكانی جارجارە و بچڕ بچڕی خێڵی گەڵباخی لە كوردستانی ئێرانداڕوخساری شەڕی ناوخۆیی و عەشیرەتی و دزی و تاڵانی بووە، بەتەنیا لەلایەن هۆزێكەوە هەڵگیرساوەو شوێنی لەسەر قەوارەی گشتی پارێزگای كوردستان نەبووە.لەماوەی شەڕی یەكەمی جیهانی دا، بزوتنەوەیەكی گرنگ لەهەرێمی ئازەربایجان ڕوویداوە و سمایل ئاغای سەرۆكی بەهەیبەت و بەدەسەڵاتی هۆزی شكاك، لەبەر كەسایەتی بەرزی و ئازایەتی بەبێ بەزەیی، لەنێوان هۆزەكاندا بەشەڕ كەرێكی بێهاوتا، ناوبانگی دەركردو لەباكوری شاری (خۆی) تا نزیكی شارەكانی سەقزو بانە خاوەن هێزو دەسەڵات بووە. سمایل ئاغا كوڕی محەمەد ئاغای شكاك بوو، ژمارەی ئەندامانی هۆزەكەیان لەساڵی ١٩٢٠دا، گەیشتۆتە دوو هەزار خێزان و

ئێستا بۆتە چوار هەزار، ئەو هۆزە لەدوو لق پێك هاتووە عەبدۆیی کەلەنزیك (چهریق)لەرۆژئاوای سەڵماس نیشتەجێ بوون و سمایل ئاغا ڕاستەوخۆ سەرۆکایەتی دەکردن و (مەمدودی) مەبەستی ئەرفەع (مامەدی یە) (نوسەر) کە لەژێر فەرمانی عومەر خانی مامی ئیسماعیل ئاغادا بوون، بەڵام هەردوو لقەکە سمایل ئاغایان بەسەرۆکی باڵای خۆیان زانیوە. ئەو هۆزە لەڕابردوودا هەندێك جار ئاشتی خوازو هەندێك جاریش یاخی و سەربزێو بوو، جەعفەر ئاغا کە کوڕی گەورەی (محەمەد ئاغای نەجدی)بووەبۆتە هۆی دروستبوونی گیروگرفت لەپارێزگای ئازەربایجان (نیزامولسەڵتەنە) حاکمی تەورێز کەسەر بەهۆزی(قەرەچداغ)بوو بڕیاری دا بەهەر شێوەیەك بێت و بۆی بلوێ خۆی لەچنگ جەعفەر ئاغا ڕزگاربکات، بەم مەبەستە داوای لە جەعفەر ئاغا کرد، کەلەگەڵ ژمارەیەك لە سوارەکانی بێتە تەورێز و هاوکاری بکات، لەهێمن کردنەوەی تەورێز ، کەبەهۆی شۆڕشی ١٩٠٥ی ڕوسیا، ئازەربایجان و قەفقاس توشی قەیران بوو بوون و ڕۆژانە لەنێوان گروپەکانی ئەرمەن و قەفقاسی دانیشتوانی تەورێز کوشتارو پێکدادان ڕووی دەدا، چەند ڕۆژ دوای چوونی جەعفەر ئاغانیزام لسەڵتەنە داوای لێ کرد جەعفەر ئاغا دیدەنی بکات لە پیلانێکدا کەچەند نۆکەری خۆی لەپشت پەردەی هۆدەکە شاردبۆوە، پەلاماریان داو بە هێزی خەنجەر کوشتیان لە ساڵی (١٩٠٧)دا ئەو کردەوە ناجوامێرانەی حکومەتی

تەورێزیش بۆ ترساندنی هۆزی شکاك، ئەوانی پتر توڕەو سەربزێوتر کرد.ناوچەی ڕۆژئاوای گۆلی ورمیٚ دابەشە بە دوو بەشەوەو دانیشتوانەکەی لە ئازەری شیعەو ئاسوری پێك هاتووە سێ لەچواری ئەوانەش موسڵمانن و یەك لەچواریشی مەسیحین، نزیکەی (١٦٠) گوندی دەشتەکانی باکوری سەڵماس و لای سەرووی باشوری ورمیٚ کە ناوچەیەکی شاخاوی یە نزیکەی (٣٠٠) گوندی لیٚ یە بەتێکڕایی دانیشتوانیان کوردن. هەروەها زۆربەی دانیشتوانی دەوروبەری (ورمیٚ)ش کوردن و شاری ورمیٚ زیاتر تورك نشینەو ژمارەیەکی کەمیش ئاسوری لیٚ یە). جا لێرەدا ئەگەر خوێندنەوەیەکی دروست بۆ نووسینەکانی حەسەن ئەرفەع بکەین کە نووسەرو ئەفسەری ناسراوی سەردەمی سمکۆ بووەو لەزۆربەی شەڕەکانی دژ بەسمکۆدا بەشداربووە وەکو فەرماندەی (فەوج) حەسەن ئەرفەع کە برای (ئیبراهیم ئەرفەع)ە و ئەویش پلەی سەربازی گەورەتری لە حەسەنی برایبووە و ناسراوە بەوەی کە وەك فەرماندەیەکی بەئەزموون توانیویەتی شۆڕشی جەنگەڵیەکان، لەناوچەی ڕەشت و گەیلان بەسەرکردایەتی میرزا کوچك کۆتایی پیٚ بهێنیٚ و باوکیشیان لەکاتی خۆیدا باڵوێزی ئێران بووە لەفەڕەنسا و هاوڕێی شەریف پاشای خەندان بووە، کە دۆستایەتی بەهێز لە نێوانیاندا بووە.لەم سۆنگەیەوە کوردەکانیان باش ناسیوە و هەمیشە بەڕێزەوە باسی شەریف پاشایان کردووە بۆیە ئەتوانین بڵێین

حەسەن ئەرفەع تائاستێکی باش نووسینەکانی بەباشی نووسیوە بەدەر لەنووسەرەکانی تری عەجەم کەبەڕاست و چەپدا سەرو گوێلاکی کوردیانکوتاوەتەوە و زۆر بێ ویژدانانە ژەهری خۆیان بەسەر ڕووداوەکاندا کردووە دژی کورد.ئەرفەع کە دێتە سەر باسی ژمارەی خێزانە شکاکەکان بەپێی هەندێك سەرچاوەکەلەوانەی دەستی کەوتووە وەکو (لوردکیرزن، مارتن ڤان برونسون، مەسعود کەیهان و هنری فیلد) بەڵام ئەمەش مانای ئەوەناگەیەنێت کە هەڵەی تیادا نەبێت ئەو ژمارانەی کە دەڵێ شکاك ئێستا چوار هەزار خێزانن مەبەستی ساڵی (١٩٦٦)کاتی نووسینی کتێبەکەیەتی.هەڵەیەکی تری نووسینەکانی ئەرفەع ئەوەیە کە لقێکی لە شکاك ناوناوە (حمدودی) کەئەمەش هەڵەیەکی ترەو ڕاستی یەکەی (مامەدی)یە کە تیرەیەکە نەك بەتەنیا لقێکی شکاك بێت.لەشوێنێکی تردا دەڵێ جەوهەر ئاغا کوڕی (محەمەد ئاغای نەجدی) یە ئێمە نازانین (نەجدی) لەچیەوە هاتووە، ئەم نازناوەش بوونی نیە و لەسەرچاوە مێژوویەکانداو تەنانەت لەناو عەشیرەتی شکاکیشدا هەتا لەناو خودی بنەماڵەی جەوهەر ئاغاش دا نەهاتووە.بەڵکو ڕاستی یەکەی جەوهەر ئاغا کوڕی محەمەد پاشای شکاکە لەساڵی ١٨٩٥دا لەکاتێکدا کە محەمەد ئاغا بەخۆی و بنەماڵەکەیەوە چووە ناوچەی (باق)لە باشقەڵا ئیتر نازناوی پاشای پێ دراو مانگی هەزار قروشیشی بۆ بڕایەوە(٢٤).لەهەمان نووسینی حەسەن ئەرفەع دا دەڵێ:

(نیزامولسەڵتەنە چەند نۆکەرێکی لەپشت پەردەوە شاردبووەو کە جەعفەر ئاغا چووە ژوورەوە پەلاماریان داو بەخەنجەر لەساڵی(١٩٠٧) دا کوشتیان ئەرفەع جارێکی تریش کەوتۆتە هەڵەیەکی ترەوە کە دەڵێ بەخەنجەر کوشتیان لەساڵی ١٩٠٧چونکە مێژووی ڕووداوەکە ساڵی ١٩٠٥ بووەو بەگولله لەناو سەرای دەوڵەتدا شەهید کراو، هاوڕێکانیشی بەجێیان نەهێشت مانەوە بەرەنگاریان کرد تا دووان لەهاوڕێکانی بەناوەکانی(محۆ.سیدۆ) لەگەڵ ئاغادا شەهید بوون پێنجەکەی تریش بەتەقە ڕۆیشتن بەرەو ناو ژوورەکانی سەرا ئەمەش سەرسوڕهێنەر بوو بۆ دوژمن.کەوایان دەزانی بۆ دەرەوەی سەرا ڕادەکەن بەڵام ئەمان بەپێچەوانەوە ئەڵێن ئەگەر بێت و پارێزگار لەژێر زەمیندا خۆی حەشار نەدایە ئەوا دەکەوتە بەر ڕێژنەی گوللەی هاوڕێکانی جەوهەر ئاغا ،جگە لەوەش چەند کەسێکیان لەدوژمنان کوشت و دوایی لەشار دەرچوون. کە لەدوایدا بەدرێژی باسی دەکەین.هەروەها دکتۆر سەعدی هەروتی لەکتێبەکەیدا کە بەناوی بزافی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لەبارەی عەشیرەتی شکاکەوە نووسیویەتی: یەکێتی هۆزەکانی شکاك تۆمارێکی دورودرێژیان هەبوو، لەڕکەبەرایەتی دەسەڵاتدارانی ئێران کە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوون، زەبرو دەسەڵاتی ئەم هۆزە بەتوانایە، سنوردار بکەن، هەر بەهۆی پیلانە ناپاکەکانی پیاوانی حکومەتی ئێرانی چەندین سەرۆکی ئەم هۆزە

لەناوبران، دوایین قوربانی ئەم کارە ناپاکانەیان کە بەر لەکوشتنی سمکۆ ئەنجامیان دا، جەوهەر ئاغا ی برای سمکۆ ، کە بەهۆی هەڵوێستە نادۆستانەکانی بەرامبەر بەدەسەڵاتدارانی ئێران ،لەساڵی ١٩٠٥ دا دوای ئەوەی لەتەورێز میوانداری کرا، بەناپاکی لەگەڵ پاسەوانەکانیدا کوژرا، ئەم ڕووداوە سمکۆی برا بچووکی لەناخەوە زۆر هەژاند. جگە لەم نووسەرە کوردانەش کە هەوڵی بەدەست کەوتنی زانیاری زیاتردان و بەدوای سەرچاوەو بەڵگەنامەی ئەو سەردەمەدا دەگەڕێن تابتوانن وەکو مێژوویەکی پوخت بۆ دوا ڕۆژی نەوەکان بمێنێتەوە و ڕاستیەکان دەرکەون کە لەژێر پەردەی جۆراو جۆردا دەیانەوێت کە نەتەوەی کورد وەك دڕندەیەك نیشان بدەن . بۆیە پێویستە و هەرچی زووترە بەهەموو لایەك لەناوی بەرن تەنانەت نووسەرە بیانیەکانیش بەهەمان شێوە زۆریان لەسەر کورد نووسیوە کە هەندێکیان ماندوبوونی زۆری پێوە دیارەو هەرئەوەشە کەدوژمنان بە هەلیانزانیووە بەهەر جۆرێك بێت کورد لەقەوارەیەکی بچوکدا بهێڵنەوە ئەوەش ملکەچ پێکردنیان بووبێت یاخود بەسوپا ناردنە سەر کورد بووبێت درێغییان نەکردووە.نموونەشمان بۆ ئەمە هەموو ئەو ڕێکەوتنە مێژوویانەی سەدەی پانزە بەدواوەیەکە هەمووی بەزیانی کوردو قازانجی خۆیان بووە و ڕێکەوتنی ئەماسیەی ساڵی ١٥٥٥ و ڕێکەوتنی زەهاوساڵی ١٦٣٩ئەرزرومی یەکەم ساڵی١٨٢٣ ئەرزڕۆمی دووەم

ساڵی١٨٤٧بەڵگەی تەواون..... هتد. نووسەری ئێرانی حەبیبوڵڵای تابانی لەکتێبەکەیدا بەناوی دلاوەرانی کوردی گومناو. دەڵێ: چەندین ساڵ بوو بەدوای ئەم ڕووداوە مێژووییەدا گەڕاوم، لەم دەرگاو ئەو دەرگام ئەدا لەتەواوی ئەو ساڵانەدا بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن هەڵەیەك یان ئەندێشەیەکی بێ ئەقڵانە و لەئەنجامدا کارێکی بێ بیرکردنەوە سەرنجی ڕاست، سەرەتای ڕۆژگارێکی تاریك بوو، ڕووبەڕووبونەوەی ڕەنج و ئەندێشەکانی بێ تاوان، لە کۆمەڵگایەکی سادەدا چۆن هەستی پێ دەکرێت. باسەکەمان سەبارەت بە جەعفەر ئاغای شکاکە کەیەکێك بوو لەڕابەرەکانی تیرەی گەورەو ئاپۆرەی شکاك لەخاکی پان و بەرینی کوردستان و بەشێك لەخاکی تورکیاو باکوری ڕۆژئاوای ئێران کە تاکو چەند بەشێکی لەباکوری خۆرهەڵاتی عێراقیشی گرتۆتەوە، خەڵکەکەی ساکار و ئاساییە بەڵام سادەو بەرزە فڕن بەسادەیی و بێ ئارایشتی وەکو پەڕەی گوڵێکی سور، کە بەو هەموو ناسکیەوە هەیەتی چەندین دڕکی تیژ و بەژانیشی هەیە.مرۆڤە ژیرەکان لەم گوڵە بۆ جوانی و عەترو خۆشی ژینگەی خۆی بەهرە وەردەگرن، بەڵام ئەوانەی بەسادەیی، بیردەکەنەوە ئەو مرۆڤانەی کە بیروبۆچوونی منالانە لەبیری هەڵپروکاندن و بڕینی ئەو گوڵانەدان، دەست و پەنجەی خۆشیان خوێناوی دەکەن.(جەعفەر ئاغا یەکێك بوو لەکوڕەکانی محەمەد ئاغا کە بەچوار پشت (محەمەد ئاغا، سادق خان،

جەعفەر خان، یەحیا بەگی کوڕی بوداق سولّتان) دەگاتەوە بەنەوەی بوداق سولّتان موکرییە کە ئاوەدانکەرەوەی شاری مەهابادو مزگەوتی سورە( مزگەوتی گەورەی ئەمڕۆی مەهاباد) لەگەلّ پردی سور کە لەنێو ئەم شارەدایە بوداق سولّتان خۆشی لەگەورە پیاوانی کوردی باکوری ئێران بوو کەبەناوی ئەو تیرەیەوە ئەو ناوچەیەی بەکوردستانی موکری ناونراوە). لێرەدا مامۆستا حەبیبولّلای تابانی کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە لەناساندنی جەعفەر ئاغا چونکە ڕاستی یەکەی (جەعفەر ئاغا کوڕی محەمەد پاشا کوڕی عەلی خان کوڕی ئیسماعیل خانی مەزن کوڕی ئیبراهیم کوڕی حاجی بەگ کوڕی ئیبراهیم کوڕی هەمزە عەبدۆیی )یە ئیتر هیچ پەیوەست بوونێك نییە لەنێوان ئەو دوو بنەماڵەیەی کە مامۆستا باسی لێوە دەکات(نوسەر).حەبیبوللّا تابانی درێژە بەباسەکەی دەدات ودەلّێ: جەعفەر ئاغا براگەورەی سمکۆی شکاکە کەیەکێك بووەلەجەنگاوەرەنەترسو نەبەردەکانی کورد، کە پارچە ئاگرێك بوو چەندین سالّ ناوچەیەکی فراوانی لەم خاکە پیرۆزەو بەتایبەتی خاکی گەورە پیاوانی مادی لەتۆڵەسەندنی خوێنی ئەم برا گەورەیەیدا(جەعفەر ئاغا) کە بووبەقوربانی پاك دەروونی و ڕێزلێنانی لەقورئانی پیرۆز لەخاك و خوێن هەلّکێشا، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە خۆیشی دووبارە بەم فرو فێلّ و تەڵەکەیە گیانی خۆی لەدەستدا بەڵام بابچینە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە.(جەعفەر ئاغا پیاوێکی پڕ شکۆو دلّ

زیندوو بوو هاوڕێیەکی پاك بوو ساڵەکانی تەمەن کورتی خۆی بەپێی نەریتی عەشیرەت و خێڵ سالاری، سوارچاکێکی مەیدانی جەنگ بووە، جەعفەر ئاغا لەدوای مەرگی باوکی سەرۆکایەتی هۆزی گەورەو پڕ نفوسی شکاکی لەئەستۆ گرتووە، بەشێوەیەکی جوان دەستی بەرێکخستنی تیرەکەی کرد) ...هەڵەیەکی تر لەباسەکەی مامۆستا حەبیبوڵڵای تابانی دا ئەوەیە کە دەڵێ دوای مەرگی باوکی جەعفەر ئاغا بۆئەمە هەڵوێستەیەك بکەین باشە ڕاستیەکەی ناردنی قورئانی پیرۆز بۆ محەمەد پاشا بووە ، تا دڵنیابێت لەچوونی جەعفەر ئاغاو گەڕانەوەی بەسەلامەتی واتە محەمەد پاشا لەژیاندا مابوو، ئەم کارەساتەی کە مامۆستا بۆمان دەگێڕێتەوە لەساڵی ١٩٠٥دا لەشاری تەورێز بووە . بەڵام محەمەد پاشا دوای ئەوەی کە عەجەمەکان خیانەت بەبەڵێنەکەیان دەکەن و جەعفەر ئاغا دەکوژن ،پاشای ناوبراوی شکاك نامە دەنێرێ بۆ گشت سەرۆك هۆزەکانی کورد لەناوچەکەدا وداوایان لێ دەکات بێدەنگ نەبن لەو ستەمەی کە لەکوڕەکەی کراوە و داوای هاوکارییان لێ دەکات، تا شۆڕش بەرپابکەن. لەلایەکی تریشەوە کراسی خوێناوی و قورئانە مۆرکراوەکەی کە ناردبوویان بۆ محەمەد پاشا ئەویش دەنێرێ بۆ سوڵتانی عوسمانی و ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی کە عەجەمەکان خیانەتیان بەقورئانی پیرۆز کردووە بەڵام عوسمانیەکان ئاوڕیان لێ نەدایەوەو ناچار لەگەڵ ئەو هۆزانەی پشتگیرییان دەکردن. جاڕی

تۆڵەسەندنەوەیان داو ماوەی سێ مانگ شەڕ بەردەوام بوو، بەڵام لەکۆتایدا لەبەرنەبوونی تەقەمەنی بەرگریکردنیان خامۆش بوو، محەمەد پاشاش بەناچاری پەنای بردە بەر تورکیاو ئەوانیش لەئەستەمبوڵ پەنایان دا دوای ئەوەی رِزوان پاشا کە بەرپرسی پاسەوانی ئەستەمبوڵ بوو و کوژرا، ئیتر ئەو کوشتنەیان دایە پاڵ بەدرخانیەکان بەو هۆیەوە هەموویان لەتورکیا دوورخرانەوەو محەمەد پاشاش بەفیتیی باڵوێزخانەی ئێرانی لەو کێشەیەوە تێوە گلاو تورکەکانیش دووریان خستەوە بۆ دورگەی (ڕۆدس ) ئەوەبوولەساڵی ۱۹۰۹دا لەژێر ئەشکەنجەدا مرد، کەواتە دوای شەهیدبوونی جەعفەر ئاغا بەچوار ساڵ ئینجا باوکی مردووە.

ئەحمەدی کسرەوی کە خۆی خەڵکی تەورێزەو لەو سەردەمەدا منداڵ بووەو کارەساتەکەی بەچاوی خۆی دیووە . دەڵێ: (نیزام لسەڵتەنە) کەلەدوای ڕۆیشتنی محەمەد عەلی میرزا بۆ تاران، بووە پارێزگاری ئازەربایجان وداوای لەجەعفەر ئاغا ش کرد، کە بچێتە تەورێز دابنیشێت جەعفەر ئاغالەگەڵ حەوت کەس لەهەڵبژاردەکانی خۆی(هەموویان ناسراون و نەوەکانیان ماون) چووەو (نیزام لسەڵتەنە)لەسەرەتاوە میهرەبانی نیشانداوە. چونکە لەو کاتەدا لەقەفقاز گەرمەی شەڕی ئەرمەنی و موسڵمانان بووە، ئەو هەواڵانەی کەلەوێوە دەهات لەتەورێزدا دانیشتوانی هان داوە ، بۆیە ترسی ئاژاوە نانەوە هەبووە لەبەرئەوە

چەند ڕۆژێك چاودێری گەڕەکی (باروت ئاواك) یان پێی سپاردووەکە گەڕەکێکی ئەرمەنی نشین بوو، ، کەلەگەڵ کەسەکانی خۆیدا بەناویا بگەڕێت بۆپاراستنی ئاسایش ئەگەر ئاشوبێك ڕوویدا بەربەدانیشتوان بگرێت، تاماوەیەك لەوێ ماونەتەوە وبەچەك و تفەنگی خۆیانەوە گەڕاون، کە بە کۆلأنەکاندا ڕۆیشتوون خەڵکی بۆ تەماشاکردنیان ڕاوەستاون(٢٥).ئەوەی لێرەدا کەدەمەوێ قسەی لەسەر بکەم تەنها ناوهێنانی خالۆ میرزا یە وەکو خاڵی جەعفەر ئاغاناوی دەبات، ئەمەش هەڵەیە چونکە جەعفەر ئاغا یەك خاڵی هەبووە بەناوی (نوعمان) خالۆمیرزا ش تەنیا هاوڕێی بووە، جگە لەخزمایەتی و پێکەوە بوون.

ئەمەش ناوی پاسەوانەکانی جەعفەر ئاغایە کەلەگەڵیا بوون وبریتی بوون لەم قارەمانانە:

١. محۆ: خەڵکی گەنگەچینەولەتیرەی پس ئاغای شکاکە. شەهید بوولەگەڵ جەعفەر ئاغا.

٢. سیدۆ : لەعەشیرەتی پس ئاغای شکاکە.شەهید بوولەگەڵ جەعفەر ئاغا.

٣. حاجی علی میرەك شکاك.

٤. چەچۆ. شکاك

٥. میرزا سمایل ناسراو بە خالۆ میرزا شکاك.

٦. مستۆ : خەڵکی گوندی جونی شکاك بوو.

٧. قاسمی ڕەوی لەتیرەی پس ئاغایە لەبنەماڵەی (بش قارداش) لەدوایدا زیاتر باسی قاسم دەکەین.

٨. جەعفەر ئاغای شکاك.

ئەمانە ئەو پیاوە جەنگاوەرە قارەمانانە بوون کەدوای کوشتنی سەرۆکەکەیان کاردانەوەیەکیان هەبووەکەبووە داستان و دوژمنی بەچۆکدا هێناو تائێستاش دەماو دەم باس دەکرێ ، مەگەر هەر مامۆستا حەبیبوڵڵای تابانی وا بەجوانی ئەو چیرۆکەمان بۆ بگێڕێتەوە. بۆیە لێرەدا دەمەوێت باسی قاسمی ڕەوی بکەم، کە بۆچی نازناوی (بش قارداش)ی وەرگرتووە. لەناو شکاکدا وا دەگێڕنەوە کە باوکی قاسمی ڕەوی پاسەوانی تایبەتی عەلی خانی باپیری جەعفەر ئاغا بوو. دەڵێن بۆ هەر شوێنێك چووبێت ئەو پیاوە کەسی یەکەم بووە.لەدوای عەلی خانی شکاکەوە، جارێك عەلی خان و هاوڕێکانی دەڕۆن بۆ سەردانی میرێك لەناوچەیەکی تر، لەوە ناچێت میرەکە کورد بووبێ بۆیە پاسەوانەکانی عەلی خان زۆر بەئاگاوە مامەڵە لەگەڵ ئەو میوانداری یە دەکەن، دوای نان خواردن کە (چا) دێنن بۆ میوانەکان بەتایبەتی بۆ عەلی خان کەگومان دەکرێ ژەهرکرابێتە ناو چاکەوە بۆیەخێرا باوکی قاسمی ڕەوی. بە عەلی خان دەڵێ جەنابی (خان) ئەو چایە مەخۆرەوە بیدەبەمن بەزۆر لێی وەردەگرێ و دەیخواتەوە ، دەڵێن بۆ وات کرد ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ ئێمە پێنج براین با یەکێکمان بڕوات لەپێناوی

خاندا خۆ چوار برا دەمێنێتەوە، گرنگ ئەوەیە خان سەلامەت بێت، مەبەستی عەلی خانی شکاك بووە، پاش ماوەیەك کۆتایی بەژیانی دێت، لەو ڕۆژەوە بنەماڵەی قاسمی ڕەوی بە (بش قارداش) ناسراون، کەوشەیەکی تورکی یە بەواتای پێنج برا دێت. بۆ تۆڵە سەندنەوەش لەئەنجامدا عەلی خان میرەکە دەکوژێ و گوندو ماڵ و سامانەکەی هەموو دەسوتێنیٚ.هەرچەندە عەلی خان پیاوێکی گەورەبووی ناو خێڵ بووە ، بەڵام ڕەفتارەکانی لەمیروسەرۆکەکانی تری ناوچەکەی جیاکردۆتەوە. پەیوەست بوونی عەلی خان بەتیرەو هۆزەکانی دەوروبەرەوە وایکردووە کەلای گشت خەڵکی ناوچەکە خۆشەویست بێت و تەنانەت زۆر لەچەکدارەکانی کە هاوکاری بوون لەنەتەوەکانی تورك و ئازەربوون .عەلی خان یەکەمین کەس بووە دژی (میرو میرەك) بەواتا دژی سەرخێڵ و سەرۆك هۆزەکان وەستاوەتەوە و تەواوی دەسەڵاتی ئەو میرانەی کۆتایی پیٚ هێناوە ، کەئەمەش دوای دەسەڵات گرتنە دەستی کە پێشتر جازیٚ خانمی دایکی سەرکردایەتی ئەو خێڵ و ناوچانەی کردووەتا عەلی خان تەمەنی گەیشتە (٢٠ساڵ)عەلی خان پیاوێکی موو زەردی چاوشینی کەڵەگەت بووە، لەئازایەتی دا کەم وێنەبووە، لەزۆربەی شەڕەکاندا پێشەنگی گشت چەکدارەکانی بووە، دەگێڕنەوە کە جارێك میرێك لەناوچەی (وان)لەقەڵایەکدا بووە بەناوی (قەڵای خوشەب) ئەم میرە بەهێز بووە بەڵام میرە بچوکەکانی هەراسان

کردبوو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە زۆر زەبرو زەنگی هەبووەو ستەمی زۆری کردووە، بۆیە عەلی خان بەچەند چەکدارێکەوە هێرش دەکاتە سەری، چواردەوری قەڵای خوشەبیش کە زۆر قایم و دیوارەکانیشی گەلێك بەرزبووە، میرەکە هێزەکەی خۆی لەلایەکەوە ئامادەکردبوو کە دیوارەکە لەو شوێنەدا نزم بووە، بڕوای وابووە کە ئەو شوێنە جێگای مەترسی یە. بەڵام عەلی خان لەدیوارە بەرزەکەوە فرسەتی هێناوە لەگەڵ چەکدارەکانیدا سەرکەوتونەتە سەرەوە ئەمەش بە ئەقڵی کەسیاندا نەهاتبوو. کاتێك دەچنە ناو قەڵاکەوە دەبێتە شەڕ . ئیتر ئەوەی لەناو قەڵاکەدا بووە ورەی نامێنێ ،ئەمانیش بەدەستکراوەیی بەدەیان کەسیان لێ دەکوژن و قەڵاکە دەگرن ، کەئەمەش بەلای دانیشتوانی ناوچەکەوە کارێکی پڕ مەترسی و قورس بووە وئەو داستانە تا ئێستا لەناو عەشیرەتەکاندا وەکو چیرۆك لە دیوەخاندا دەیگێڕنەوە.

## ( بنەماڵەی ئیسماعیل خانی مەزن ).

بەم شێوەیە بنەماڵەی ئیسماعیل خانی مەزن دەستاو دەست حوکمڕانی ناوچەکەو برا گەورەیی عەشیرەتی شکاکیان بەدەستەوە بووە، ڕاستە هەر تیرەیەك سەرۆکێکی خۆی هەبووە، بەڵام هەموو هاوڕاو قایل بوون بەسەرکردایەتی کردنی ئەو بنەماڵەیەو لەهەموو سەرکەوتن و نوشوستیەکاندا پشتیان تێ نەکردوون و هەمیشە بەچاوی گەورەییەوە

سەیری ئەو بنەماڵەیە کراوە کە بە (پس ئاغا)ناسراون زنجیرەی خێزانی باوباپیرانیشیان بەم شێوەیە لە سمکۆوە دەست پێ دەکات.(سمکۆ کوڕی محەمەد پاشا کوڕی عەلی خان کوڕی ئیسماعیل خانی مەزن کوڕی ئیبراهیم ئاغا کوڕی حاجی بەگ کوڕی ئیبراهیم کوڕی هەمزە عەبدۆیی) پشتاوپشت لەقەڵای چهریق دا سەرکردایەتی عەشیرەتی شکاك و ناوچەکەیان کردووە. مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار لەکتێبەکەیدا بەناوی سمکۆ( ئیسماعیل ئاغای شکاك و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد) لەلاپەڕە ٢٢٦دا دەربارەی عەلی خانی شکاك بەپەنا بردنەبەر کتێبەکەی کاك نەوشیروان دەڵێ: نووسەری کتێبی کوردو عەجەم لەلاپەڕە ٣٣٤–٣٣٥ وتویەتی لەدوای کوشتنی ئیسماعیل ئاغای باپیرە گەورەی سمکۆ ئێڵی شکاك لەگەڵ دەزگای دەسەڵاتداری حکومەتی ئێراندا هەتا سەر لەیەك باردا نەوەستاوەواتە لەنێوان ئاشتی و شەڕدابوون و هەندێ جار لەگەڵ دەزگای دەوڵەتیدا بوون و هەندێ جاریش لێی یاخی بوون بەهۆی ئەوەی مەڵبەندەکەیان سەخت و شاخاوی بووەو، کەوتوتە سەر سنوری عوسمانیی و ئێرانی، بۆیە کاربەدەستانی ئێران بەئاسانی نەیانتوانیوە بیگرن ماوەیەك لەتارانەوە محەمەد ڕەحیم میرزا (ضیاء الدولة) کە یەکێك بووە لە کوڕەکانی عباس میرزا نێردراوەبۆ بەڕێوەبردنی کاروباری (خۆی) و (سەڵماس) و (ورمێ ) لەساڵی ١٢٦٥هەتاوی ، ئیتر دەستی کرد بەگرتنی پیاوە گەورەکانی

کورد، بەتایبەتی سەرکردەکانی (زەرزا) کەئەمانە خۆیان چووبوون بۆ پێشوازی کردنی لە (ضیاء الدین)هەر بۆ چاو شکاندنی یاخیبوەکانی کوردو عەلی ئاغای کوڕی ئیسماعیل ئاغا کەلەسەر باج نەدانی موڵکانە بەحکومەت لەدەوڵەت یاخی بوو بوو. ڕێگەی بەکاربەدەستانی ئێران نەئەدا باج و موڵکانە لەناوچەکەی ئەودا کۆبکەنەوە بەرامبەر بەوە هێزەکانی ئێران بەفەوجێکی ئەفشارو چەند عەرادە تۆپ لەمحاڵی (سۆما)و برادۆست چوونە سەر عەلی ئاغاو ڕاویان ناو تاڵانیان کرد، بەڵام دوای ئەوە (بیوك خان) بەقسەی خۆش هێنایەوە بۆ ورمێ و بەگیراوی ڕەوانەی کرد بۆ تاران و لەجێگەی ئەو میرزا ئاغای برای کرد بە سەرۆکی عێڵی شەکەفتی( مەبەستی تیرەکەی عەلی خانە) گەڕۆکەکان وایان لێهاتبوو، ساتێك ئەچوونە ئەو ناوچانەی شکاك ئیتر لایان وابوو پیشەی شکاك بریتی یە لە ڕاوڕووت کردن نەك بەخێوکردنی ئاژەڵ).ئەوەی پێویستە باسی لێوەبکەین ئەوەیە کە دەڵێ میرزا ئاغا کرا بەسەرۆکی عێڵی شەکەفتی کەیەکێکە لەتیرەکانی شکاك دەبوایە نووسەر ئەوەی بزانیایە ئەو کاتەی کە ئەو باسی دەکات میرزا ئاغا لەژیاندا نەماوە، هەر لەسەرەتای کوژرانی ئیسماعیل خانی مەزن ، جازێ خانی ژنی تاگەورەبوونی کوڕەکەی کە عەلی خان بووەو ئەوسەرکردایەتی هۆزی شکاکی کردووە تاسەرەتای ساڵی ١٨٣٠ ئیتر لەو مێژووە بەدواوە هێزو توانای عەلی خان دەرئەکەوێ هەرچەندە

تەمەنی بیست ساڵێك بووەکاتێکیش پەیوەندی میرزا ئاغای برای بەدەسەڵاتی قاجاری یەوە ئاشکرا دەبێت، ئیتر بەفەرمانی عەلی خان میرزا ئاغا دەگیرێ و بەو شێوەیە دەیکوژێ کە پێشتر باسمان کرد. واتە هەر لەمنداڵیدا میرزا ئاغا کوژراوەو ئەو دەورانەی نەدیوە کەناوبراو باسی دەکات

لەیەکێك لەبەڵگەنامە پارێزراوەکاندا بەژمارە ٣٢ (دفتر مطلعات سیاسی بین المللي أو کزیدة أستاذسیاسی ایران و عوثمانی دوره قاجار جاب)١٣٧٩دا بەمشێوەیە هاتووە

نامەی شابەندەری عوسمانی بۆ عەلی ئاغای شکاك.

بەڵگەنامەی ژمارە ٣٢

بابەتی عەلی ئاغای شکاك.. سنورپارێز

ڕێکەوتی ٢٩ زیلقەعدە ١٢٧١ك.م ١٨٥٣.ز

(لەم ڕۆژگارەدا نەیاری ئێوە زۆر بوون چ بەنوسراو و چ بەزارەکی سەبارەت بەئێوە قسەو باس زۆر دەکرێ کە بەڕێزتان (مەبەستی عەلی خانە) ناڕوات بۆ ورمێ و نەدەڕوات بۆ تەورێز. برێ پارەی باجی لاماوە نایەوێ بیدات)[٢٦].

بەپێی ئەم بەڵگەنامەیە دەرئەکەوێ شکاك هەروەکو سەردەمی سادق خان لەلایەن قاجاری یەکانەوە بەرپرسایەتی فەرمی یان هەبووە، بەڵام ئەوان بەوە ڕازی نەبوون شەڕیشیان بۆ بەشی زۆرتر کردووە، عەلی خان

بەهۆی ئەو شەڕانەی لەگەڵ قاجاری یەکاندا کردویەتی بەدیل گیراوەو زیندانی کراوە بۆ ماوەی ١٣ساڵ لەزیندانی تاران ماوەتەوە پاشان لەساڵی ١٨٧٨زاینی ئازادکراو گەڕایەوە بۆ ناوچەی (خۆی) بەڵام دووبارە دژی دەسەڵات ڕاپەڕیوەتەوە ئەمجارە هێندەی نەبردووە مزەفەرەئەدین میرزا جێنشینی نەسر ئەدین شا لەتەورێز پیلانی داڕشت. بۆ ئەوەی بڕوات تاوەکو بیکات بە سەرداری ورمێ و تەورێز کاتێکیش گەیشتە ئەوێ بە فێڵ و سوێندخواردن گرتیان و خستیانە بەندیخانەو زنجیریان کردو سەرئەنجام لەژێر ئەشکەنجەدا مرد(٢٧).هەندێك لەسەرچاوەکان باسی بەشداری نەکردنی عەلی خانی شکاك لەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دا دەکەن. بەڵام دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتەی کە عەلی خان بۆ جاری دووەم بەفێڵ لەبەندیخانەی تەورێز توندکراو بەزنجیر بەستراوەتەوە لەسەرەتای ساڵی ١٨٨٠دا بووە، تەنانەت بۆ ڕزگارکردنی شێخ عوبەیدوڵڵاش هەڕەشەی زۆری کرد کەهاندەرێك بووخەریك بوو لەگرتنی شاری ورمێ نزیکبێتەوە. بەڵام دەسەڵاتی قاجار مەرجیان دانا بۆ شێخ عوبیدوڵڵا ئەگەر بێتو ورمێ بگرێ ئەوا عەلی خانی شکاك دەکوژن. کاتێکیش کە شۆڕشی ١٨٨٠دەستی پێکرد. عەشیرەتی شکاك بێ سەرۆك مابوونەوە محەمەد ئاغای کوڕی عەلی خان لەتەمەنی (٢٦)ساڵیدا بووەو هەر ئەوەش بووە کەبەزویی لەتەمەنی ١٦ساڵیدا ژنی بۆ بهێننکەنۆبەرەکەی جەعفەر ئاغا

بووه کەلەساڵی ١٨٧١زایینیدا لەدایك بووه، گرتنی عەلی خان وای لەزۆربەی عەشیرەتی شکاك کردووه کە بێ متمانە بن بەرامبەر بەسەرکردایەتی کردنی محەمەد ئاغا، بەڵام کاتێك هێزو دەسەڵاتی شێخ عوبیدوڵڵا پەرەی سەند لەئێراندا، ئەوەبوو وای لە (ئابوتی) کونسوڵی ئینگلیز لەتەورێز کرد کەلە ١٥/ حوزەیرانی ١٨٨٠ بەترسەوە (تۆمسۆن) ئاگادار بکاتەوە کە شێخ توانیویەتی بەشێکی گەورەی عەشیرەتی شکاك بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. ئەو عەشیرەتەی جاران دۆست و جێی بڕوای شابوون ئێستا ئەو عەشیرەتە چەکدارە سنوری تورکیای بڕیوەو بەنیازن بدەنە پاڵ شێخ[٢٨].

بەڵام دکتۆر جەلیلی جەلیل لەکتێبی( ڕاپەڕینی کوردەکانی ساڵی ١٨٨٠)وەرگێڕانی لەڕوسیەوە بۆ زمانی کوردی دکتۆر کاوس قەفتان لەساڵی ١٩٨٧ دا لاپەڕە ٩٢دا نووسیویەتی: کاتێك شێخ عوبەیدوڵڵا کەوتە شەڕەوە لەگەڵ ئێراندا عەلی خانی گەورەی شکاك لێ ی تەکیەوەو لەشەڕەکەدا یارمەتی نەدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عەلی خان نەیویستووەلەگەڵ شاکانی ئێراندا دوژمنایەتی بکات. ساڵی ١٨٨٩ نیکۆلای دووەمی قەیسەری ڕووس بانگهێشتی بۆ هەندێك لەسەرۆکە کوردەکان کرد، کەبچنە سەردانی ڕوسیای قەیسەری داوەتەکەش تایبەت بوو بەجەعفەر ئاغای شکاك و عەبدولڕەزاق بەدرخان و سەیدتەهای شەمزینی نەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای

نەهری،کەزۆر ڕێزیان لێ گیراو لەو سەفەرەدا بەدەستی پڕو هەواڵی خۆشەوە گەڕانەوە. هەواڵی وا کە گەلی کوردی هێندەی تر هاندەدا بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانی [٢٩].ئەو سەردانەش پەیوەندی هەبوو بەو سیاسەتەی کە ڕووسەکان لەناوچەکەدا گرتبوویانە بەر بەرامبەر بە کوردو دوارۆژی ناوچەکە، ئەمەش مەترسی خستە دڵی کاربەدەستانی ئێرانەوە، بۆیە مزەفەرەدین میرزای جێنشینی نەسرەدین شا لەتەورێز پیلانی لێدانی عەلی خانی ڕێکخست، ئەوەبوو داوای لێ کرد بڕوات بۆ لای بۆ ئەوەی بیکاتە سەرداری ورمێ و تەورێز. کاتێك گەیشت بەفرِو فێڵ و سوێند خواردن گرتیان و ڕەوانەی لای موزەفەرەئەدین شایان کرد ئەویش خستیە بەندیخانەو زنجیر کرا، کەسەرئەنجام لەژێر ئەشکەنجەدا مرد، بەم شێوەیە کۆتایی بەژیانی ئەو گەورە پیاوە هات کە توانی لەماوەیەکی کەمدا ناوبانگی بەهۆی زیرەکیی و داناییەوە بڵاوبێتەوە، دواجاریش کەوتە بەرپیلانی پیاوانی فەرمانڕەوای ئێران کە خویەکی کۆنیانەو لەگەڵ ناحەزەکانیاندا ئەیکەن و بەو شێوە ناشرینە لەناوی ئەبەن، کە عەلی خان لەبەندیخانەدا بوو، هەمزاغا کەیەکێك بوو لەسەردارەکانی شکاك ولای میری دەست ڕۆیشتووبوو زۆر هەوڵی دا عەلی خان لەبەندیخانە ڕزگار بکات، بۆئەمەش لەگەڵ جێنشینی پاشا موزەفەرەدین کەوتە وتووێژکردن  بەو سیفەتەی خزمەتی زۆرە بۆیان، بەڵام ئەم وتووێژە سودی نەبوو، چونکە دڵی ڕەشی پاشاو

جێنشینەکەی نەرم نەبوون . هەمزاغا ڕێگای شۆڕشی گرتەبەرو کەوتە پەلاماردانی هێزەکانی میری. بەڵام ئەستێرەی بەختی شکاك لەبەرئەوەی هەڵنەهاتبوو. نەیتوانی خۆی ڕابگرێ و لەشەڕێکدا شەهیدکرا(٣٠).

جالێرەدا دەمەوێت هەندێك لەو هەڵە مێژووییانە قسەو باسی لەسەر بکەین کەدەماودەم باس دەکرێ ئەوەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا کە عەلی خانی شکاك لەمێژووی خۆیدا دووجار زیندانی کراوە جاری یەکەم سیازدە ساڵ لەتاران بەزیندانی ماتەوەو پاشان ئازادکراو جاری دووەم کەگیرایەوەلەتەوریز هێشتیانەوە ئەوە بوولەژێر ئەشکەنجەدا مرد.

کە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا دەستی پێ کرد هەشت مانگ بوو عەلی خان لەزیندان دا مردبوو هەرچەندە شێخ پێش شۆڕشەکەی لەهەوڵی ئازادکردنیابوو، تەنانەت ویستی ورمێش بگرێ ئەوەبوو ئێرانیەکان هەڕەشەی کوشتنی عەلی خانیان کرد ئەگەر ورمێ بگرێ و نەکشێتەوە،بەڵام بۆئەو هەمزاغایەی مامۆستا ئەحمەدی شەریفی باسی دەکات لای بنەماڵەی سمکۆ ناوی نی یە ڕەنگە هەمزاغای مەنگوڕی بێت. کاتێك عەلی خان محەمەد پاشای کوڕی لەمەیداندا بوبێ و جەعفەر ئاغا سەردانی ڕوسیای کردبێ ئەو وەك سەرۆکێك مامەڵەی لەگەڵدا کرابێ لەساڵی ١٨٨٩دا ئیتر چ پێویستی بە هەمزاغا بوو . بۆیە نازانین ژیانی عەلی خان و یاخی بوونەکەی بەچی ناوبنێین. کە زۆربەی

نووسەرەکان هێمای بۆ دەکەن وەك کەڵەپیاوێکی هەڵکەوتوو. بەڵام نووسەرە عەجەمەکانی وەك ئیرەجی ئەفشار سیستانی بەدزو جەردەو پیاوکوژ ناوی دەبەن و نووسەرانی خۆشمان ئەو نووسینە ژەهراوی یە وەك سەرچاوە بەکاردێنن. بۆیە ناکرێت شکستی شۆڕشی شێخ عوبیدوڵلا بخرێتە پاڵ هیچ کەسێك لەکوردەکان، بەڵکو ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك. چونکە کوردەکان بیٚ ئاگابوون لەڕێکەوتنامەی ئەرزڕۆمی یەکەم کە بەسترابوو لە ٢٨تەموزی ١٨٢٣زاینی دا کەبە پەیماننامەی ئەرزڕۆمی ئاشتی ناونرا لەنێوان ئێران و تورکیادا.بەپێی ئەم پەیماننامەیە هەردوولا هاوبەش دەبن لەدانانی سیستەمی چاودێری و گواستنەوەی کوردەکان، بەپشت بەستن بەبەندەکانی پەیماننامەی زەهاوی ساڵی ١٦٣٩زاینی ومانەوەی ئەم پرسە سەرەکیەش بەو لێڵی و نا ڕونییەکەناکۆکییان لەسەری هەبوو لەنێوان هەردوو لایەنی ململانێکەدا واتەئیتر ئینگلتەراو ڕوسیا ڕێگەیان بۆ خۆشبوو دەست بخەنە ناو پرس و کێشەی کوردەوە بەشێوەیەکی کاریگەرو چالاك.هەرچەندە لەنیوەی یەکەمی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٨٨٠ی زاینی زۆربەی زۆری سەرۆك خێڵە کوردەکانی ئێران پەیوەندیان بە شێخ عوبەیدوڵلاوە کرد و توانیان دەست بەسەر (مەهاباد)دا بگرن بەبیٚ ئەوەی ڕوبەڕووی بەرگری ئەوتۆ ببنەوە ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ کوردەکان.هەر ئەوکاتەش شۆڕشەکە لەباربرا، کە کاتێك

بانگەوازی جیهاد بەرزکرایەوە لەدژی شیعەکانی (ساوجبلاق) مەهاباد ئەمەش بیانوویەکی باش بوو بۆ وروژاندنی دەمارگیری مەزهەبی ئەوانەی کە شوێنکەوتەی مەزهەبی شیعە بوون لەدانیشتوانی فارس و ئازەری لەو ناوچانەدا، لەدژی کورد هەروەها ناڕازی بوونی خەڵکی تەورێز لەمامەڵەی چەکدارە کوردەکان کە خۆیان بەحاکمی ئەو شارە دەزانی و هێزەکانی شێخ عبدولقادریش لەنزیك (تەورێز) دەستیان کرد بەکاری تاڵان و چەوسانەوە. زۆرێك لەیەکە چەکدارەکانی کورد لەدەوروبەری ورمێ و ناوچەکانی تریش هەمان شێوازی تاڵان وستەمیان گرتەبەر ئەم جۆرە ڕەفتارانەش ڕق و کینەی دانیشتوانی ناوخۆی ئەو ناوچانەی جوڵاند دژ بە شۆڕشگێڕەکانی کورد[٣١].بەڵام لێرەدا دەبینین هەرچی شۆڕشێك شکست بهێنێ بیانوەکەی دەخەنە ملی لایەکیتر . وەکو دەڵێن (شکست بێ دایك و باوکەو سەرکەوتن خاوەندارە).

# (هۆزی شکاك لەڕۆژئاوای کوردستان)

بڵاوبوونەوەی هۆزەکانی کورد لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە. هەندێك جار لەشوێنێك یاخود ناوچەیەك وشکە ساڵی چەند ساڵێکی خایاندووە، بەو پێیە هۆزە کوردیەکانیش زیاتر خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالاّت بوون بۆیە پێویست بووە بۆ بەردەوامی ژیان و پاراستنی مەڕو ماڵاتیان لەشوێنێکەوە بڕۆنە شوێنێکی تر لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جاریش دەسەڵاتی ناوەندیڕۆڵی بینیوە لە گوێزانەوەیان و داخستنی سنوور لەناو ئەو هۆزانەدا هۆزی شکاکیش بەهەمان شێوە زۆربەیان خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالاّت بوون دەکرێت ئەو کۆچەی شکاکەکان بگەڕێنینەوە بۆ ئەو سەردەمەی کەبەشێك لە هۆزی شکاك چوونە باکوری کوردستان و پاشان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان کە پێشتر  باسمان کردو شارۆچکەیەکیان بەناوی شکاك ئاوەدانکردەوە.هۆزی شکاك لەناوچەکانی (عەفرین)دا بەزۆری لەگوندەکاندا ناسراون و کەسایەتی گەورەیان تیادا هەڵکەوتووە، بەتایبەتی لە چەمی دەریاچەی (قەرەسوو)کە یەکێکە لەسەرچاوەکانی ڕووباری فوڕات کەلەوێدا جێگیربوون. ناوچەکەشیان دەوڵەمەندە بەدارستانو داری بەردارو زەیتون. لەسنوریشدا دراوسێی عەشیرەتی (ڕەشوان)و (حاجی ئۆمەر)بوون و هۆزی شکاکیش لەوێدا نیشتەجێ

بوون له (٣٧)گوندی گەورەدا بەپێی زەوی یەکەی درێژبۆتەوە بۆ ناحیەی ڕشوان و دەوروبەرەکەی پەیوەندییان هەمیشە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی خراپ بووە بەڵام لەگەڵ عەشیرەتی ڕشواندا پەیوەندیان بەهێزبووە، ئەمەش بەهۆی ژن و ژنخوازی یەوە بووە و سەرۆکی هۆزی شکاك هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە قۆرخ کراوە بۆ بنەماڵەی (جالوسی)کە گەورەترین بازاڕ لەناو شاری (عەفرین) دا لە سەر دەستی جەمیل ئاغای سەرۆکی ئەم عەشیرەتە دروستکراوە، کەلەنیوەی یەکەمی ساڵانی سی یەکانەوە سەرۆکی شارەوانی بووە جەمیل ئاغاش هەمیشە هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی بووە، بەرامبەر ئەرمەنە پەڕاگەندەکانی تورکیا.تا وای لێهات زۆر لەئەرمەنیەکان بەهۆی تێکەڵاوی یەوە لەگەڵ کورددا بەتایبەتی لەگەڵ عەشیرەتی شکاکدا لەناو کورددا دەرئەنجام توانەوە(٣٢).دوای گەڕانێکی زۆرو پەیوەندیکردن بەکەسانی شارەزاوە توانیمان لە ٣٧ گوندی شکاك تەنها ناوی٢٤ گوندمان دەستکەوت لەگەڵ ژمارەی ماڵەکانیان کە بەم شێوەیەن:

١. گوندی میرانکی ......................٤٥٠ماڵ
٢. گوندی نازلی ......................... ٧٠ماڵ
٣. گوندی عەشق قەیار یەزیدی .......... ١٥٠ماڵ
٤. گوندی قطحة..................... ٥٠٠ ماڵ

٥. گوندی کەمەردك ........................ ١٠٠ماڵ
٦. گوندی قرتینی گەورە........................ ٧٠ماڵ
٧. گوندی قرتینی بچووك......................... ٧٠ماڵ
٨. گوندی ئامجی.............................. ٧٠ ماڵ
٩. گوندی دیرسوان............................. ٧٠ ماڵ
١٠. گوندی شران (ناحیەیە)............... ٦٠٠ماڵ
١١. گوندی کورتك(جەمال ئاغا) ................٥٠ ماڵ
١٢. گوندی شوربە ..............................١٠٠ماڵ
١٣. گوندی سیمالك.......................... ١٠٠ ماڵ
١٤. گوندی عەمارە........................... ١٠٠ ماڵ
١٥. گوندی سینك ........................ ١٢٠ماڵ
١٦. گوندی دبل مەداش ..................... ١٠٠ماڵ
١٧. گوندی ئومر سمو.......................... ١٠٠ ماڵ
١٨. گوندە ئومر........................ ١٠٠ماڵ
١٩. گوندی دەرویش........................ .. ٧٠ ماڵ
٢٠. گوندی زیتوناك ................. ٧٠ماڵ
٢١. گوندی عەرەب وێران................. ٦٠ ماڵ
٢٢. گوندی قسطل جندو .................. ٢٠٠ماڵ
٢٣. گوندی چمانلی.................. ١٥٠ماڵ

## (جەعفەر ئاغا لەدیدی نووسەرانەوە)

وەکو پێشتر باسمان کرد جەعفەر ئاغای شکاك کوڕە گەورەی محەمەد پاشای شکاکەو لەدەوروبەری ساڵی ١٨٧١زایین لەدایك بووەو باوکیشی کەلەدایك بووی ساڵی ١٨٥٣-١٨٥٤زاینی یە ئەمەش بەگێڕانەوەی نەوەکانی سمکۆو بنەماڵەکەیان بەپێی ساڵی تیرۆرکردنی ئیسماعیل خانی گەورەی شکاك کەلەساڵی ١٨١٦زاییینی بووە وەکودەڵێن لەو کاتە دا محەمەد پاشا تەمەنی ٨-٩ساڵان بووە، بۆیە جازێ خانی خێزانی ئیسماعیل خان بۆتە جێگرەوەی مێردەکەی و ماوەی ١٣ساڵ حوکمداری عەشیرەتی شکاکی کردووە تا تەمەنی عەلی خان بووە بە ٢٠-٢١ساڵان وئەویش لەسەر بەرنامەی باوکی و جازێ خانی دایکی درێژەی بەکارەکانی داوەوبەردەوامی هەبووە تا ساڵی ١٨٧٩زاینی و بەو پێیەی کەلەبەندیخانەدا مایەوە تا لەژێر ئەشکەنجە دا مردووە، کە پێشتر باسمان کرد. لەوسەرو بەندەدا محەمەد پاشا لەتەمەنی ٢٦ تا٢٧ساڵاندا بووەو خێزاندار بووەو (دوڕی ) خانمی دایکی جەعفەر ئاغای لابووە، بەڵام کاك ئەحمەدی شەریفی لە نامیلکەیەکدا بە ناوی (ئیسماعیل ئاغای شکاك) دەڵێ:کاتێك شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە لە کوردەکانی تورکیا بوو شۆڕشی هەڵگیرساند داوای لە عەلی خان کرد یارمەتی بدات(ئەو کاتە عەلی خان لە ژیاندا نەماوە) بەڵام دلێرانە

لەجیاتی ئەوەی بە هانای شێخ عوبەیدوڵلاوە بڕوات بەپێچەوانەوە شانبەشانی (ئیقبال وسەڵتەنە)ی ماکۆ دژی شێخ عوبەیدوڵلاو هاوکارانی شەڕی کرد ئەو هاوکارییەی عەلی خانیش بووە هۆی شکاندنی کوردەکانی تورکیا ئەوەیکاك ئەحمەدی شەریفی باسی لێوە دەکات، تەنیا نوسینەکانی ئێرەجی ئەفشار سیستانی یە کە نووسەرێکی عەجەمە. پێشتر هۆکاری کەوتنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلامان باس کردو باسی ئەوەشمان کرد کە شۆڕش دەستی پێکرد عەلی خان هەشت مانگ بوو لەبەندینخانەی تەورێز کۆچی دوایی کردبوو، هەروەها کاك ئەحمەد لەبەشێکی پەڕتوکەکەیدا دەڵێ: لەو ڕۆژانەدا کە عەلی خان خەریکی شەڕ بوو لەسەر دەعوەتی (موزەفەرەدین شای وەلیعەهد)، جەعفەر ئاغای کوڕە گەورەی عەلی ئاغا چوو بۆ تەورێزو لەدوای چەند ڕۆژێك جەعفەر ئاغا بەدەستی تاقمەکەی (موزەفەرەدین)بەشێوەیەکی ناجوامێرانە شەهیدکرا و چەند کەسێك لەپیاوەکانی جەعفەر ئاغاش کەلەگەڵیان بوون خۆیان گەیاندە ناو شکاك و ئەو هەواڵەیان بە عەلی خان گەیاند) .جالێرەدا دەمەوێت، هەڵەیەکی تری کاك ئەحمەد ڕاست بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە جەعفەر ئاغا کوڕی محەمەد ئاغای شکاکە و کوڕەزای عەلی خان بووە، نەك کوڕی عەلی خان ئەو سەردەمەش عەلی خان لەژیاندا نەماوە، جەعفەر ئاغاش تەمەنی ٩ساڵان بووە و چەکدارەکانی یاوەری هەواڵی کوژرانی جەعفەر ئاغایان دا بە محەمەد

پاشای باوکی، هەروەها لەبەشێکی تری نوسینەکەدا ناوبراودا نووسیویەتی : (دەربارەی پەیوەندی جەعفەر ئاغاو موزەفەرەدین شا پەیوەندی یەکی بەهێزبووەو دۆستی یەکتربوون و ڕۆژێك لەباخی (گوڵستان) لەتەورێز لەنێوانی قسەکردنیاندا وەلیعەهد داوای هەزار (ئەشرەفی) لەجەعفەر ئاغا دەکات. ئەویش بەدڵی وەلیعەهد وەڵام ناداتەوەو پێی ئەڵێ خۆت ئەزانی کە خانەوادەو تایەفەی من ماوەی ساڵێك بەپارەو پولی خۆیەوە لەگەڵتاندا بووەو دژی دوژمنەکانی ئێوە شەڕیان کردووە لەجیاتی ئەوەی پاداشتمان بدەنەوە هێشتا ئێوە داوای پارەمان لێ دەکەن، پێی ئەڵێ ئەی ئافەرین بۆ وەلیعەهدی وەك تۆ. کەئەم وەڵامەش بۆیگران بووە لەئەنجامی ئەوەدا بڕیاری کوشتنی داوە)[٣٣].لێرەدا دەپرسم ئەو ساڵەی کە جەعفەر ئاغا بەخۆی و هۆزەکەیەوەو بەپارەی خۆی شەڕی کام نەیاری وەلیعەهدی کردووە.؟ ئەگەر دوژمنەکەی ئێران وتورکیا بوبێ ئەوا بۆ ئەو کاتەی شکاك تورکیا دوژمن نەبووە. چونکە ساڵانی ١٨٩٢-١٨٩٣ محەمەد پاشای شکاك لەداخی کاربەدەستانی ئێران و زوڵم و زۆریان ناوچەکەیان بەجێ هێشت و چوونەتە ناحیەی (باق) لەشارۆچکەی (باشقەڵا) تورکەکان زیاتر لە پێویست ڕێزیان لێگرتوون و جێگای مانەوەیان بۆ ئامادەکردنو تەنانەت نازناوی(پاشا)یان پێ داوە، لەو ڕۆژگارەشەوە محەمەد ئاغای شکاك ناوەکەی گۆڕا بۆ محەمەد پاشا. ئەمەش تا ساڵی ١٨٩٥ ی زاینی

درێژەی کێشاوە. هەر ئەوکاتەش کاربەدەستانی ئێران لەڕێگای کەسانی تیرەکانی ترەوە هەوڵیانداوە کە محەمەد پاشا بگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی و هەرچی داوابکات بۆی جێ بەجێ بکەن پاشان محەمەد پاشا بڕیاری دا بگەڕێتەوە ئێران. جا کەسێك یاخود هۆزێك هێندە سەرسەخت بن بەرامبەر بە دوژمنان و مێژوویەکی دوورو درێژی ململانێیان هەبوبێ ، دەکرێ بڕوا بکرێت وەلیعەهد داوای باج و سەرانەی لێ بکات. ئەگەر بیانوو نەبێت، خۆ دەکرا وەلیعەهد ئاگاداربوایە کە شکاك هەمیشە لە باج دان خۆی پاراستووە، تەنانەت ڕووسەکان کە لەناوچەکانی شکاکدا بوون، هەمیشە بەپارێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون ، لەکاتێکیشدا ئەگەر دوژمنایەتیشیان کردبێتن لە ڕێی کەسانی ترەوە بووە نەك ڕاستەوخۆ. بۆیە ئەمانە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕایەی تەنیا لە کوشتنی جەعفەر ئاغادا ئەوەبووە کە ڕزگاریان بێ لەو بەلاّ گەورەیەی کەیەخەی دەسەلاّتدارانی گرتووە. لەهەمانکاتیشدا بۆ چاوترساندنی هۆزەکانی تری ناوچەکەش بووە.هەروەها مینۆرسکیش بەرلەوەی بێتە سەر باسی کوشتنەکەی جەعفەر ئاغا دەڵێ: برا گەورەی سمکۆ بووە و پێش(١٥) ساڵ لەناوچەی (چیخریکە)ی سەڵماس ژیاوەو هیچ کاتێك گرنگی بە سوڵتەی فارس نەداوە و هەندێ جاریش لە شاخەوە هاتۆتە خوارێ بۆ ناو شیوو دەشتەکان بۆ شەڕکردن ئەوەی لەم کارە سەیرەدا دیارە، دانیشتووانە هەژارەکە بەچاوێکی سۆزەوە سەیریان کردووەو

دەوڵەمەندەکانی ڕووت کردۆتەوەو بەشێ لەتاڵانیەکانی داوە بەهەژارەکان. حکومەتی ئێران پەنای بردۆتە بەر هەموو ڕێگا تەقلیدیەکان بۆ ئەوەی تەمێی بکات، لەپێشەوە کردیان بەپارێزگاری سەر سنور. ئاغاش بەم کارە ڕازی بووەو شانازیشی پێوە کردووە، بەڵام زۆری نەخایاند کارەکەی بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ سەرپێچی کردنەکەی.(٣٤)

## (جازێ خانم دایكی عەلی خان)

دیارە ناو هێنانی (جازێ خانم) خێزانی ئیسماعیل خان دوای تیرۆرکردنی مێردەکەی لەساڵی ١٨١٦دا توانیویەتی سەرکردایەتی هۆزەکەی بگرێتە دەست و بۆ ماوەی ١٣ساڵ کە هەندێکی تر بەزیاتری دەزانن وقەڵەمڕەویدەسەلاًتەکەی بەر لەخۆی فراوانتر کردووە، ڕەنگە ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوبێ لەناوچەیەکی پڕ کێشەی ئاوادا ژنێك بتوانێ ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕێ .بەڵام دەکرێ ئاوڕێك لەمێژووی ڕابردووی کورد بدەینەوە کەوا دەردەکەوێ کە گەلێك ئافرەتی بەتوانا هەبون لەگشت بوارەکاندا ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لەوانە هەندێکیان وەك سەرکردەوبەشێکیان لەبواری زانست و زانیاری داو بەشێکی تریان وەك شاعیر ناویان لەمێژوماندا تۆمارکراون، نمونەش لەمانە ژنە کوردێکی وەك (غازییە خاتون)ی کچی شا محەمەدی ئەبوبەکری ئەیوبی، کەدوای مردنی مێردەکەی (شا مەحمود )فەرمانڕەوایەتی شاری حەمای لەشامکرووە و توانی جڵەوی کاروباری ناوچەکە وەکو بەڕێوەبەر لەجێگای کوڕە بچووکەکەی کەناوی (شا محەمەد) بوووەربگرێت هەروەها (قەرە فاتم) کەنوسەری تورکی بەناوبانگ (مەدحەت ئەفەندی) لەکتێبەکەیدا (فرق الانبار) باس لەو ئافرەتە ئەکات، کەناونیشانێکی بەرزی لەسەردەمی خۆیدابەجێ هێشتووە لەژێر ناوی (شێرانی مەمکدار)دا کە ناوی لەگەڵ ژمارەیەکی تردا بردووە، ئەڵێ یەکێ لەو ئافرەتە جەنگاوەرانەی لەشەڕو هەرای ساڵانی ١٨٧٧زاینی لەناو

لەشکری تورك و هێزی سەربازی قەیسەری ڕوسی دا ناوبانگی لەناوچەکانی ئەرزڕۆم و فارس و ئەردەهان لەخاکی کوردستانی تورکیا پەیداکردبوو(قەرەفاتم)بوو، کەلەوکاتەدا گەلێ لەڕۆژنامەکانی تورك و میسر باسی ئازایەتی و وریایی ئەم ژنە قارەمانە کوردەیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەیان نوسیووە و بەشانازی یەوە ناویان هێناوە. نوسەرێك دەلێ لەولاتی میسر ڕۆژنامەی (الوقائع المصرية) لەژمارەی (٧٣٠)ی کە لە ڕۆژی ٤/١١/ ١٨٧٧بلاوی کردۆتەوە دەلێت: (ماوەیەك لەمەوپێش باسی ئازایەتی میرە ژنێکی، کوردمان کردبوو، کەچۆن شێرانە بەرامبەر لەشکری قەیسەری ڕووس جەنگیوە و بەتەنیاسەرکردایەتی لەشکری کردووە، ئێستا هەروەکو ئاگادارکراینەوە لەئەستەمبوڵەوە ئەم ژنە قارەمانە ناوی (قەرە فاتم)ە کاتێ لەشکری تورك بەرەو شاری (قوزیم تەپە) هێرشیان بردووە ئەم ئافرەتە سەرلەشکربووە[٣٥].ناشبێت ئازایەتی و لێهاتوویی قەدەم خێریش لەیادبکەین ئەو ئافرەتە کوردەی کە شۆڕشگێڕێکی گەورەبووەو دژ بەڕەزا خانی گەورە لەناوچەی لوڕستان جەنگاوە هەروەها نامەکەی بۆ شێخ مەحمودی گەورەی نوسیوە، بەلگەیەکی مێژوویی ڕاست و دروستە بۆ ئەو ڕۆژگارە کە ناوبراو ڕۆڵی جەنگاوەرێکی دیوە بۆ سەندنی مافی گەلەکەی لە ناوچەکە دا، لە مێژووی ئاشووریەکانیشدا ناوی سەمیر ئامیس لە قۆناغی ئاشووری نوێدا دیارەو ئەستێرەیەکی پڕشنگدارە بۆیەدەتوانین بلێین جازێ خانمیش سەر مەشقی ژنانی سەردەمی خۆی بووە.

## (كوشتنی جەعفەر ئاغاو ڕەنگدانەوەی لەحەیرانی کوردیدا)

باسیل نیکیتین لەکتێبەکەیدا بەشێك لەو فۆلکلۆرانە کەسەرنجی ڕاکێشاوە لەلاپەڕەکانی (٥٤٦–٥٤٨)دا تێیدا باسی دەقێکی فۆلکۆرێکی کردووە کە بەگوێی خۆی لەدەمی حەیرانبێژێکەوە وەریگرتووە وکردویەتی بەڕوسی دەربارەی کوشتنی جەعفەر ئاغا کە محەمەدی قازی لەڕوسیەوە کردویەتی بەفارسیی و کاك نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەیدا بەناوی (کوردو عەجەم) وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی. هەرچەندە ئەو فۆلکلۆرە بەپێی ڕاوبۆچوونی مامۆستای بەهەشتی محەمەد ڕەسوڵ هاوار وەکو بەرهەمێکی ئەدەبی لەشێوەی ڕەسەنی خۆی لایداوە، چونکە باسیل نیکیتن لەکوردی یەوە کردویەتی بە ڕوسیی و لەڕوسیشەوە کراوە بەفارسیی و جارێکی تر کراوەتەوە بەکوردی.هەرچی چۆنێك بێت هەر بایەخدارە و گرنگ ئەوەیە لەفەوتان ڕزگارکراوە. کە ئەمەش دەقە فۆلکۆرەکەیە، کە بۆ کوشتنی جەعفەر ئاغا ووتراوەودەماودەم هاتووە.

**ئای ئاغا..... ئەی لاوەکەلە (چهریقی) * ڕەنگینا دانیشتوی**

**ئەو شوێنەی لەناو دۆڵێکی قووڵ دایە (ڕوبارێك ) *ی بەناودا دەڕوا**

**نەخۆشی تاعون بڵاوبۆتەوە..... ئومێدەوارم بچێتە ماڵی شازادە**

**وەلیعەهدی * ئێرانەوە**

---

* بارەگای دەسەڵاتەکەی جەعفەرئاغا بووەکەپشتاوپشت حوکمیان تێداکردووە.
* ئەم ڕووبارە ناوی بەران دزە .
* نیزام سەڵتەنەیە.

که نامەیەکی بۆ باوکی گولیزار نوسیبوو: وەرە بۆ لام

لەبەرئەوەی کە ئەو ساڵی ڕابردوو ساڵی پێشوتریش بۆ خۆی نیمچە

سوڵتانێك بوو

لەخاکی عەجەمستاندایە. ئای ئاغای لاو

....تۆ ئەڵێ ی لەنگەری لەزەمیندا چەقیوی. دڕکی لەچاوی دوژمندا

تۆ پاشای ڕاستەقینەی بیابانی....

ئای... ئۆی ئاغای لاو ئاسمان و عەرشی بەرینی لەگەڵ ئێمەدا

دوژمنە...

باوکی(بۆزکۆ) سواری (ڕێشان)* کولکە قاپوتەکەی داناو

بەرگی قاجاریی لەبەرکرد( فانوسقە) ی ماوزەرەکەی کردە ملی

ئومێدەوارم نەخۆشی تاعون کە لەسەیرانە بکەوێتە ماڵی وەلیعەهدی

ئێرانەوە

ئەوانەی دوو گوللەیان نا بەلەشی باوکی (بزکۆ)وە کە سواری ڕیشان بوو

لەکاتێکدا ئەویش سێ جار دەستی بۆ (پشکۆژ)ی دەمانچە

شەستێرەکەی برد بەڵام بێهودە بوو.

ئەی ئاغا... مەگەر بەڵا هەر سێ ڕۆژجارێك ئەبێ بەسەر جیهاندا ببارێ؟

---

* (ڕیشاڵ) ناوی ئەسپەکەی جەعفەر ئاغا بووە.

هێزی یارمەتی لەباوکی (بزکۆ) دوورەو ئیتر پێی ناگا....

لەتەورێزی کاول بوودا جەژن و شاییە، مژدەیان بۆ ساداتی کەربەلاش

بردووە

ئەی ئاغای لاو... ئەی باوکی (بزکۆ) تۆ کەلەناو سوارانی لەهەموویان

ئازاتری

(هیندێ) ئەگری ( موعتەبەر ) ئەی ژنی بێچارە. هەمیشە سەرپۆشێك

بەسەر

جلەکانی باوکی(بزکۆ)دا بدە هەتا تۆزو خۆڵی لیَ

نەنیشێت.....نەخۆشی تاعون

کەلەسەرایە. ئومێدەوارم بچێتە ماڵی وەلیعەهدی ئێران ئەوانە دوو

گوللەیان نا بەباوکی (بزکۆ)ی سواری ڕیشانەوە، ئەو دەمە بۆ باوکی

(بزکۆ)

**کاتێکی تاڵ و ناخۆش بوو، بۆچی لەو کاتەدا تەمەر ئاغاو سمایل ئاغا دەرنەکەوتن**

**مەگەر بەڵا ئەبێ هەر سێ ڕۆژ جارێك بەسەر ئەم دنیایەدا بباریێ، هێزی یارمەتی لەباوکی (بزکۆ)وە دوورەو نایگاتێ.**

**لەتەورێزی نەعلەتیدا چراخانە، مژدەیان بەساداتی کەربەلاش داوە[٣٦].**

ئەم هۆنراوە فۆلکلۆرە کەلەدەمی حەیرانبێژەکانی سەردەمی دوای کوشتنی جەعفەر ئاغا وتراوە گۆڕینی بۆ ڕوسی لەلایەن باسیل نیکتین و پاشان بۆفارسی و دوایی کراوەتەوە بە کوردی و گەلێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە لەگەڵ ئەسڵیەکەیداجیاوازی هەیە هەندێك لەناوەکانیش بەهەڵە نووسراون، کەدیارە لە وەرگێڕانە ڕوسیەکەدا بۆ فارسی لەو نێوانەدا هەڵەی تێکەوتووە. چونکە بۆ ڕاستکردنەوەی ناوەکان وا پێویست دەکاتکەڕاستیەکانیان بنوسین وەك ئەوەی جەعفەر ئاغا یەك ژنی هەبووە بەناوی موعتەبەر خانم دایکی عەزیز ئاغا وبزکۆ وئانا و گوڵێزار خانمە کە پاشان گوڵێزار بووە بە ژنی سەید تەهای شەمزینی، ئەو (موتەهیرە)ی کەلەفارسیەکەدا ناوی هاتووە (موعتەبەر خانم)ە

ناوهێنانی (بزکۆ) کە کوڕە بچوکی جەعفەر ئاغا بووە لەتەمەنی (١١)ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە کەواتە جەعفەر ئاغا هەر موعتەبەر خانم ژنی بووە کە ئەم منداڵانەی لێ بووە (گوڵیزارو ئاناو عەزیزو بزکۆ). پاشان سمکۆ وەکو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی موعتەبەر خانمی لەبەر منداڵەکانی مارە کردوە، بەڵام هیچ جۆرە خەوتنێکی لەگەڵدا نەبووە، لەوەرگێڕانەکەدا ناوی (ڕیشان)هاتووە واتە ناوی ئەسپەکەی جەعفەر ئاغا ، بەڵام ڕاستیەکەی ناوی ئەو ئەسپە (ڕیشاڵ )ە .بەواتای یاڵی ئەسپەکەی درێژ بووە. ڕاستە تەمەر ئاغا مامی سمکۆو جەعفەر ئاغا بووەو باوکی بەحری بەگە، بەحری بەگی ئامۆزای جەعفەر ئاغا پیاوێکی بەهیممەت و جەنگاوەرێکی ئازا بووە، ئەم بەحری بەگە، نەوەکانی لەناوچەی (وان)ی باکوری کوردستانن. کوڕە گەورەکەی ناوی (ڕەزایە). ئەو (هیندێ)یەی کە ناوی هاتووە لەحەیرانەکەدا ئەوە کچی سمکۆی شکاکەو لەباکوری کوردستانە لەگەڵ هەدیەو فاتیمە، واتە ئەوسێ کچەی سمکۆ لەناوچەی وان ماونەتەوە بەڵام سەفییەو سورمێ ی کچی سمکۆ واتە ئەم دووانەی دوایی لەباشوری کوردستاندا ژیاون بەڵام ئێستا لەژیاندا نەماون و نەوەکانیان ماوە.. کەواتە جەعفەر ئاغا ژنی دووەمی نەبووە..(نوسەر)

# سمكۆ

ئیسماعیل (واتە سمکۆ) کوڕی محەمەد پاشا کوڕی، عەلی خان و ئیسماعیل خانو ئیبراهیم، حاجی بەگ، ئیبراهیم هەمزەی عەبدۆییە، ساڵی ١٨٨٢ لەچاریَ لەدایك بووە. بەگوێرەی مێژووی بنەماڵەکەی و پەروەردەیی خۆی بەتێکەڵ بوون و خزمایەتی لەگەڵ بنەماڵە ناودارو نیشتیمان پەروەرەکانی کوردو ئێران و بەتایبەتی بنەماڵەی محەمەدی خیابانی و کەسایەتی یەکانی بۆکان و موکریانی و مەهابادی و سەقزی و بەرزنجی و هەرکیی و زێباری وگەلێکی دیکە لەکەسایەتیەکانی بنەماڵەی بەدرخانی و نەهری هەبووە، سەرەڕای ئەوەی بەگوێرەی هەڵکەوتەی ناوچەکە و توانای خۆی، بەرنامەی خەبات و تێکۆشانی هەبووە، بۆ ڕزگاری کوردوخاکەکەی لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی قاجاری، لەسەرەتای ساڵی ١٩١٢دا کۆمەڵەی جیهاندانی کوردی دامەزراند بەهاوکاری عەبدولرەزاق بەدرخان .لەڕێگای پەیوەندی دیبلۆماسی یەوە پەیوەندی بە ڕوسیاوە کردووە، بۆهاوکاریکردنیان، بەئامانجی ڕزگارکردنی نەتەوەکەی هەر بۆ هەمان مەبەست پەیوەندی بە ئینگلیزەوە کردووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکیان دەست نەکەوت، دواتر کە شەپۆلی لەشکرکێشی لایەنە شەڕکەرەکان ڕووی کردۆتەناوچەکە و کوردستان بوو بەمەیدانی شەڕو پێکدادان، ئەو لەلایەن ڕووسەکانەوە

دەستگیرکراوەبەتۆمەتی نیشتیمانپەروەری. دوای ئەوەش کە ئازادکراو گەڕایەوە زێدی خۆی تا ئەو کاتە دۆست و دوژمن ئاشکرا نەبوون، سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو دیارنەبوون. لافاوی لەشکری شەڕکەرانیش تەڕو وشکی پێکەوە سوتاندووە هەموو کەسایەتییەکان و ناوچەکان وبنەماڵەکان لەکوردستاندا دووچاری کارەساتی دڵتەزێن و ماڵوێرانی هاتوون بەهۆی بارودۆخەکەوە. بەڵام سمکۆ توانی بنەماڵەو هۆزەکەی ڕێکبخات و بیانپارێزێ و چەکداروپڕچەکیانیان بکات. هەموو لایەنەکانیش بۆ بەرژەوەندی کوردو کوردستان بەکاربێنێ تاوای لێهات هەموو لایەنەکانی شەڕکەریش حیسابی تایبەتی بۆ بکەن . ئەوەی کە جێگەی داخە لەسەرەتاوە هەندێ تالانیان لەماڵ و موڵکی دەوڵەت و بازرگانەکان و دەوڵەمەندەکانی شارەکان کرد.هەرچەندە لەو سەردەمەدا ئەو ڕەفتارو بەرنامەیە باووبووەو موڵکی حکومەتیش بۆ ئەو حەڵاڵ بووە بەڵام بۆ هاوڵاتیان کارێکی خراپ بوو[٣٧]. دکتۆر جەمال نەبەز لەکتێبەکەیدا دەربارەی سمکۆ دەڵێت: بەناوبانگترین سەرداری ئەو سەردەمەیە کە (١٠)ساڵی ڕەبەق دژی ڕژێمی تاران لەخەباتێکی بێپسانەوەدا بووە (٣٨).

میر بەصری لەکتێبەکەیدا دەربارەی سمکۆ و کوردستانی ڕۆژهەڵات دەڵێ: سمکۆ کوڕی محەمەد ئاغایەولەناوچەی (خۆی)بووە. بەسەرۆکی عەشیرەتی شکاك دانراوە پیاوێکی زۆر بەتواناو بەهێزو

دەسەڵاتداربووە. لە شوباتی١٩١٨دا مارشەمعونی کوشت کە بەو کوشتنە ئاژاوەو پشێوی کەوتە نێوان خەڵکی ناوچەکەوەو زۆر کەس لەئاسوری یەکان وئازەریەکان و کورد لەو پەلامارانەی ئاسوریەکاندا کوژران. کەشەڕی یەکەمی جیهانی تەواو بوو سمکۆ کەوتە سەر خولیای دروستکرنی حکومەتێکی کوردی یان تۆزێك زیاتر بەهاوکاری ڕاوێژکارەکەی کە سەیدتەهای شەمزینی بوو کە کوڕەزای شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە شۆڕشگێڕی ساڵی ١٨٨٠زاینی بووە، میر (بەصری ) لەباسەکەیدا دەڵێ : سمکۆ لەساڵی ١٩١٩دا شۆڕشی بەرپا کردو (ورمێ)و (شاپور)ی گرت بەڵام لەدواتردا حکومەتی ئێران لەشکرێکی زۆری لە (قوزاق)ەکان بەفەرماندەیی فیلیبۆف کەئەفسەرێکی ڕوسیی بوو ناردە سەری و بەرنگاری سمکۆ بوەوەو شکستی پێهێنا، کاتێك ڕەزاخان لەساڵی ١٩٢١ بووبە وەزیری جەنگ ئیتر فەرماندەی گشتی سوپای ناردە سەر سمکۆ و ناچاری کرد پەنا بباتە بەر تورکیا[٣٩]لەشەڕی ساری تاج لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٢دا .

جالێرەدا لەگێڕانەوەکەی میر بصری دا ڕۆژی کارەساتی کوشتنی مارشەمعونی بەهەڵە داناوە چونکە ئەو کارەساتە لەکۆتایی مانگی مارتدا بووە جگەلەوەش خزمایەتی سەید تەهاو سمکۆش ڕاستە چونکە هەردووکیان زاوای یەکتری بوون ، بەڵام سەیدتەها هیچ کاتێ خۆی بەڕاوێژکار نەزانیوە، بەڵکو خۆی لەسمکۆ پێ گەورەتر بووە بەهۆی

پێگەی شێخایەتی یەکەی و دەنگۆی هاندانی سەیدتەها بۆ چەکدارەکانی کە هەرچیان پێ دەکرێ لەمەهاباد دا لە کاری نابەجێ و ڕاوڕوتدا درێغی نەکەن . ئەمەش بۆ ئەوەی لەسەر سمکۆ بکەوێت وشکۆی سمکۆ بێنێتە خوارەوە چونکە ئەو ناوو ناوبانگەی سمکۆی پێ خۆش نەبووەئەمەش بەفیتی ئینگلیزەکان بووە.

کریس کۆچێرا لەکتێبەکەیدا لەبارەی سمکۆوە دەنوسێ: سمکۆ پیاوێکی پڕ نەزاکەت و سەلار بوو ،جوانی جل و بەرگەکەی زۆر کاری لەئینگلیزەکانکردوەو بارەگاکەی لە چهریق (چارێ)نزيك سنوری تورکیا لەوپەڕی دەریاچەی ورمێ دا لەکەناری ئەو قەڵایەدابوو کەباوکی لەسەر تاوێرێکی ناوەندی ڕووبارەکەدا دروستی کردبوو، کە بەڕاستی لە هێلانەی هەڵۆ دەچوو ، کۆشکێکی هاوچەرخی گەورەی دروست کردبوو لەگەڵ تەویلە بۆ ئەسپ و چێشتخانەو شتی دیکەیشی لەدەوری دروست کردبوو، ئێرانیەکان دوای شکستی سمکۆ، پیانۆیەکیان لەم کۆشکەدا دۆزییەوە. هەرچی مێژووە باسی ئەوە ناکات کەچۆن ئەم پیانۆیەی لابووە سمکۆ یەکێك بووە لەدیاردە سەیرەکان کەهێڵی تەلەفۆنی لەبارەگاکەی خۆیەوە لە(چارێ) وە بۆ (مەهاباد) و دیلمان (کۆنەشار)و زۆربەی ناوچە سەرەکیەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕاکێشاوە، ئێرانیەکان دەیگێڕنەوە کە سمکۆ نەیارانی خۆی لەسەر قەڵاکەی باوکیەوە هەڵداوەتە خوارەوە و کوشتوونی(٤٠).

لێرەدا هەندێك ڕاوبۆچوون هەیە لەسەر پیانۆو هێڵی تەلەفۆن و تەنانەت ئەو گالیسکەیەی کەبەدیاری بۆی هاتبوو. سمکۆ ماوەیەك سەردانی ناوچەکانی تفلیس و ڕوسیای کردبوو فێری گەلێك داب و نەریتی گەلانی تر بووەو، ئەو گالیسکەیەی ناوی (بایتون)بوو سیزاری قەیسەری ڕوس بەدیاری بۆی ناردبوو، ڕەنگە پیانۆکەش بەهەمان شێوە بێت چونکە بنەماڵەکەی وا باس دەکات، کە دۆستێکی زۆری هەبووە لەڕوسیاو ئەمەریکاییەکانیش کە نەخۆشخانەیەکیان هەبوو لەناوچەکەدا سمکۆ زۆر هاوکاریان بووە و پەیوەندییەکی دووقۆڵی باشیان هەبووە، بەڵام هێڵی تەلەفۆن ئەوە واباس دەکرێ کە سمکۆ ئامۆزایەکی هەبووە بەناوی(عیساخان) کوڕی سوڵتان ئاغای پیاوی ئێران بووە و پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبووە. عیسای کوڕی مامی لە کاری حکومەتیدا لەهێڵی بێ سیم کاری کردووە و کەسێکی زۆر شارەزا بووە، تەنانەت بێ سیمەکانی دکتۆرە ئەمەریکاییەکانیش کە کێشەیان بووبێت لەئامێرەکانیاندا عیسا دەستبەجێ بۆیانی چاك کردۆتەوە ڕەنگە ئەو هێڵە تەلەفۆنەش هەر عیسا ئەنجامی دابێت. کریس کۆچێرا لە زمانی یەکێك لەئەفسەرە ئێرانیەکانەوە دەیگێڕێتەوە کە بەشداریکردووە لەسەرکوتکردنی شۆڕشی سمکۆی شکاکداو دەڵێ: سمکۆ ئەو کەسە (سادەو ساکارە)نەبووە کە ئێرانیەکان دەیانەوێ وەها ناوی بهێنن.کریس کۆچێرا درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: سمکۆ لەوە دڵنیا بوو کە

داڕووخان و هەرەسی ڕژێمی پاشایەتی ئێران جیابوونەوەی کوردستانی لێ دەکەوێتەوە بە سەربەخۆیی بێت یان ئۆتۆنۆمی. لەساڵی ١٩٢٢دا سمکۆ لەنامەیەکی تەنزئامێزدا بۆ موزەفەر (حەسەن موقەدەم) کە ئەو سەردەمە فەرماندەی فەوجێك بوو لەئازەربایجان پاشان گەیشتە پلەی فەرمانداری هێزەکانی ئێران لەئازەربایجان وەکونووسیویە: **(بینیمان چۆن میللەتانی بچوکی جیهان کەچواریەکی هۆزە کوردییەکانیش نین، خود موختاری خۆیان لەدەوڵەتانی گەورەی وەکو دەوڵەتانی ئەڵمان وەرگرت. ئەگەر میللەتی گەورەی کورد نەتوانێ مافی خۆی لەئێران وەربگرێ، پێی باشترە لەهەل و مەرجی ئاوادا بمرێ و نەمێنێ. دەوڵەتی ئێران بیەوێ و نەیەوێ ئێمە کوردستان ئازادو خود موختار دەکەین، ئیدی گوناحە بەخۆڕایی خوێنی خەڵکی کورد بێتە ڕژان)**. ئەمە ڕاوبۆچوونی سمکۆی شکاکە لەسەر بەردەوامی لەخەبات تا سەرکەوتنی یەکجارەکی نمونەکانی کە دەیهێنێتەوە،بەئاگای سمکۆ نیشان ئەدات لەدنیای دەرەوەدا. پەیوەندییە فرە لایەنیەکەی سمکۆ دەرکەوتووە بۆی کە کێ دۆستو کێ دژ بەگەلەکەیەتی بۆیە هیوا بڕاو نەبووە زۆر بەورە بەرزییەوە ئاسۆی گەلەکەی دەبینێ و باوەڕی بەتواناکانی خۆیو میللەتەکەی هەیە.

ئەحمەد ئاغای پشدەری لەبیرەوەریەکانیدا دەڵێ: ئیسماعیلئاغا پیاوێکی دڵسۆزی کورد و بەسمکۆ بەناوبانگ بوەو سەرۆکی عەشیرەتی

شکاك بوو. سەرکردەیەکی نەترس و زیرەك و ڕاشکاو بوو چوارشانە و جوان بوو، گەلێك بەقسەبوو قسەی بەجیٚ و ڕێی دەکرد، زانابوو پێی خۆش بوو دەسەلاٚت و توانای خۆی بزانیٚ، خوێندەوارییەکی کەمی هەبوو بەلاٚم تورکی و فارسی و هەتا ڕوسیشی دەزانی)[٤١].

هەرچەندە سمکۆخوێندەوارێکی بەهێز نەبووە، بەلاٚم لەگەلٚ ئەوەشدا هەمیشە لەهەولٚی بەدەست هێنانی زانستدا بووە کە بتوانیٚ بوارێك بڕەخسێنێت بۆ منالاٚنی کورد کە فێری خوێندەواری ببن بۆ ئەو مەبەستە توانی بەهاوکاری و پشتیوانی (چێرکۆف)نوێنەری ڕووسیا لەناوچەکەدا بۆ جاری یەکەم لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە یەکەم قوتابخانەی کوردی لە ١٠/٢٧/ ١٩١٣ دا لەشارۆچکەی (خۆی)بکاتەوە ، ئەمە لەو ڕۆژگارەدا سەدایەکی باشی هەبوو لەناوچەکەدا هەرچەندە لەمپەرو ڕێگر زۆر بوون بۆ پەشیمان کردنەوەی سمکۆ، تەنانەت هەڕەشەو چاو سورکردنەوەشی تێکەوت بەلاٚم سمکۆ هەر بەردەوام و سور بوو لەسەرکردنەوەی قوتابخانەکە تا ڕۆژی ١٩١٣/١٠/٢٧ بەئامادەبوونی چیرکۆف و خەلٚکێکی زۆر قوتابخانەکە کرایەوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەولێك بووەوکارێکی ئاسایی نەبوو. دوا بەدوای قوتابخانەکە بەهاوکاری سەید تەهای شەمزینی (کۆمەلٚەی ئیستیخلاٚسی کوردستانیان لەسالٚی ١٩١٤دا دامەزراند. کە داوای مافی گەلی کوردیان دەکرد.هەرچەندە تەمەنی ئەم کۆمەلٚەیە کورت بوو ئەوەش بەهۆی

بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەمەوە. پاشان سمکۆ.هەستی بەبۆشاییەکی گەورە کرد لەبواری ڕۆشنبیری داو وا بەلایەوەپێویستی کردووە لەو ڕۆژگارەدا کە هەر چۆنێك بێت ڕۆژنامەیەك دەربکات. ئەوەبوو لەکۆتایی سالانی ١٩١٩دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەیدەرکرد بەناوی (ڕۆژی کوردو شەوی عەجەم) کە هەفتەی جارێك دەرئەچوو نرخی سالانەی لەناوچەکانی فارس پەنجا قران بوەولەدەرەوەی ناوچەکەی شەش قران و نرخی هەر ژمارەیەکیش دە شایی بوو ڕۆژنامەکەش تەنیا ئەو وتارانەی بلاودەکردەوە کە لەبەرژەوەندی گەلی کورددا نووسراون.

سمکۆ وتارێکی تێدا بلاوکردۆتەوە لەژێرناوی (مرۆڤ ئەوەی کە دەیەوێ تەنها بەهەولدانی خۆی پێی دەگا).

وتارەکەش سەبارەت بە کۆمەلگای کوردەواری و ئابوری و عەدالەت و چەوسانەوەی لەژێر دەستی زۆرداراندابووە کە دەلێ (ئایا دەزانن گەلی کورد لەلایەن بێگانەکانەوە چەند مافی پێشێل کراوەو وەبەر شالاوی ڕاوەدونان و کوشتن کەوتووە؟ کەواتە بەبێ چەند و چۆن دەبێ بزانن کە گەلی کورد نە سەروەت و سامانی ماوەو نەگەل و نە مرۆڤایەتی و نەهێزو نەکەرامەت. ئاشورییەکان کەلە ئەرمەنیەکان زۆر ڕق ئەستورتر بوون ناموس و کەرامەتیان بەکوردەوە نەهێشت، فارسەکانیش کە هاو ئاین و بران، هەمیشە زولم و زۆریان لێکردوون و لەهەموو هەلێك گەڕاون

بۆ لەناوبردنی ئەم گەلە کەڵکیان وەرگرتووە، ئێوە شاهیدی ئەو زوڵم و زۆرەی دەوڵەتی ڕووسیابوون کەلەکاتی داگیرکردنی کوردستان دا بەبیانوی جیاوازی ئاینییەوە چییانبەکورد کرد؟ تەماشای ئەو برا دینیانەی کوردبکەن، کەنەك هیچ هاوسۆزییەك لەگەڵ کورد ناکەن، بەڵکو لەو تراژیدیایەش بێدەنگن کە بەسەری هاتووە، کردەوە پیس و دزێوەکانی ئەوانیش کەتا ئێستا بەردەوامە هەموو سنورێکیان بڕیوە، کە زمان لەدەربڕینییان عاجزە، ئێمەی کورد جگە لەیەکگرتن و یەکێتی هیچ ڕێگایەکی ترمان بۆ ڕزگاری لەدەست دوژمنان نی یە. هیچ ئامڕازێکی تر بۆ ئەم گەلە بێبەش و بیٚ پشتیوانە نییە جگە لەوەی دەست لەناو دەستی یەك بنێین. ڕێگای ڕزگاریمان هەر ئەوەیەو هیچی تر. من کوردم و ژیانم لەپێناوی ڕزگاریو بەختەوەری گەلەکەم بەخت کردووە و بەختی دەکەم، بەڵام بەپێی ئەو پڕوپاگەندانەی فارسەکان لەسەرمن بڵاویان کردۆتەوە، کردەوەکانی منیان بەخراپەکاری داناوەو بەخراپەکاریش ناوم دەبەن ، بەڵام من چەتەو ڕێگر و خراپەکارنیم، من پارێزەری مافم، بەڵام فارسەکان زۆردارو دزن، تائێستاش هەر خەریکی تاڵان کردنی وڵاتی کوردستانن و سوکایەتی بەکورد دەکەن و هەوڵی لەناوبردنی هەموو دەستکەوت و کەرامەتی کورد دەدەن، تێکڕای ئەو کەسانەی دڵیان بۆ کورد دەسوتیٚ و گەلەکەی خۆیان خۆش دەویٚ

دەبێ دەست لەناو دەست بنێن بۆ خزمەت و ڕزگاری گەلەکەیان لەدەست زۆردارانی فارس و بنبڕکردنیان و پشتگیری لەکورد بکەن.

واتە ئەوانەی کە بنەماڵەو خانوبەرەکانمان لەناودەبەن ودەیڕوخێنن ئەوەی پەیوەندی بەئێمەی کوردەوە هەیە ئەوەیە کە ئێمە ئامادەی مردن و خۆبەختکردن بین بۆ گەل و نیشتیمانەکەمان.[٤٢].

ئەم وتارەی سمکۆ هەرچەندە بەرواری لەسەر نی یە دیارەهەر بەبۆنەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە نووسراوەکە هاوکاتە لەگەڵ دەرچوونیدا.بەڵام لێرەدا هیچ ئاماژەیەك بۆ ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەکە نییە. من بۆ ئەوە دەچم ڕۆژنامەکە لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٠و بەدواوە بەردەوامی بووە. بۆیە بۆچوون لەسەر ئەوەیە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠بێت و چونکە لەهەمان ژمارەدا ئاماژە بە٩ی حوزەیرانی ١٩٢٢کراوە بەڵام جێگای گومانە. ناتوانین ڕاستی ئەو مێژووە وەربگرێت(نوسەر) . سمکۆ وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی بیری کردۆتەوە و تێڕوانینی بۆ بەشەکانی تری کوردستانەڕوون وئاشکرابووە. بۆیە هەموو دوژمنەکانی هەمیشە لەبەرەیەکدا کۆبونەتەوە دژ بەسمکۆ.

شێخ لەتیفی کوری شێخ مەحمود لەیاداشتەکانیدا دەڵێ: لەدوای بەدیل گرتنی شێخ مەحمود ڕوومان کردە خۆرهەڵاتی کوردستان. دوا شوێنمان لای سمکۆی شکاك بوو. کە سمایل خان هەر لەمێژبوو لەسەر شانۆی ڕامیاری دەوریی دەبینی و جارێك لەگەڵ ئێران دەجەنگاو جارێکی دی

دژ بەتورك، ئینگلیزو ئێرانیەکان و، تورك هەردەم خەریکی پیلان دانان بوون بۆ لەناوبردنی، بەڵام وورپایی سمایل خان(سمکۆ) وای کرد پیلانە گڵاوەکانیان سەرنەگرێت[٤٣]. ئەمەش دڵسۆزی سمکۆ دەرئەخات، لەکاتێکدا کەبنەماڵەی شێخ مەحموود کە ڕوویان کردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە مەحموود خانی دزڵی کە توانی نزیکەی مانگێك پەنایان بدا ئیتر کەم کەس هەبوو بتوانێ لەترسی ئێران و ئینگلیزەکان پەنای منداڵەکانی شێخ بدات، جگە لە ڕۆستەم بەگ و سەیفە دین خان کە هاوکارییەکی باشی ئەو خێزانانەیان کرد. ئەمەش لەکۆتاییدا بەگیانی خۆیان تەواو بوو. کە چوونە لای سمکۆش ئەویش مێژوویەکی کوردانەی تۆمارکرد کە هەمیشە بەشانازی یەوە لەیادەوەریدا دەمێنێتەوە.یەکێك لەنووسەرە عەجەمەکان بەناوی سەروان کاویان پوور ڕای لەسەر سمکۆ بەم جۆرەیە کە دەڵێ: ئەمڕۆ سمکۆ بۆ ئازادی کوردستان هەوڵ ئەدا... ئایا قانونی ئەساسی دەربارەی کوردستان ئامادە ئەکا؟ ئایا سمکۆ بۆ ئەوە تێدەکۆشێ ئەو ناکۆکیەی لەناو کوردەکاندا هەیە نەیهێڵێ؟ نەخێر ئەمانە هیچیان ناکا... ئەی کەواتە چی ئەوێ؟ پەلاماری ئاواییەکان ئەداو کێڵگەکان تالان ئەکا وبەنامە داوای پول و پارە ئەکات لە خەڵکی(لەکستان)و خەڵکی سەڵماس و دەوروپشتی ئەڕوتێنێتەوەو داوای سەرانەیان لێ دەکات ، کەلەناوچەکەدا هەندێ کریستیانیش توشی زیانی گیانی و ماڵی بوون لەوانەی کە ئەیانەوێ لەخاك و ماڵی

خۆیاندا بەئارامی گوزەران بکەن.ئایا مانای ئازادی ئەمەیەکەسیاسەتمەدارانی بێگانە ئەیانەوێ؟[٤٤] خوێنەری ئازیز سەروان کاویان پوور لێرەدا وا خۆی نیشان ئەدات کەئەوان ئەتوانن قانونی ئەساسی بۆ کوردەکان ئامادە بکەن وەك ئەوەی کە بەئارەزووی خۆیان ماڵ و موڵکی کوردەکان داگیربکەن و لەخاکی خۆیاندا لەناویان بەرن و هەریەکەیان بیانویەکیان بۆ بدۆزنەوەو ئینجا تۆمەتی دزی و ڕاوو ڕووت بخەنە پاڵیان و لەناو خەڵکدا ناشیرینیان بکەن. ئایە عەجەم هێندە بەپەرۆشە بۆ مافی مرۆڤ؟ ئەگەر وایە لەگرتنەوەی شاری مەهاباد دا زیاتر لە پانزە هەزار کورد قەتل و عام کرا. دەکرێ لەسەروان کاویان پوور بپرسین مافی مرۆڤ و ئارامی خەڵك لەکوێی بۆچوونەکەیدایە؟ جگە لەقازی محەمەد کە خۆی ڕادەست کرد بەرێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستان. تەنانەت قازی سیانزە کیلۆمەتر بۆ گوندی حەمامیان چوو بۆ پێشوازی کردنی لەشکری ئێران. ئەمەش دوای ئەوەی کە قازی زانی بەری سوپای پێ ناگیرێ لەبەربەرژەوەندی میللەتەکەی کردی لەئەنجامدا خۆی و براو دوانزەکەس لەناسراوترین فەرماندە سەربازیەکانیان بەدەستی فارسەکان کوژران،لەپای چی بوو ؟ ئێستاش بەهەمان شێوە بەرامبەر غەیری نەتەوەی خۆیان هەمان بیرکردنەوەیان هەیە تەنانەت نووسەرە عەجەمەکان هێندە شارەزان لەناوزڕاندنی نەیارەکانیاندا بڕوا بەخەڵکی هەمان نەتەوە دەهێنن کە ئەوان خەباتی بۆ دەکەن و لەپێناوی ئەواندا

قوربانی ئەدەن. هەر بۆ ئەمەش مستەفا پاشا یامولکی لەو سەردەمەدا خۆی دەگەیەنێتە سمکۆو چاوپێکەوتنێکی گرنگی لەگەڵ ئەنجام ئەدات، کە ئەمڕۆ گرنگیەکی زۆری هەیە و وەڵامێکیشە بۆ ئەوانەی کەلەژێر کاریگەری نووسەرە فارسەکاندا بیرکردنەوەی خراپیان بەرامبەر بە سەرکردەکانی خۆمان هەیە. لەنێوانیشیاندا سمکۆ کە زۆرترین نووسەری فارس بەیت و بالۆرەیان لەسەر هۆنیوەتەوە. ئەمەشبەشێك لەو چاو پێکەوتنە ڕۆژنامەوانیە گرنگەیە کە لەڕۆژنامەی کوردستاندا بە درێژی بلاوکراوەتەوە.

پرسیار: لەماوەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوودا لەدژی حکومەتی ئێران جوڵایتەوە، مەبەست لەم بزوتنەوەیە چی یەو بەتەمای چ جۆرە دەسکەوتێکیت دەستگیرت بێت.

وەڵام(عەجەمەکان ڕقیان لەکوردە، من بەهەموو توانای خۆمەوە هەوڵ ئەدەم کوردەکان ڕێك بخەم، بۆ ئەوەی لەدەستدرێژی فارس ڕزگاریان بێت، هەر بۆیە پار شاری ورمێم گرت لەگەڵ ئەو ناوچەیەی کەلەڕابردوودا کوردی بووە، دواتریش شاری سەڵماس و ئەمساڵیش فارسەکانم لە مەهاباد دەرپەڕاند.

پرسیار: باشە تۆ هەوڵ دەدەی بۆ ئەوەی کورد ڕزگارو ئازاد بکەیت و سەربەخۆییان بۆ سازبکەیت؟ ئەی بۆچی پێش هەموو شتێك ناوچەی وان و ئەرزڕۆم و بەتلیس و هەکاریو خەرپوت ڕزگار ناکەیت و ئەو

خەڵکە ڕێك ناخەی، کەماوەیەکە لەژێر جەورو ستەمی تاقمەکەی مستەفا کەمال دان؟

بۆچی ئاڵای تایبەتی خۆت هەڵناکەی، تا دەری بخەیت کەوا مەبەستت لەو جوڵانەوەیە خوێن ڕشتن نی یە، بەڵکو مەبەستت سەربەخۆییە؟

وەڵام: (من وای بەباش دەزانم کەلەپێشدا لەئێرانەوە دەست پێ بکەم. من هیچ بەچاکی نازانم، لەم ڕۆژەدا لەگەڵ تورکەکاندا تێکی بدەم، چونکە ئەوان بەتفەنگ و فیشەك یارمەتیم ئەدەن، من هیچ بەپێویستیشی نازانم بۆ بێگانە بەیان و بڵاوکراوە بڵاوبکەمەوە، چونکە ئەوان زۆر باش شارەزای ئەوەن کە ئێمە بەشێوەیەکی خێڵایەتی دەژیین، جگە لەمەش بیستوومە ئەوروپییەکان لەناوخۆیاندا لەکێشەو مشتومڕدان بۆیە پێویستە ئێمە تێکۆشین و پشتیش بەهێزو دەسەڵاتی خۆمان ببەستین و نەهێڵین فارسەکان بگەڕێنەوە ورمێ و سابڵاخ. ئێمە بەهیچ جۆرێك کۆڵ نادەین و تا تاقە شکاکێك مابێ لەو ڕووەوە بەرهەڵستی دەکەین)[٤٥]

وادەرئەکەوێ هەرلەسەرەتاوە سمکۆ هەوڵی یەکبوون و یەك هەڵوێستی کوردی لاگرنگ بووەو زانیویە ئەگەریەکگرتوونەبن ئەوا هیچیان بۆ ناکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش سمکۆ هەڵوێستی توندی هەبووە. ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنی بووە لەڕزگارکردنی ورمێ و سەڵماس و مەهاباددا. بۆچونەکانی سمکۆ زۆر سیاسییانە بووە ، کەڕای وابووە لەئێرانەوە

دەست پێ بکات .چونکە هێزو توانای خۆی و نەتەوەکەی باش ناسیوە لەگەڵ ئەوەشدا توانای دارایی و سەربازیشی باش هەڵسەنگاندووە، جاری وا هەبووە سمکۆ لەشکرەکەی لە دەهەزار چەکدار زیاتر بووە. بەڵام کەنشوستییەکی کاتی بەسەرداهاتووە، تەنیا هەزار کەسی لەگەڵدا ماوەتەوە و ئیتر هەموویان چونەتەوەماڵەوە ئەگەر عەجەمەکان زۆریشیان لێ بکردنایە ئەوە ڕەنگە زۆر شتی خراپیشیان بکردایە بەرامبەر بە شۆڕش کە بەشێکیان ئەو کارەشیان کرد. هەروەك لەکۆتایی ساڵەکانی ١٩٢٢دا لەدوای شەڕەکانی میاندواو سەری تاش و شەڕی شەکریازی دەرکەوت. کە هەندێکیان سمکۆیان جێهێشت و لای کاربەدەستانی سوپای ئێرانیش ووتیان سمکۆ ئێمەی هەڵخەڵەتاندووە و ئێمە هەڵەمان کردووە کە دوای سمکۆ کەوتین و شەڕی ئەرتەشی ئێرانمان کردووە و پەشیمانی خۆیان ڕاگەیاند. بەڵام ئەوانەی کەسەر بەخێڵەکەی خۆی بوون پشتی سمکۆو شۆڕشەکەیان بەرنەدا تا زۆربەیان لەو پێناوەدا کوژران.

هەرچەندە سمکۆ وەکو سەرۆك خێڵێك هاتە مەیدان، بەڵام ڕاوبۆچوونەکان زیاتر کراوە بوون بەڕووی هەموو خەڵکی کوردستاندا بێ جیاوازی لەنێوان خێڵە کوردی یەکاندا، هەندێ جاریش لەخێڵە غەیرە کوردیەکانیش بەشداری شۆڕشیان کردووە، تەنانەت ئەحمەد ئاغای برای سمکۆ، ڕاوبۆچوونی لەگەڵ سمکۆی برایدا یەکیان نەگرتۆتەوە

چونکە ئەحمەد ئاغا دەیویست زیاتر گرنگی بەمەسەلەی خێڵایەتی بدرێت لەبەرئەوەی زۆرترین بەشداربوی شۆرشەکەی سمکۆ چەکداری خێڵەکانبوون .بەڵام سمکۆدژی ئەو ڕاوبۆچوونەی ئەحمەد ئاغا وەستاوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەخەڵکە ناسراوەکەی نزیك سمکۆ ڕاوبۆچونیان لەگەڵ ئەحمەد ئاغا بووە، ڕەنگە هانە هانەی ئەحمەد ئاغایان دابێ دژ بەسمکۆ. تا کار گەیشتە ئەوەی شەوێك لەشەوەکان ئەحمەد ئاغا چووە سەر ماڵی سمکۆو هەندێك تەقەی بەسەر ماڵەکەیدا کردووە. کاتێك سمکۆ بەمەی زانی بەلایەوە جێگای سەرسوڕمان دەبێت کەئەمە ڕووی داوەو بۆیە بۆ بەیانی سمکۆ بڕیاریدا کەئەوانەی لەپشت ئەحمەد ئاغای برایەوەن سزایان بدات، کاتێك دوای کێشەکە کەوت بۆی دەرکەوت کە هەندێك لەکەسە ناسراوەکانی خۆیان لەم کارەوە تێوەگلاون، لەوانە (میرزا محەمەد، تەمەر، حاجی، میرزا عەتمانی، محی عەتمانی) سمکۆ ناردی بەشوێن هەر پێنج کەسەکەداو هێنانی بۆ گوندی (هووەسن)کە گوندێکی سمکۆیەو خۆشی ئەو ماوەیە لەو گوندە ئەمایەوە. کاتێك سمکۆ خەڵکی ناوچەکەی کۆکردەوە، قسەی بۆ کردن کە دەرئەنجامی هەر کارێك کە زیان بەیەکڕیزی کورد بگەیەنێ سزای ئەوکارەقورس دەبێت، بۆیە ووتی بچن مەنجەڵێکی مسی گەورەم بۆ بێنن لەگەڵ کۆتەی قەسابدا واتە( ئەو دارەی گۆشتی لەسەر ئەجنن) ولەگەڵ هیزەیەك ڕۆن پاشان مەنجەڵیان خستە سەر ئاگرو

ڕۆنیان تیَ کرد، ئینجا یەك یەك ئەو پیَنج کەسەی بانگ کردو لەبەرچاوی خەڵکەکەوە ووتی ئەوە سەر ئەنجامی کارەکانتانە کە ویستتان لەڕێگەی ئەحمەد ئاغای برامەوە ناکۆکی بخەنە نێوانمان بۆیە بڕیارم داوە نەتانکوژم بەڵام هەریەکێکتان دەستی چەپی دەبڕمەوە. یەك یەك بانگی کردن و دەستی چەپی پەڕاندن و خێرا دەیکرد بەناو ڕۆنە قرچاوەکەدا. تا هەموویان تەواوبوون ئەمەش وەك کاردانەوەیەکی توند دژ بەهەر کەسێك کە کاری ئاژاوەو ناکۆکی دروست بکات ئەو کەسانەش لەناو عەشیرەتی شکاکدا ناسراون و ئەو مەسەلەیەش ئاشکرا یەلەناویاندا.

هەر ئەوەیە وای کردووە سمکۆ بەکەسێکی توندڕەو لەدنیای ناوخۆو دەرەوەدا بناسریَ بەڵگەش بۆئەمە یەکێك لە مسیۆنێرەکانی ئەمەریکا بەناوی (H.MACKENSEN) لەنووسینەکانیدا دەڵێ: (بۆیەکەمجار لەدۆڵی دوونە چاوم بەسمکۆ کەوت لەقەڵایەکی سەختدا بەشوێنێکی بەردەڵانیەوە بوو ڕۆژی جەژنی سەری ساڵ بوو دوو کەس بوین نانی ئێوارەمان لای ئەو خوارد. سمکۆ لە دیمەن و شێوەدا مرۆڤێکی کارامەو لێهاتوو دێتە پێش چاو و تەمەنی (٣٥)ساڵە ( ئەومیوانداریە لەساڵی ١٩١٧ دا بووە) و باڵاکەی مامناوەندی یە کە زۆربەی عەشیرەتەکەی باڵا بەرزن ،لە ڕۆیشتندا زۆر گورج و گۆڵ و تیژڕەوەو دووچاوی سەیری پێوەیەو مرۆڤێکی خۆش مەشرەبەو کابرایەکی بزێوە و بێدەنگ دانانیشیَ و پیاوێکی چاو قایمەو لەهیچ شتێك سڵ ناکاتەوە، ئامادەیە

هەرچی بەبیردا بێت بیکا و خۆی ئەهاوێتە هەموو گێژاوێکەوە، شانبەشانی ئەوەی کە چەکدارەو زیرەك و وریایە و بەپێی ڕۆژ سیاسەتی خۆی ئەگۆڕێ(PApock)ی کۆنسوڵ و تاقمەکەی هەفتەیەك لای سمکۆ بوون و لە قسەکانیدا دەرئەکەوێ کە سمکۆ هەمیشە لەبیرکردنەوەی تۆڵەسەندنەوەدایە لەوانەی کە براکەیان کوشتووەو، بەهەموو شێوەیەك دژی شایەو ئەوانیش زۆر لێی پڕن و ڕقیان لێیەتی.

لەقسەکردندا بوو سمکۆ ڕووی کردە چیاکان و وتی: فریای میللەتی کورد بکەون کەلەو شاخانەدا، لەبرسانا ناچاربوون گیابخۆن. پاشان داوای لە هەرسێ دەوڵەتە گەورەکەی ئینگلیزو فەڕەنساو ئەمەریکا کردکەیارمەتی کورد بدەن و ئەڵێ: من چی بکەم بۆ ئەوەی دەنگم بگەیەنمە پاریس بۆ ئەوەی فریای کورد بکەون و یارمەتی کورد بدەن ، دەیگوت تۆ لەجیاتی ئێمە دەنگمان بگەیەنە بەو وڵاتانەو داوای ناردنی خۆراکیان لێبکە بۆ ئەم میللەتە برسی یە.

پێویستمان بە قوتابخانەو، هەروەهالەسەری دەڕواو دەڵێ : پێویستمان بەهەموو شتێك هەیە کە کورد بەرەو شارستانیەتی بەرێ، من بڕوام بە ڕووس و تورك و ئێران نییە و هەموو درۆزنن و ڕاستگۆنین، ئێوەن کەهیوای ئەوەتان تێدابێت کەیارمەتی کوردبدەن[٤٦].

سمکۆ لێرەدا کە دانیشتنی کردووە لەگەڵ کۆنسوڵ و مسیۆنێرێك دا کە ڕۆژێکی خایاندووە ئەو هێندە دەردە دڵەی هەڵڕشتووە. ڕەنگە ئەمە

بەشێکی زۆر بچووك بێت لەخەمەکانی ،کە خۆی سەرقاڵ کردووە پێوەی، تا ئەو ڕۆژەی کە شەهید بوو. بەهەمان شێوە لەنامەکەیدا کەبۆ بابکر ئاغای پشدەری دەنێرێ و دەڵێ: کەس وەکو من و تۆ لەدنیا تێناگات. ئەگەر کورد شتێکی بۆ بکرێ ئەوا تەنیا لەڕێگەی ئینگلیزەوەیە. بۆیە تکا لە بابکر دەکات و پێی دەڵێ بەڵکو پردێکی پەیوەندیم بۆ دروست بکەیت لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، ئەگەر بیانەوێت بۆ هەر شوێنێك بڕۆم ئەوا ئامادەم بچم لەگەڵ ئەوەشدا تا کۆتایی بڕوای وابوو کە ئینگلیز ئەگەر بیەوێ کورد دەکات بەحکومەت و لەو کوشت و کوشتارە قوتاری دەکات بەڵام نەئینگلیزو نەفەڕەنسیەکان و نەئەمەریکیەکان هیچیان ئاوڕیان لەو نەتەوە بەشخوراوە نەدایەوە.

کاتێك گاسفێڵد کە سەرۆکی دکتۆرە فەڕەنسیەکان بووە لەناوچەکەدا لەیەکێك لەڕاپۆرتەکەیدا ژمارە(N.7.16404.) کە لەساڵی ١٩١٩ دانیال مەتی وەریگێڕاوە دەڵێ: کاپتەن گاسفیلد کە لە١٠ی ژانوەی ١٩١٨ لەگەڵ سلیمان خان کە یەکێکە لە سەرۆکی کوردەکانی شنۆ، یەکترمان بینی کە ڕەنگە ناویشتان بیستبێت کە ماوەیەکی زۆر دۆستی روسەکان بووە. پاشان دانیال مەتی لەباسەکەیدا ئەڵێ: کە دکتۆر(کۆژۆل)ی فەڕەنسی جارێك لەگەڵ کۆلۆنێل (شاردنی)دا بووە، دەعوەتی بۆ کردووە، لەو دانیشتنەدا بۆی دەرکەوتووە کە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان فەڕەنسیەکان و سمکۆدا تا ئەو کاتە

نەبووە، ئەگەرچی کۆلۆنێل (شاردنی) لەم پیاوە ڕێگرە و لەڕەفتارەکانی دڵنیانەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ئەوەیداوە کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆوا لە سمکۆ بکرێ کەبەرەو هاوکاریکردن لەگەڵ فەرەنسیەکانا بڕواو لێیان نزیك بێتەوە. ساتێك کۆلۆنێل (شاردنی) لەساڵی ١٩١٨دا چاوی بە (کەمال بەدرخان) کەوت کەلە (تەفلیس)بوو کەمال بەدرخان سمکۆی لە نزیکەوە دەناسی، (شاردنی)توانی کەمال وا لێ بکات کە لەو ڕووەوە نامەیەك بۆ سمکۆ بنوسێت، هەرچۆنێك بوبێت، دبلۆماسیەتی فەرەنسا لە دواییدا زۆر خەفەتی ئەوەی دەخوارد کە بۆچی کاتی خۆی بایەخیان نەداوە بە سمکۆ کە بەخۆرایی لە کیسیان چوو بوو [٤٧].

سمکۆ لای هەندێك لە نووسەرە کوردەکان بە کەسایەتیەکی ئاژاوە گێڕو تۆڵەسێن دەناسرێ تەنانەت هەندێ لەو نوسینانە ڕەنگە تەنیا ڕای نووسەرەکە بێت بەرامبەر بە کەسایەتی سمکۆ مەلا ئەحمەدی پێنجوێن لە کتێبەکەیدا لاپەڕە ١٧٤-١٧٥ نوسیویەتی: کە سمکۆ پیاوێکی زۆر ئازاو دلێرو فیداکاربووە، بەڵام توڕەو ڕق ئەستورو تۆڵە کردنەوەی لە ڕێبازی ڕاستەقینە لایداوە، لەمەیدانی کارو خەباتیشدا هەر پشتی بەخۆی بەستووە کە ئەوە بۆ هیچ کەسێك سەرکەوتوو نیە بەتایبەتی بۆ کەسایەتیەك کە بیەوێ، شۆڕش و دامەزراوەیەك و فەرمانڕەوایەتییەك لەسنورێکدا دابمەزرێنێ و بەڕێوەی بەرێ . جا لێرەدا من لەمامۆستا

مەلا ئەحمەدی پێنجوێن دەپرسم ئەی سمکۆ پشتی بەکێ ببەستایە لەو ڕۆژگارە ناهەموارەدا جگە لە گەلەکەی، ئەوەشی کە کردی هەر بەپشتی عەشیرەتەکەی خۆی و ئەو عەشایەرانەی دەوروبەری بووە، ئەگەر کەسایەتییەکی گەورە ڕووی لەسمکۆ کردبێ و نیازی پاك بووبێ دەکرێ بڵێین سمکۆ کاری لەگەڵ نەکردووە؟ کاتێك کە عەبدولڕەزاق بەدرخان هاتە لای سمکۆ، ئەوەی ئەو ویستی سمکۆ هەنگاوی لەگەڵ نا؟ هەر لە کردنەوەی قوتابخانەکەی شاری خۆی و دروستکردنی کۆمەڵەی جیهاندانی تا دروستکردنی کۆمەڵەی ئیستیخلاسی کوردستان لەگەڵ سەید تەهای شەمزینی لەسالآنی پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا. کە جەنگیش دەستی پێکرد هەموو بەرنامەکان هەڵوەشانەوەو بارودۆخێکی جیاواز لەپێشووتر هاتە ئاراوە.

بۆیە دەتوانین بڵێین سمکۆ چاوەڕوانی یارمەتی و هاوکارانی کردووە هەروەها مەلا ئەحمەدی پێنجوێن لەبەشێکی تری کتێبەکەیدا دەڵێ : سمکۆ خەونی پاشایەکی هەبووە دیارە ئەمەش لەسەرچاوەیەکی ترەوە وەری گرتووە کە ئەو سەرچاوەیەش هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نی یە تا ڕاستی ئەوە دەربخات کە نوسیویەتی لە پایزی ساڵی ١٩٢٢دا لەشکرەکەی سمکۆ کە ژمارەی ١٠هەزار چەکدار ئەبوو. ڕایگەیاند کە (شا)ی کوردستانە، بەپشت بەستن بە بنەماو ماددەکانی پەیمانی سیڤەر، ئەنجومەنی وەزیرانی پێك هێنا و هەوڵی دا بەشێوەی دەوڵەتێك

پەیوەندی لەگەڵ دراوسێکانی دا دامەزرێنێ. ڕۆژنامەی کوردستان کەبەشێوەی ئۆرگانی دەوڵەتی سمکۆ دەرئەچوو هەتا ساڵی ١٩٢١ڕۆژ بەڕۆژ لەسەرکەوتندا بوو ژمارەی هێزی لەزیادبووندابوەو سنوری ژێر دەسەڵاتیشی بەرەو فراوانتر دەچوو ئەوەبوو لای خۆرهەڵات و باشورەوە گەیشتە ساین قەڵا واتە شاهین دژو سەقز). ئەمەی کەنووسراوە لەکتێبەکەی ناوبراودا دەقاو دەق ئەگەر وەری گرتبێ لەکتێبی (سمکۆی شکاك و شورشاوێ و بەڵگەی نامەیێ ئێراندا) هەڵەیەو جێگای گومانە. چونکە سمکۆ لەکام سەرچاوەدا ڕایگەیاند کە پاشای کوردستانە . لەچ ڕێگایەکەوە دەیویست پەیوەندی دەوڵەتداری لەگەڵ دراوسێکانی ببەستێ . هەر لەو ساڵەدا نەبوو جەواهیر خانمی خێزانی لەلایەن تورکەکانەوە شەهیدکراو خەسرەوی کوریشی بەدیل گیرا. عێراقی کە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزەکاندا بوو کەچی لەتەورێزو ورمێ وە دژایەتی سمکۆیان دەکرد.ئیتر کام دراوسێ . پاشان ڕۆژنامەکەی سمکۆ تەمەنی نەگەیشتە ساڵانی ١٩٢٢جگە لەچەند ژمارەیەك کە ئەوەش لەبەردەستدا نی یە یاخود ڕۆژنامەکە ناوی کوردستان نەبوو. ژمارەی یەکەمی بەناوی (رۆژی کوردو شەوی عەجەم) پاشان ناوەکەی بووبە (ڕۆژی کورد) دوای ئەوەش ناوەکەی گۆڕابوو بە (کورد) بەڵام نەگەیشتە ساڵی ١٩٢٢ لەلایەکی ترەوە دەڵێت ئەنجومەنی وەزیرانی پێك هێنا تا ئێسا نەبیستراوە کە ئەو کارەی کردبێ یان

سەرچاوەھەبێت بۆ بۆچوونەکەی  ھەروەھا سمکۆ دەسەڵاتیشی ھەبووە لەزۆربەی ناوچە کوردییەکانی ڕۆژھەڵاتی کوردستاندا تەنانەت دەسەڵاتی گەیشتۆتە خوار مەھابادو چەندین شارۆچکەو گوندی لەبندەستدا بووە بەڵام نەیتوانیوە حوکمڕانی تێدا بکات چونکە ھێزی دوژمن ھیچ کاتێك سمکۆیان غافڵ نەکردووەو ھەمیشە لەھەڵمەت بردندا بوون بۆ سەری تاڕۆژێ زووتر لەناوی بەرن .

عومەر مەعروف بەرزنجی لەکتێبەکەیدا بەناوی مەحمود خانی دزڵی شۆڕشگێڕی ڕۆژھەڵاتدا کە دێتە سەر باسی سمکۆ دەنوسێ: لەکوردستانی بەزۆر بەستراو بەئێرانەوە یان بەواتایەکی ڕاستر بە ڕۆژھەڵاتی کوردستان لە نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەوە بڵێسەی ئاگری شۆڕش و ڕاپەڕین و خەباتی نەپساو، زەوی یە پان و بەرینەکەی گرتەوەو سەرەك عەشیرەت و ڕێکخراوە سیاسی و شۆڕشگێڕە نەبەردەکان ھەریەکەو لەشوێنێك، بارگەو بنەی داگیرکەرانیان پێچایەوەو خەرمانیان کردن بەسوتوو. من لێرەدا نامەوێ نوکی قەڵەم بژەنمە سەرجەم شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژھەڵاتی کوردستان و لەسەرەتای سەرھەڵدان و بنەماکانی شکست و پەرتەوازەبوونیان بدوێم و لێیان بکۆڵمەوە، بەڵام ئەوەندە ئەڵێم کە ئەم بەشەی کوردستان لەمێژە مەڵبەندی بزووتنەوەو کاری شۆڕشگێڕانە بووە لەوڵاتی شکاکی بناری زۆزاندا شەخسیەتێکی بەدیمەن و شۆڕشگێڕێکی لێھاتوی وەك (سمایل

خانی شکاك) لەڕۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە ناوو شۆرەت و دەنگی شۆڕشێکی دلێرانەی کردوو ماوەیەکی زۆر حوکم و دەسەڵاتی ئێرانی هێنابووە لەرزین و دواجار بەنامەردانە خوێنی ئاڵی ڕژا[٤٩].

کتێبی (شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا )کەنووسەرەکانی لەبارەی سمکۆوە دەڵێن: (ئیسماعیل ئاغای سمکۆ سەرکردەی کوردەکانی شکاك بوو لەناوچە شاخاوییەکانی باشورو خۆرئاوای شاری سەڵماس(شاپور)و شاری ورمیٚ نیشتەجیٚ بوون لەنێو خەڵکدا وەکو دیارترین سەرکردەی ناوخۆیی و خاوەنی دەسەڵاتی کورد ناوبانگی هەبوو لەسالآنی سەردەمی یەکەمین شەڕی جیهانەوە ئیسماعیل ئاغای سمکۆ ناوبانگی دەرکرد، لەو کاتەوەی کە سەرکردایەتی هێزێکی کوردی دەکرد، ئەو هێزە ڕووبەڕووی تورك بووەوە لەناو خاکی ئێراندا، لەسەروبەندی یەکەمین شەڕی جیهانیشدا، ئیسماعیل ئاغا کە دەسەڵاتدارانی ئێران بەشێکی بنەماڵەکەیان کوشت، ڕەزامەندی دا لەسەر پێشنیارێکی بەکرێگیراوانی ئەڵمان و تورك کەلەپاڵ تورکیا بوەستێت لەدژی ئێران، بەڵام کاتێك ڕاپەڕین بەرپابوو سمکۆ نەیتوانی سەرکردایەتی بکات . بۆیە ناچار بوو، هاوپەیمانیەکانی بگۆڕێت).

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە کە نازانین ئەو هاوپەیمانیەتیە ، کەی دروست بووە؟ و چۆن دروست بووە و لەگەڵ کام بەکرێگیراوی ئەڵمان؟ ئەمانە هەموو پرسیارن ئایا لەکام سەرچاوە وەریان گرتووە؟ جگە لە

وەش هێمایان بۆ هیچ سەرچاوەیەکی مێژووی نەکردووە. هەروەها لەبەشێکی تری نووسینەکەدا دەنوسن: سمکۆ هەوڵی دا دەسەڵاتی خۆی بەسەر عەشیرەتەکانی کوردی نیشتەجێی نێوان سنوری تورکیاو دەریاچەی ورمێ دا بسەپێنێت و ناوچەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوای دەریاچەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە لەوانەش شاری ورمێ و سەڵماس و خۆی.

هەروەها دەرکردنی ئیدارەی ئێرانی لەناوچە کوردی یەکان ، بۆ پشتیوانی ڕێکخراوی دیموکراتی ئەنجومەن کەلەکوردستان دامەزرا، هاوکات سمکۆ پەیوەندی بەتینی لەگەڵ شێخ محەمەد خیابانی (مەبەستی سەید محەمەدی خیابانی یە) سەرۆکی بزوتنەوەی دیموکراتی لەئازەربایەنجانی ئێراندا هەبووە، پاشان لەبەشێکی تردا دەڵێن: سمکۆ زوو ئاڕاستەی خۆی دەگۆڕێ و بەپێی پێویست زۆر بەئاسانیش، هەروەها دەکەوتە ژێر کاریگەری کەسایەتی بەهێز، بەتایبەتیش کەسایەتی ناوداری کورد لەبزوتنەوەی کوردی کوردستانی تورکیا سەید تەها کە دۆستایەتیەکی بەهێزی لەگەڵ سمکۆدا هەبوو، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لەئاڕاستەی چالاکیە شۆڕشگێڕەکانی هەربۆیە بیرۆکەی دامەزراندی کوردستانی سەربەخۆ لای سمکۆ زیاتر چەسپا، کە بەم شێوەیە لێی دەڕوانی: پاککردنەوەی ناوچە کوردی یەکان لەدەسەڵاتی ئیدارەی ئێران کە خۆی دەستیان بەسەردا بگرێ[٥٠] .

سمكۆ به ئاڕاستەیەك كاری دەكرد كه خۆی بڕوای تەواوی پێی هەبوو نەك لەژێر كاریگەری سەید تەهادا كه هەم زاوای بوو لەلایەكی تریشەوە سمكۆش زاوای سەید تەها بووە، بەڵام له زۆرێك لەپرسەكاندا سمكۆ هاوڕانەبووە لەگەڵ سەید تەها ڕاستە لەسەرەتادا هاوكاری یەكتر بوون و كۆمەڵەی ئیستخلاسی كوردستانیان لەپێش جەنگی جیهانی یەكەمدا دامەزراند . بەڵام لەكۆتایدا سمكۆ ڕای لەسەر ئەوە نەبووە سەید تەها ببێتە قائیمقامی ڕەواندوز ، كه ئینگلیزەكان بەهەمان شێوە پۆستی گرنگترینیشیان بۆ سمكۆ دیاری كرد لەباشوری كوردستاندا تا ڕادەی جێگرتنەوەی شێخ مەحمود، بەڵام سمكۆ نەك هەر قبوڵی نەكرد بەڵكو زۆر ناڕەحەتیش بووە، بۆیە ناكرێ بڵێین سمكۆ بەئاڕاستەی خواستی ترو كاریگەری كەسانی تردا كاری كردبێت.پاشان دەڵێن. سمكۆ ماوەیەكی زۆر بەخاكی توركیادا گەڕا بەڵام زۆربەی لایەنگرەكانی گەڕانەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان لەكۆتایی زستانی ساڵی ١٩٢٢دا بەشداری له كۆبوونەوەی سەركردەكانی كورد دا كرد بەسەرۆكایەتی شێخ مەحمود، لەمیانەی كۆبوونەوەكەدا پرسیارێك خرایە ڕوو سەبارەت به هەڵوێستی كورد لەهەمبەر تورك و ئینگلیز، لەئاكامی كۆبونەوەكەشدا بڕیارێك دەرچوو تایبەت به بڕینی پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزو نزیك بوونەوە لەتورك . بەڵام سمكۆ لەم قۆناغەدا هیچ هێزێكی لەبەردەستدا نەبوو، هەروەها هیچ چالاكیەكی نەنواند، تەنیا لەساڵی ١٩٢٥دا سمكۆ

توانی لەناو خاکی فارسی دا لەناوچەی گۆڤار لە سنە نیشتەجێ بوو، لەوێوە تۆڵەی لە عومەر خانی دالآن کردەوە کە خیانەتی لەکێشەی سەربەخۆیی کوردستان کرد.[٥١] لەکاتێکدا لەدوا شەڕی نێوان سوپای ئێران و هێزەکانی سمکۆ تا دوا شوێن کە سمکۆ شکستی تیا هێنا ئیتر سمکۆ نەچووە ناو خاکی تورکیا بەڵکو لەسەر سنوری تورکیاو عێراق مایەوە لەگەڵ هەندێك لەکەسە نزیك و چەکدارەکانی خۆیان کە (جەواهیر خانم)ی خێزانی و خەسرەوی کوڕیشی لەگەڵدا بوو، تورکەکان سەر سنوریشیان پێ ڕەوا نەبینی بۆیە لە شەبەیخونێکی نامەردانەدا چەند کەسێك لەچەکدارەکانی کوژراو جەواهیر خانمیش تا دوا هەناسە لەسەنگەردا جەنگی تا لەدواجاردا ئەویش کوژراو خەسرەویش کە منالّ بوو بەدیلی کەوتە دەست تورکەکان، هەرچی ماڵی هەبوو تورکەکان بەتاڵان بردیان، ئیتر نازانین لەکوێوە سمکۆ چووە ناو تورکیا بەوێدا گەڕا. پاشان سمکۆ نەچۆتەوە ناوچەی سنەو دانیشێت. ئەگەر ئەو زیاتر دانیشتنی بویستایە دەچووە ناو خێڵەکەی خۆی. هەروەها کێشەی عومەر خان کە باس دەکرێ، ڕەنگە ئەوەش وانەبێ چونکە سمکۆ چەند جارێك بەنوێنەرایەتی کردن ناردوێتی بۆ ورمێ و ناوچەکانی تر ڕەنگە ئەو سەرچاوەیە هەڵەبێت کە ئەویش لەئەرشیفی (لقی لینیگرادی پەیمانگەی ئەنتۆگرافیای ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەت دا)وەرگێراوەو بەدواداچونێکی وردی بۆ نەکردووە.

دکتۆر عبدولرەحمان قاسملۆ لەکتێبەکەیدا نووسیویەتی: لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە کوردستانی ئێراندا چەند ڕاپەڕینێك بەرپابوون، لەهەموویان گرنگتر ڕاپەڕینی سمکۆیە لەناوچەی ورمێ لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠–١٩٢٥ سمکۆ بەشێکی زۆری لەکوردستانی ئێران ڕزگارکردو، پاش دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ شێخ مەحموود دا ساڵی ١٩٢٣ بۆ خۆی لەسلێمانی چاوی بە شێخ مەحموود کەوت، بەڵام ئینگلیزەکان سمکۆیان بۆ شەڕی ئاسورییەکان هان دەدا تا سەرۆکی ئاسوریەکان مارشەمعونی کوشت و دیارە ئەو کارە بووە هۆی کزبوونی هەڵوێستی سمکۆ. ساڵی ١٩٢٥ ڕەزا خان بوو بەفەرمانڕەوای دیکتاتۆری وڵات و سیاسەتی زۆرداری و توانەوەی نەتەوە زۆر لێکراوەکانی ئێرانی گرتەبەر کەیەکێك لەوانە نەتەوەی کورد بوو، هەربۆیەش لەناوبردنی سمکۆی بە گرنگ زانی هەتا ساڵی ١٩٣٠ سمکۆ چەند شەڕێکی لەگەڵ هێزەکانی ئێران و عێراق و تورکیا کرد، کەلەزۆربەی ئەو شەڕانەدا سەرکەوت، بەڵام لە حوزەیرانی ١٩٣٠دا بەناوی وتوێژ لەگەڵ نوێنەرانی هێزەکانی ئێران دا بانگیان کرد بۆ شاری شنۆو لەوێ بە ناپیاوی کوشتیان[٥٢].

پەیوەندی نێوان سمکۆی شکاك و بنەماڵەی شێخ مەحموود لەو دەمەوە دەستیپێکرد کە دوای بەدیل گرتنی شێخ مەحمود لەشەڕی بازیاندا و دوورخستنەوەی بۆ هندستان. ئیتر خێزان و کەسە نزیکەکانی شێخ مەحمود بە ناچاری باشوری کوردستانیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تا لەدوا شوێنیاندا لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی سمکۆدا گیرسانەوە. سمکۆ هەڵوێستی مەردانە بوو بەرامبەریان. لەو کاتەدا شێخ قادری برای شێخ مەحموود لەبەندیخانەی کەرکوك بەندکرابوو بۆیە لەکاتێکدا کە سمکۆ هات بۆ سلێمانی بەو مەراسیمە گەورەو پڕشکۆیەوە وەك سەرۆکێکی نەتەوەیی گەورە پێشوازی لێکراو تا ئەمڕۆش ساڵانە یاد دەکرێتەوە.

شێخ لەتیفی شێخ مەحموود لەیاداشتەکانیدا لەباسی سمکۆدا دەڵێ: سمایل خان(سمکۆ) پێشەوایەکی ئازاو، چاونەترس و، بەتوانابوو، لەنەخشەکێشانی پیلانی جەنگدا جەنگاوەرێکی بێ هاوتابوو، دەیویست حکومەتێکی کوردی دابمەزرێنێت و ئیدارەیەکی ڕێك و پێکی بکات دژی تالان و جەردەیی و نائاسودەیی بوو، لەسەر شانۆی سیاسی دا دیبلۆماسێکی گەورە بوو، هەمیشە لەگەل وڵاتە دراوسێکانی دا پەیوەندی و کۆبوونەوەی دەکرد. لەو سەرۆکانە نەبوو وڵاتەکەی بۆ پارە بفرۆشێ یان حەز لە پایەی بەرز بکات، ئەو سیفەتانەی لەسمکۆدا باسمان کرد، لەبەرئەوەی سمکۆ دۆستی دڵسۆزی نەبوو پشتگیری بکات و گەلەکەشی هێندە وریانەبوو، خۆی پێ ڕانەگیرا ڕووخا، جگە لەمانەش دوژمنە دێرینەکانی کورد، وەك ئینگلیزو ئێران و تورك، زۆر زۆر بەهێزبوون، دەرەبەگە کوردەکانیش پاڵیان پێیانەوە دابوو. سمکۆ بەرامبەر دوژمن و داگیرکەر دلڕەق بوو. لەبزوتنەوەکەشیدا بەتوانا بوو

بەدرێژایی ژیانی هەر لە هەڵسوکەوتدا بوو هەرگیز مۆڵەتی بەخۆی نەدەدا. لەگەڵ سەرۆکە کوردەکاندا کۆدەبۆوەو دەیویست ڕیزەکانی کورد یەکبخات بۆ ئەوەی کوردستان ڕزگاری بێت [٥٣].

دەگێرنەوە لەسالآنی ١٩٢٦دا لەکاتێکدا سمکۆ ئەو هێزو توانا سەربازیەی نەمابوو بەناچاری دوای ئەوەی هێزەکانی ئێران هێرشیان بۆ هێنا لەسەرسنور هات بەدیوی عێراقدا. سمکۆ لەناوچەکانی سەرو شاری هەولێردا و لەناو عەشیرەتەکانی گەردی و خەیلان دا مایەوەو کاتی بەڕێ دەکرد پاش چەند رۆژێك (٦٠–٧٠) سواری شکاك کەلە سمکۆ دابڕابوون بەشوێن سمکۆدا هاتن لەکاتێکدا هەندێك لە چەکدارە بارزانیەکان دەیانویست لەڕێگادا چەکیان بکەن، بەلآم شێخ ئەحمەد بارزانی ئامۆژگاریان دەکات کە کاری وا نەکەن.

بەلآم بێ سوود بووە تا دەچنە سەر ئەو ڕێگایەی کە ئەوانی پێیدا تێدەپەڕن. کاتێك چەکدارەکانی بارزانی بەئاگادێتەوە دەوریان دەگرن و هەندێکیان چەك دەکەن و ئەسپەکانیان لێ دەستێنن. پاشان شێخ ئەحمەد بارزانی دەڵێ: ئەی پێم نەوتن کە ئەوە بەئێوە ناکرێ و ئەو کارە مەکەن . پاشان سوارەکانی شکاك دوای ئەو ماندووبوونە دەچنە گوندێك و ڕیش سپیانی گوندەکە دێن بەدەمیانەوە دەڵێن خواردنتان بۆ ئامادە دەکەین، ئەوانیش دوای ئەو ماندووبون و دوو ڕۆژ ڕێگا کردن. بەخەڵکی گوندەکە دەڵێن نانمان خواردووە سمکۆ چەند سەر ئاژەڵی بۆ

ڕێگا بۆ ناردوین. ئەو نانەمان خوارد . لەڕاستیشدا وانەبووە. بەڵکو ئەوەش ئەوە دەگەیەنیٚ کە نەیان ویستووە ئەرکیان بخەنە سەر تا گەیشتونەتەوە بەهێزەکەی سمکۆ.

کاك نەوشیروان لە کتێبەکەیدا بەناوی (کوردو عەجەم) دەڵێ: (تورك تەنگی بەسمکۆ هەڵچنی، بەتایبەتی دوای شۆڕشی ۱۹۲۵ی کوردستانی باکور لەتشرینی یەکەمی ۱۹۲٦دا هاتە ناو کوردستانی عێراقەوە، حکومەتی عێراق ویستی دەری بکا،بەڵام نەیتوانی لەناوچەکانی دەوروبەری ڕەواندزدا مایەوە معتەمیدی سامی بەریتانیا لەبەغداد داوای لە حکومەتی عێراقی کرد هاوکاری لەگەڵ ئێران بکات بۆ سەرکوتکردنی جوڵانەوەکەی سمکۆ، وەزارەتی دووەمی جەعفەر عەسکەری لەم بارەیەوە لە کۆبوونەوەی ١٤ی تەمووزی ۱۹۲۷دا بڕیاری دا: (حکومەتی عێراق جاران و ئێستا پەیڕەوی سیاسەتی چەککردنی هەموو عەشایەری کردووە، لەبەرئەوە چەکهەڵگرتنی بێ مۆڵەتی لەهەموو عێراقیەکانی قەدەغە کردووە. لەهەندێ ناوچەی دیاری کراودا پاشان وردە وردە کەوتە فراوانکردنی ئەو ناوچانەو دابینکردنی هێزی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتی چەککردنی گشتی لای وابوو ئەم سیاسەتە دەستەبەری بەدیهێنانی ئامانجە وەستێنراوەکانە. بەڵام مەسەلەی چەککردنی عەشایەر بەزۆری هێرشی سوپایی ناتوانی ئەنجامی گونجاوی هەبێ. ئەگەر ئەو هێزانە بەڕێوبەرایەتی بەهێز لەدوای خۆی بەجێ

نەهێڵێ لەو شوێنانەی کە بۆی ئەنێرن. حکومەتی عێراقی لەو بڕوایەدایە ئەو دواکەوتنەی لە دامەزراندنی پێوەندی لەنێوان عێراق و ئێراندا بۆتە هۆی هاندانی عەشایەرو تاقمە چەکدارەکان بەردەوام بن لەسەر کارە زیانبەخشەکانیان ئەو کارانەی تا ئێستا حکومەتی عێراق گلەیی لەدەست دەکات(٥٤).

هەروەها نووسەری کتێبی کوردو عەجەم لەباسەکەیدا دەنووسێ: (سمکۆ باوەڕێکی قوڵی بەوە هەبوو، ئێران زۆر لاواز و بێ توانایەو تەقەلاکانی کورد لەوێدا کۆبکرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و دامەزراندنی ناوەندێکی سەربەخۆی کوردی. بۆ دامەزراندنی ئەوەش پێویستی بەچەك و تەقەمەنی ئەبێ تا لەشوێنێکەوە دابین بکرێ.سمکۆ ئینگلیزەکانی تاقی کردبۆوە ئامادەنەبوون چەك و پارەی بدەنێ. سۆڤیەت لەبارێکی وەهادانەبوو بتوانێ یارمەتی کوردبدا ، ناوچەکەش جگە لەحکومەتی تورکیا دەوڵەتی تری تیا نەبوو بەتایبەتی ناوچەکانی سمکۆ کە ڕاستەوخۆ هاوسنوربوون لەگەڵ ناوچەکانی تورکیای ژێر دەسەڵاتی ئەتاتورکەوە) جگە لەوەش ئینگلیزەکان پێشتر بەرنامەی خۆیان تۆکمە کردبوو بڕیاری خۆیان دابوو کە هیچ شتێکیان پێ نییە بۆ کورد جگە لەماڵ وێرانی . کاپتن لاین لە یاداشتەکانیدا دەڵێ ئێمە هیچمان پێ نەبوو بۆ کوردەکان بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوان هەموو هیوایەکیان بەئینگلیزەکان بوو کە کارێکیان بۆ بکەن. ڕوسەکانیش هەر

زوو خۆیان یەکلایی کردەوە کە وتیان ئێمە هیچمان بۆ کورد پێ ناکرێ و تەنیا لەوە دەگەڕان کە بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپارێزن.پەیوەندی سمکۆ لەگەڵ ڕوسەکاندا لەچوارچێوەی داواکاری و هاوکاری بۆ کوردەکان زیاتر نەبووە(گرولیڤسکی) کەماوەیەکی زۆر لەناو کوردەکاندا بووە و دیبلۆماسێکی ڕوسی بوو بیروبۆچوونی دەرئەبڕێت دەڵێ (روسیا ئەرکێکی ڕۆشنبیری زۆر گەورەی کەوتۆتە ئەستۆ کە پێویستە کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و لەبواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا یارمەتیان بدات، ئایا کامیان باشە بۆ کورد بچێتە پاڵ ڕوس یاخود هەر لەناو چوارچێوەی پەیوەندی کردن لەگەڵ تورکدا بمێنێتەوە بۆیە پێویستە وایان لێ بکەین کەلەو ڕاستیە بگەن، کە کلتوری ڕوس بۆ ئەوان باشترە وەك لەوەی تورك(٥٥). ئەمە یەکێکە لەو بەڵگانەی کەلەزمانی خۆیانەوە دەوترێ و دنیاش دەیبیستێ کە تا چەند ڕووسەکان کوردیان پشتگوێ خستبوو، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو خەمساردیەی ڕووسەکاندا سەرکردەی کوردەکان بەردەوام بوون لەپەیوەندی کردن و نامە ناردن لەڕێگەی کونسوڵەکانی ڕوسیاوەو داوای هاوکاری و یارمەتیان لێ کردوون لەو نامە گرنگانەش نامەکەی سمکۆی شکاك و شێخ مەحموود و چوونی یوسف زیا بەگ بۆ مۆسکۆ کە هیچ ئەنجامی باشی نەبوو. جگە لەنائومێدی.مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار لەکتێبەکەیدا لاپەڕە ٣١٢دا بەناوی (سمکۆ) ئیسماعیل ئاغای شکاك و بزوتنەوەی نەتەوایەتی

کورددا دەنوسیٚ: سمکۆ لەئەنجامی ئاشکرابوونی هەڵوێستی سۆڤیەتی ئەو ڕۆژانەدا بۆی ڕوون بووەوە کە سۆڤیەت هیوای ئەوەیان لیٚ نەدەکرا کە یارمەتی کوردبدەن مایەوە سەر ئینگلیز کە بەڕواڵەت خۆیان وایان پیشان ئەدا کە ڕێگە نادەن مافی کورد پێشێل بکرێت ، کە دەرکەوت هەموو بەڵێنەکانیان درۆو دەستبڕین بووەو بەپێچەوانەی ئەوان سۆڤیەتی ئەو ڕۆژە کە نەیانویستبوو دەستی ببڕن و بەئاشکرا تێیان گەیاندبوو کە ناتوانن یارمەتی بدەن و لەگەڵ ئەوەشدا نایانەویٚ بەڵێنی درۆی بدەنیٚ، هەر لەبەر ئەوەش بووە.کە سمکۆ ویستویەتی بەهەر شێوەیەك بێت خۆی لە ئینگلیز نزیك بکاتەوە...مس بێل لەکتێبەکەیدا لەبارەی سمکۆ دەڵیٚ: سمکۆ هەمیشە دەیویست خۆی لەحاکمی گشتی بەریتانیا نزیك بکاتەوە، لەپێش شەڕیشدا یەکترییان دەناسی بەڵام دوژمنەکانی سمکۆ بەرامبەر بەدەوڵەتی ئێران کە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو حکومەتەدا بەستبوو. بەو هۆیەوە سمکۆ هیچ هیوایەکی بە ئینگلیز نەما ترسی ئەوەشی لێنیشتبوو، کە سزا بدرێت بەرامبەر بەو تاوانەی بەرامبەر بە کریستیانەکانی کردبوو. ئەمەش وای لەسمکۆ کرد خۆی لەتورکەکان نزیك بکاتەوە(٥٦).بۆیە ئەگەر لەسەرەپای ژیانی سمکۆ بڕوانین دەبینین هەمیشە لەهەوڵەکانیدا کۆمەڵیٚ لایەنی فەرمی گشتی لەبەرچاوگرتووە بەو پێیەی کە کوردستان کەمەنەتەوەی تری تیایەو لەڕووی ئاینیشەوە فرە ئایین و مەزهەبە. بەڵام دوژمنانی کورد

بەهەرلایەکدا بۆیان کرابێ دژایەتیان کردووە چونکە سمکۆ بەئاڕاستەی بەرژەوەندی گەلەکەیدا هەنگاوی ناوە. کە ئەوانیش بە پێچەوانەوە هیچیان پێ نەبوو بۆ نەتەوەکەی سمکۆ جگە لە بەڵێنی درۆو دەستبڕین نەبێ.تەنانەت هەوڵیان دا کێشەی ئاینیی نێوان کوردەکان و کریستیانەکان بکەنبەکارەساتێکی تازەو بەگوێ دنیایدا بدەن . بەڵام خۆ پێش سمکۆش هەندێك جار کێشەلە نێوان عەشیرەتە کوردییەکان و ئاینەکانی تردا ڕوویداوە. لەساڵی ١٨٩٨دا حکومەتی تورکیا بۆ سەلماندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا دەستی کرد بەباج سەندن لەعەشایەرە کوردەکان ئەنجامەکانی ئەم کارەش جیاوازبوون، لەجێگایەك باجەکان دەستێنراو سەرکەوتووبوون، لە جێیەکی تر نەدەدراو فاشیل بوون هەندێ لەو عەشایەرانە بە ئاشکراو بێ باکانە لەیاسا هەڵدەگەڕانەوە لەساڵی ١٨٩٧ کوردەکان لەهەرێمی بەتلیس قائیمقامی شارەکەیان کوشت، ئەمەش هەر بەهۆی باج سەندنەوەبوو، پاشان بەهاوکاری چەند کەسێك لەعەشایەر کەوتنە کوشتنی پێنج ئەفسەرو سێ ڕەقیب و یانزە سەربازی ئەو یەکە سەربازی یەی کە نێردرابوون بۆ سزادانی ئەو تاوانبارانە.بۆیە دەتوانین بڵێین لەو ململانێ ناوخۆییەدا کەلەناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیاو بەشی باکوری ڕۆژئاوای ئێران (ئازەربایجانی ڕۆژئاوا)دا هەمیشە ئەو جۆرە کێشانە هەبووە، بەپێی پێویست قەبارەکەی گەورەکراوە لەو ئاژاوە گێڕی و

پشێویەکاندا نەستۆریەکان(ئاسوریەکان) بەشداربوون دەستەو تاقمی جەردەو چەتەی نەستۆری وەك کوردەکان ئەوانیش لەناوچەکەدا ئاسایشیان تێك دابوو جڵەویان لەدەست سەرکردەکاندا نەمابوو لەناو بنەماڵە نەستۆریەکاندا چەند تیپێکی جیا جیا لەسەر دەسەڵات لەشەڕدا بوون زۆریشیان لەڕووسیاوە پاڵپشتی دەکران و چەکیشیان بۆ دەنێردرا. ئەمانە پەلاماری گوندو ئاواییەکانی کوردەکانیان دەداو کوردەکانیش بەپێچەوانەوە جا هەردوولا وایان دا ئەنا لەبەرامبەر پەلاماری لایەکەی تردا ئەو کارەیان ئەنجام داوە.یاخود نەستۆریەکان دەستیان لەناو دەستی لایەن و کۆمەڵەی کوردی تر دەنا دژبە کوردەکانی تر ڕەنگە قورسترین شەڕێك لەنێوان کوردو نەستۆریەکاندا شەڕی شکاکەکان بوبێ کە شێخ سادق( مەبەستی شێخ حەمەسدیق ی شەمزینانە)سەرکردەیی شەڕەکەی دەکرد:پیاوەکانی شێخ لەساڵی١٨٩٧ دا کاهینێکی نەستۆریان کوشت . ئەمەش ڕوداوێکی دەگمەن بوو، چونکە گشت تەرەفێ مامەڵەی پیاوانی ئاینیان بەڕێزو حورمەتەوە دەکرد[٥٧].کەواتە کێشەی نێوان خێڵەکان و نێوان کەمە ئاینزاکانی کوردستان کێشەیەکی بەردەوام و پچڕ پچڕو لەسەر بەرژەوەندی تاکەکەس ڕاوەستا بوو، هەندێ جار ئاشتی وتەبایی و هەندێجاریش شەڕو کوشتار. ئەمەش پاڵنەرێکی دەرەکی بوو بەپێی بەرژەوەندیە باڵاکان ڕۆڵی گێڕاوە، تا هاتنی سمکۆ ئەو کێشانە وەك

میراتییەك بۆ سمكۆ مابوەوە، بۆیە ناكرێ بڵێین بۆ هەردوولایەنی ناوچەكە كە كوردەكان زۆرتربوون و لەسەر خاك و ئاوو نیشتیمانی خۆیان و هاوبەش لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەكەدا لەسەر هەقی خۆیان دوور لەزۆرداری بووە، كە هەندێ جار ڕەنگە بەو شێوەیەش نەبێ كە ئێمە دەڵێن لەگەڵ ئەوەشدا ئەو كاسەیە دواجار لەسەری كوردو ئاسوری دا شكاو بە قازانجی لایەنە بەشەڕ هاتووەكانی جەنگی جیهانی یەكەم كۆتایی پێهات.فەریدە كۆهی كەمالی لەبارەی سمكۆوە نوسیویەتی: لەساڵی ۱۹۲۰دا خێڵەكانی شكاك كە هێشتا ژیانێكی كۆچەرییان دەگوزەراند، زۆربەیان خێڵی نیمچە كۆچەری بوون و زۆرینەیساڵیان لەگوندە شاخاوییەكان بەسەر دەبرد. لەهاویندا مێگەل و ماڵاتەكانیان لەگەڵ بەشێك لەئەندامانی خێڵەكەدا بەرەو هاوینە هەوار كۆچیان دەكرد و باریان دەخست، لەكاتێكدا ئەوانی تری خێڵەكەلەگوندەكان دەمانەوە. ئەوانەی لەگوندەكان دەمانەوە لەناو دانیشتوانە نیشتەجێ كاندا دەژیان بەواتایەكی تر كە لەناو كورددا بە (گۆران) دەناسران ئەمانە ژیانی كشتوكاڵیان زیاتر هەڵبژاردبوو.

هاوپەیمانی شكاك دووەمین گەورە هاوپەیمانی یە لەناو خێڵە كوردی یەكاندا كە لەناو هاوپەیمانی شكاكدا چەندین خێڵ هەبوون، بەڵام تەنیا

سیانیان کۆنترۆڵی سیاسی ناوەندییان بەدەستەوە بوو، ئەوانیش (عەبدۆیی و مامەدی و کاردار)* بوون وئەوانی دیکە لە بڕیارداندا پەراوێزخرابوون. عەلی ئاغا لە خێڵی عەبدۆیی، کە باپیری جەعفەر ئاغا و ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ)بوو بە دوایدا عومەرئاغای مامدۆیی و سێهەمیشیان مستەفا ئاغا بوو لە خێڵی کاردار هەرچەندە دوانەکەی دواییان کوژران، عومەر ئاغا لەلایەن لەشکری ئێرانەوە و مستەفا ئاغاش لە ڕێگای یەکێك لەڕکابەرەکانیەوە. فەریدە لەدرێژەی باسەکەیدا لەسەری دەڕواو دەڵێ: سمکۆ هەمیشە بەدوای دۆستایەتی بەهێزدا دەگەڕا لەگەڵ خێڵە کوردی یەکانی ترو کەسایەتی یەکان و دەوڵەتە نەتەوەیی یەکان و ئەوانەی کە پشتگیریان لێ دەکرد و هاوکارییان دەکرد تاکو نفوس و دەسەلاتی پەرەبسێنێت ، سمکۆش لە هەموو پەلامارێکیدا بۆ شارو گوندەکان سەرکەوتوو بوو شوێنکەوتوانی زیاتر دەبوو. سمکۆ لەناوچەکانی ڕۆژئاوای باشوری دەریاچەی ورمێدا چالاك بوو ئەوەبوولەهاوینی ١٩١٨ تاساڵی ١٩٢١ حکومەتێکی خود موختاری دامەزراندو کاریشی بۆ سوپایەکی بەهێز دەکرد. بەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی لەپەنا کوردەکاندا گروپێکی دیکە هەبوون کە خەریکی

خۆ چەکدارکردن بوون، ئەوانیش ئاسوریەکان بوون. ئەوان بڕێکی بەرچاو چەکیان لەئەرمەنیەکانی ئەنادۆڵەوە بەدەستگەیشتبوو هەروەها

..................................................

***-هاوپەیمانێتی عەشیرەتی شکاك لەگەڵ ئەو عەشیرەتانەی تردا لە زووەوە هاتووە ،هەتا ئێستاش ئەو خۆشەویستی و هاوکاری یە بەردەوامە. بەڵام وەك فیدراسیۆن هەموو لە ڕاو تەگبیرکردنا هاوبەش بوون. بەڵام فەریدە کۆهی لەنوسینەکەیدا کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوەکە ئەو فیدراسیۆنە لەنێوان عەشیرەتی شکاك و هەرکی و خەیلانی و سورچی و مامش و میراودەلی دا زیاتر بینراوە ئەوەی کە ئەو باسی دەکات لقەکانی عەشیرەتی شکاکە کە پێك هاتووە لە دوو بەرە باب (عەبدۆیی و کاردار) لەوانەش بەهەموویان ٢٦تیرە پێك دەهێنن وئەو عەشیرەتانەش هێندە لای سمکۆ خاوەنی بڕوابوون کەلەکاتی ڕزگارکردنی مەهاباد دا ئەوەبوو کاروباری مەهابادی دایە دەست سەید تەها و هەمزەی برای قەرەنی ئاغای مامش لەکاتی شەهید کردنی سمکۆشدا لەهەموو عەشیرەتەکانی ناو فیدراسیۆنی شکاك بەشداربوون کەبەو هۆیەوە لەوانیش شەهیدبوون یان بریندار بوون لەوانە خورشید ئاغای هەرکی و برینداربوونی سەرۆکی خەیلانیەکان.**

**پاشان لەبەشێکی تری نوسینەکەیدا هاتووە کە ململانێ لەسەر سەرۆکایەتی کردنی عەشیرەتی شکاك لەنێوان عەلی خانی باپیری سمکۆی شکاك وعومەر خان لەگەل مستەفا ئاغا کە ئەویش ڕاستیەکەی مستەفا خانە. بەڵام نازانین نوسەر چۆن ئەو سەردەمە جیاوازانەی لەیەك داوە کە عەلی خان ساڵی ١٨٨٠ لە زیندانی تەورێزدا مردووە و مستەفا خان سەردەمەکەی پێشوترە و عومەر خانیش لەساڵانی دوای کۆماری مەهاباد دا کە لە ژیاندا نەماوە.**

پاڵپشتی دەکران لەلایەن حکومەتی قەیسەرەوە. بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆییەك لەناوچەی باکوری ڕۆژئاوای ئێران (واتە ناوچە کوردستانیەکان)دا لەپایزی ١٩١٥دا ئاسوری یەکانی هەرێمی هەکاری لەباشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە لەدەشتی ورمێ و سەڵماس لەئێراندا پەنابەر بوون ،بەسەرکردایەتی مارشەمعون بەو هیوایە بوون کە بتوانن وڵاتێکی سەربەخۆ بۆ ئاسوریەکان دامەزرێنن لەو هەرێمەی کە بۆی هاتبوون و پەنابەربوون بەیارمەتی هاوپەیمانەکانە چونکە هاوسۆزی ئەوانیان بەدەست هێنابوو. لەهەمان کاتیشدا وەك هێزێکی چاوەڕوانکراو لەدژی تورکەکان تەماشا دەکران[٥٨]. تا لەکاتی پێویستدا بەکاریان بهێنن لەساڵی ١٩١٧دا دەسەڵاتی سەربازی ئاسورییەکان لەبەرچاوبوو. مارشەمعون نزیکەی (٥٠٠٠) چەکداری هەبوو کە بوبووە هۆی بێزاری کوردو ئازەرییەکان لەناوچەکەدا هەرچەندە لەماوەی قەیرانی ١٩١٨دا دانیشتوانە کریستیانیەکان کاریان بۆ کۆنترۆڵ کردنی شاری ورمێ دەکردو حکومەتی ئێرانیش نەیدەتوانی هیچ دەسەڵاتێك لەهەرێمەکەدا ئەنجامبدات فەرمانڕەوای تەورێز (موفتی شەمس) لەپەیوەندی خۆی لەگەڵ سمکۆدا، داوای لێ کرد لەتێکشکاندنی هێزە ئاسوریەکاندا هاوکاری بکات، سمکۆش زۆر بەپەرۆش بوو کە هەرێمەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵ و سەرکردایەتی خۆیەوە، بەڵام سمکۆ دەیزانی دەبێت سەرەتا ئاسوریەکان دووربخاتەوە. لەوەش زیاتر سمکۆ نەیدەتوانی هاوکارییان لەگەڵدا بکات چونکە دەیزانی هەر یەکێتییەك

لەگەڵ مارشەمعون لەلای سەرکردە کوردەکان پەسەند نەدەکراو خوێندنەوەی وا بۆ دەکرا کەلەگەڵ نا موسڵماندا پرسی هاوبەشی پێکهێناوە. مارشەمعونیش دەرکی بەوە کردبوو کە بەبێ یارمەتی کوردەکان ناتوانن ئامانجی خود موختاری ئاسوریەکان لەناوچەی ورمێ و هەروەها سەڵماس بەدەستبێنن. گرنگیش نیە ئەو دۆستایەتییە چەندیش کاتی بێت، هەردوو سەرکردەش لەوە گەیشتبوون کە هەریەکێکیان بەتەنیا ناتوانن ئەوەی تر پشتگوێ بخات.بۆیە پیلانیان دانا کە یەکتر ببینن و سەبارەت بەهەڵمەتی هاوبەش دژ بەتورك و ئێرانیەکان دانوستانی بۆ بکەن ئەوان لە کۆنەشار (سەڵماس) لەکۆتایی مانگی مارتی ١٩١٨دا بەیەکگەیشتن . پێدەچێت دیدارەکە تاکو تەواوبوونی دۆستانە بووبێت کەماوەی ٣ ڕۆژی خایاند کاتێك هەردوو سەرکردە لەبەیانی ڕۆژی سێ یەمدا دەستی یەکترییان گوشی و مارشەمعون شوێنەکەی جێهێشت بەرلەوەی سواری گالیسکەکەی بێت

سمکۆ ئاماژەی بە پیاوەکانی دا، ئەوانەی خۆیان شاردبۆوە لەسەربانەکان، تەقەیان لە مارشەمعون و(١٥٠)چەکدارەکەی کرد کەلەگەڵیدابوون. بڕوا وایە کە یەکەمین فیشەك لەلایەن خودی سمکۆوە تەقێنرابێت و مارشەمعونی کردبێتە ئامانج بەو کارەش هەموو ئاسووریەکان لەو شوێنەدا کوژران، بەپێ ی بۆچوونی فەریدە کەمالی .بەرامبەر بە کوشتنی مارشەمعون دەئەتوانین بڵێین ئامانجەکەی بە باشی پێکاوە ئەوەش بەدەرخستنی هۆکاری کوشتنی مارشەمعون

لەلایەن سمکۆوە بەجۆرێك ئەو ترسەی سمکۆی نەشاردۆتەوە کە لەدڵی مارشەمعوندا بووە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك لەسەر خاك و ئاوی کوردستان بە یارمەتی هاوپەیمانەکان هەروەها د. یاسین سەردەشتی کە وەرگێڕی کتێبەکەی فەریدە کەمالی یە لەپەراوێزێکدا ڕای خۆی لەسەری دەربڕیوەو نوسیویەتی:( کوشتنی مارشەمعون و پاسەوانەکانی بەدەستی سمکۆ و چەکدارەکانی خێڵی شکاك لە ١٧ی مارتی ١٩١٨دا ڕووداوێکە سەرنجی بایەخدارانی بەوکارەی ڕاکێشاوە. شایەنی باسە زۆربەی نوسەرە کوردەکانیش لەڕووی نەخوێندنەوەیەکی قووڵی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەو هەندێکیشیان بۆئەوەی سیفەتی پێشکەوتوخوازانەیان بخەنە پاڵ بەتوندی ئەو کارەی سمکۆ یان سەرزەنش کردووەو بە ڕەفتارێکی ناجوامێرانە و پەڵەی ڕەش ناویان بردووە. شایەنی باسە ئاسوریەکان کە لەکاتی جەنگدا، دایانە پاڵ ڕووسیاو لەلایەن تورکەکانەوە بەتوندی لەناوچەی هەکاری لێدرانو دەرپەڕێندران، پاش هاتنەوەی ڕووسەکان و هاتنەوەی ئەوانیش بۆ ناوچەی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ، کوشتارێکی گەورەیان لەخەڵکەکە کرد کە دەچێتە قاڵبی پاکتاوی ڕەگەزییەوە . ئەوان بەهەزارەها کوردیان کوشت و ژنەکانیان تاڵانکردن و خانوەکانیان سوتاندن کە ئەو چالاکی سیاسیەیان لەو قۆناغەدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئاسوری دەستپێکردبوو کەنەخشەکەی وەك دایان نابوو لەلیوای ئەسکەندەروونەوە بۆ سەر دەریای فارس درێژبێتەوە. کە تەواوی خاکی

کوردستانی دەگرتەوە کە بۆ ئاسوریەکانی هەکاری و ورمیٚ لەتەقەللادابوون. دوای کشانەوەی ڕوسەکان، ئاسوریەکان خۆیان بەبەریتانیەکاندا هەڵواسی. ئەوانیش بەرژەوەندییان لەوەدا نەبوو ئەو بۆشایی یە کە بەهۆی کشانەوەی ڕووسەکان دروستبوو لەلایەن عوسمانیەکانەوە پڕبکرێتەوە، هەربۆیە داوایان لە مارشەمعونی ڕابەری ئاسوریەکان کرد بۆ نەهاتنەوەی عوسمانیەکان تێبکۆشن و ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە کە ڕووسەکان جێیان هێشتبوو ئەوانیش وەك هێزێکی چەکدار کە خۆیان بەتەنیا بوون. کەوتنە سەر ئەو فیکرەی بۆ ماوەیەکی کەم خۆیان لەنەیارانی پێشوو نزیك بکەنەوە و هاوپەیمانێتیان لەگەڵ دا ببەستن . لەم ڕووەشەوە سمکۆیان هەڵبژارد، چونکە سمکۆ خاوەنی هێزبوو و زۆریش لەعوسمانیەکان نزیك نەبوو و بگرە دوژمنایەتیشی لەهەندێك سەرەوە دەکردن، بەریتانیەکانیش ئەم بۆچوونەیان پیٚ پەسەند بوو، بەڵام سمکۆ ئاکامی ئەوهاوپەیمانێتی یە ئەگەربکرایە بەزیانێکی گەورە بۆ دەسەڵاتی خۆی و ئامانجی سیاسی ئایندەی دەبینی ئەوەش ئەوەندەی دیکە سمکۆی نیگەران کردبوو، هەربۆیە سمکۆ بەو کۆنە قینەی کوشتاری ساڵانی جەنگ و تۆڵە سەندنەوەلێیان، هەروەها بۆ زاڵبوون بەسەر هەڕەشەی ئاسوری یەکان بەکەمترین زیان و توندترین گورز، ئەو داوایەی مارشەمعونی بۆ دیدەنی قۆستەوە بۆ جیٚ بەجێکردنی پیلانەکەی. هەمان شێوازیشی گرتە بەر، کە ئەودەم بۆ ڕزگاربوون بوو لەنەیارانی سیاسی پەیڕەودەکرا [٥٩].غولام خانی

حیشمەت کە نووسەرێکی عەجەمە لەباسی ڕووداوی ناوچەکەدا دەنوسێ: لەکاتی چونی مارشەمعون بۆ لای سمکۆ دوای ئەوەی کە گەیشتە کۆنەشار (سەڵماس)سمکۆ ڕێزێکی زۆری گرت و دوای وتوێژکردن لەسەر دواڕۆژی کوردو ئاسوریەکانی ناوچەکەو پێکهێنانی دەوڵەتێك بۆ کوردو ئاسوری. ڕێکەوتن لەسەر ئەو خاڵانەی کە قسەیان لەسەر کردبوو، بەڵام لای سمکۆ ئەم ڕێکەوتنە بەجۆرێك لەجۆرەکان کات بەڕێکردن بوو بەڵام لای مارشەمعون بەو مەبەستەبوو کە بتوانێ سوود لەتواناکانی سمکۆو هێزەکەی وەربگرێت . چونکە دەیانزانی بێ هاوکاری کوردەکان ناتوانن ئەو کارە گەورەیە ئەنجام بدەن . دوای دوو ڕۆژمانەوەو وتوێژی بەردەوام لەگەڵ بەخێرهاتنی گەرمی و میوانداری کردنیان لەڕۆژی سێ هەمدا سەرلەبەیانی مارشەمعون خوا حافیزی لەسمکۆ دەکات بەو هیوایەی کەهەردوولایان کارەکە بەئەنجام بگەیەنن، بەڵام مێژووەکە بەبارێکی تردا گێڕانەوەی ڕووداوەکە بەیان دەکات. سمکۆ تەگبیروڕای خۆی لەگەڵ چەکدارەکانی دا کردبووئەوەیش کە ویستویەتی بیکات بەنهێنی بە ئەحمەدئاغای وتبوو ، کەبڕیاری لەسەر دابوو ئەوەبو کەلەگەڵ کۆتایی هاتنی میوانداریێتیەکەدا کۆتایی بە ژیانی مارشەمعون بهێنێ ، دەرئەنجام هەموویان کوژران جگە لەیەکێك لەچەکدارەکانی دەربازی بووە، ئەویش بەهۆی چاپوکی ئەسپەکەیەوە بووە کە توانیویەتی ڕزگاری بێت.پاشان نووسەر درێژە بەباسەکە ئەداو دەڵێ: لەو ڕۆژگارەدا خەڵکی ناوچەکە خۆیان ئامادەکردبوو بۆ

پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز. بەڵام ئەو کوشتارە بووە هۆی نائارامیلەناو خەڵکی و بەدوای ئەم کارەساتەشدا کۆمیتەی ئاسورییەکان لە ماوەی (١٢)کاژێر ١٢هەزار چەکدار پەلاماری ناوشاری ورمێ یانداو لەیەك کاتدا، ئەو هەموو چەکدارە تەقەیان دەکرد بەناو ماڵانداو بێ جیاوازی، دەرئەنجام کوشتارێکی زۆر یان کردو ئەوەی ڕۆژی یەکەم نەکوژرا ڕۆژی دواتریش لەمردن ڕزگاری نەبوو، بەو هۆیەوە کەسایەتیەکی ناو شاری ورمێ بەناوی میرزا داوای لێیان کردووە کە چەکدارانی ئاسوری لەشار بچنە دەرەوە تا کۆتایی بەکوشتن و بڕین و تاڵان کردن بێت . ئەو میرزایە هاوڕێی نزیکی ئاغا بترۆس بووە. کەلەدوای مارشەمعون ئەو تاکەکەس بووە کە بتوانێ جێگای بگرێتەوە. کاتێکیش کە چوونە دەرەوەی شار قەتڵ و عام بەردەوام بوو. تا کاتی ئێوارە لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا (١٠) هەزار کەس تا (١٢)هەزار کەس کوژران لەناو کوژراوەکانیشدا چەندین کەسایەتی ناسراو دیار هەبوون کە ئەمانە بەشێکیانن.

١- مەلا علی قولی لەگەڵ کوڕەکانیا کە تەمەنیان لەنێوان ٣٥–٣٧سا ڵان بوو.

٢- میرزا مەحموود ئاغا و میرزا عەبدوڵلا لەگەڵ ژنی میرزا مەحموود ئاغا.

٣- کوڕەکەی میرزا عەلی و کوڕی میرزا موحسین کە خوێندکاربوون لەشاری مەشهەد.

٤- ئاغای میرزا سادق.
٥- میرزا ئیبراهیم موجتەهید وثوقولئیسلام لەگەڕەکی قەرە ئاغاج.
٦- سەدر عولەماو حاجی میرزا ئەسفەر و حاجی میر بیوك لەگەڕەکی عەلی شەهید.
٧- ئاغا میر جەلال. بەڕێوبەری قوتابخانە.
٨- مەلا عەلی کە قوتابخانەی دینی هەبوو بەناوی (ڕەوزە خوان مەعروف) لەگەڕەکی قەبرستان.
٩- میرزا ئەحمەد جاڕچی شاربوو لەگەڕەکی بۆردشا.
١٠-حاجی ئیسماعیل عیسالو لەگەڕەکی هەزاران.
١١-ئاغا میر نورولّلاّ گەورە پیاوانی گەڕەکی ئاغداش.

مەلا سەیفولّلاّ کە پیاوێکی ناسراوبوو و ماڵی لەمەیدانی کافرۆشان دابوو، وتویەتی ئەگەر ئاسوریەکان بێنە سەر ماڵەکەم ئەوا تا دووئاسوری نەکوژم کۆڵ نادەم. بەڵام ڕێکەوت وەهابوو لەهەمان ڕۆژدا ئاسورییەکان پەلاماری ماڵەکەیان دا ئەویش پەنای بردە بەر دەمانچەکەی و دوو چەکداری لەوان کوشت. بەڵام چەکدارەکانی تر مەلا سەیفولّلاّ یان کوشتەوە. لەکاتی ئەم ڕووداوانەدا کە کوشتارێکی زۆر کرا لەناو شاردا دکتۆر (شیت)ی ئەمەریکایی لەگەڵ فەڕەنسیەکانی هاوڕێی دکتۆر(شیت) بێزیان لەو کوشتارەدەکردەوە کەئاسوریەکان دەیانکرد. پاشان هێزی ئاسوریەکان بەرەو چارێ(چهریق)دەستیپێکردبەڕۆیشتن . سمکۆ لەناو

چیا سەختەکانی (سەنگلآخ)دا بوو کە بەفردایپۆشیبوون. شەڕکردن لەو ناوچەیەدا بۆ ئاسورییەکان قورس بوو لەو کاتەدا سمکۆ کە دەسەڵاتێکی زۆری لەناوچەی کوردستان و ئازەربایجاندا هەبوو فەرمانەکانی لەلایەن سەرۆك عەشیرەتەکان و سەرۆکی تیرەکانەوەجێ بەجێ دەکرا. کەسیش نەیتوانیوە لەفەرمانی سمکۆ دەربچێت، کاتێکیش جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات ژمارەیەك لەسەربازەکانی تورك لای ماونەتەوە بەمیوانی کە تۆپچیەکان بوون،کە بەهۆیانەوە دەسەڵاتی بەهێزتر بووە. لەو کاتەدا موخبرولسەڵتەنە بەناوی (هیدایەت) کەوالی ئازەربایجان بوو لەڕاپۆرتەکانیدا کە ناردویەتی دەڵێ ئەو تۆپچیانە ئەگەر جاری یەکەم ئامانجیان نەپێکا بایە ئەوا جاری دووەم بێ گومان ئامانجیان دەپێکا ، ئەو کارەش لەژێر دەستی کوردەکاندا نەبووە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەلەشکری سمکۆی پێ بەهێزتر بێت (٦٠).

ئیبراهیم پور حسین خونیق لەکتێبەکەیدا دەربارەی خانەوادەی سمکۆ دەڵێ: دوای کوژرانی سمکۆ خێزانەکەی پەرش و بڵاوبونەوەو ژنێکی لەسنوری تورکیا کوژراو یەکێکی تریان لەتورکیا دوای سمکۆ شوی بەیەکێك لە کوردەکان کردۆتەوە و کوڕی ئەو ژنە بەفەرمانی ڕەزا شا بردوویانە بۆ تاران لەمەدا شا ئەرکی بەخێوکردنی گرتۆتە ئەستۆ و خستویەتیە بەر خوێندن ، سەرەتا لەئێران و دواتر لەئەوروپا خوێندنی

تەواو کردووە. لەساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە خەزێنەی دەوڵەت هەزار تمەنی بۆ بڕاوەتەوە، تا ئەو کاتەی تەمەنی گەیشتۆتە ١٨ساڵی دواتر دراوە بە مەجلیسی شورای میللی، لەم بگرەو بەردەیەدا سەر لەشکری ئێرانی بەناوی (جیهانبانی)و چەند کەسێك لەگەڵیا ئەو یاسایەیان گوێ پێنەداوەو لایان کاریگەری نەبووە. دوای کوژرانی سمکۆ قەمەر خانی شکاك بەپلەی (ئیستیوار) کە پلەیەکی سەربازی یە ڕەزا شا کردی یە سەرۆکی ئێڵی شکاك. ئەو سەرۆکە کوردانەش کە هاوکاری سمکۆ بوون، لەخاکی تورکیادا خۆیان ون کردو لەبەرچاو نەمان. عومەر خان کە سەرۆکی یەکێك لەتایەفەکانی شکاك بوو، ماوەی مانگێك لەورمێ شەڕو ئاژاوەو ناخۆشی نایەوە، بۆیە دەستگیریان کردوو لەزیندانی کۆشکی تاران (مەبەستی قەسری قاجارە)بەندکراو لە ١٣٢٠ی هەتاوی بەڵام دوای هاتنی سوپای هاوپەیمانان لەشەڕی دووەمی جیهانی دا بۆ ئێران ، ئەو لەگەڵ بەندکراوەکانی تردا ئازادکراو گەڕاوەتەوە بۆ ناو ئێڵی شکاك، کەدەکەوێتە نێوان ورمێ و سەڵماس و گەیشتۆتەوە بەخێزانەکەی. ئیتر دوای ئەوە هەتا لەژیاندا بوو بیری لەسەرپێچی کردن و ئاژەوەگێڕی نەکردۆتەوە.

ئیبراهیم پور حسێن خوتیق کە یەکێکە لەنووسەرە عەجەمەکان و گەلێك هەڵەی بەسەردا تێپەڕیوە، کە هەندێکیان تەنیا بۆ چەواشەکردنەو هیچی تر. سەرەتا لەکوژرانی ژنەکەیەوە دەستپێدەکەم

بەناوی جەواهیر خان کەلە دوا شەڕی سەری تاش دا بوو لەکۆتایی ساڵی ١٩٢٢دا کە ٨ساڵ دوای ئەو کارەساتە سمکۆ شەهید کراوە. ژنی دووەمیشیان هەر ناوی جەواهیر بوو کە دایکی فاتیمە یەو کوڕی نەبووە، خەڵکی باشقەڵا بووەو براکانی بردویانەتەوە لای خۆیان لەباشقەڵا. ئیتر کوڕی نەبووە تا دڵی ڕەزا بۆی بجولّێ و بییاتە لای خۆی و بیخاتە بەرخوێندن و پاشان بینێری بۆ ئەوروپا. بۆ سەلماندنی ئەو وەڵامەمان ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی کە نووسەر باسی لێوە دەکا. دەکاتە بەرواری ١٩٥٧زاینی کە لەو سەردەمەدا ڕەزا شا لەژیاندا نەماوە، چونکە لەساڵی ١٩٤٠وە شا لەئێران دەرکراو محەمەدی کوڕی لە جێگای شا دانرا. کەلەو ڕووەوە نامەیەکی بۆ کوڕەکەی نووسیوە کە تێیدا کەساسی خۆی باسکردووە و مردنی بەئاوات خواستوە و تەمەنای ئەوەی کردووە کە ڕۆژێك زووتر بمرێ.

لەبەشێکی تری نووسینەکەدا هاتووە کە قەمەر خانی لەجێگای عومەر خان نووسیوە. مەبەستی نووسەر عومەر خانی مامەدی یاخود عومەر خانی شەریفی بووە. کە بەهەردوو ناوەکەوە ناوبانگی هەبووە ئەگەر مەبەستی ئیبراهیم پور حسێن لە قوباد خانی کوڕی سمکۆ بێت. ئەوا دایکی قوباد خان ناوی (ڕەعنا خان بووەو لەبنەماڵەی (سام سامی) گەورەی ئەفشارو خزمی سادق خانی نەورۆزی بکوژی سمکۆ بووە. تایەر خانیش منداڵ بووەو تەمەنی ٨ساڵ بووەو لەگەڵ دایکییا

چوونەتەوە ناو هەرکییەکان تەنانەت دەڵێن ڕەزا شا سۆراخی ئەو منداڵە دەکات و ئەوانیش لەترسی ڕەزاشا خۆیان حەشارداوە، دەگێڕنەوە کە جارێك کەسێکی سیخوڕی سەر بە حکومەتی ئێران. هەندێك شیرینی و هەندێك یاری منداڵانەو دەمانچەیەك دەبات بۆ ناو ئەو منالآنەی کە تایەر خانی تیایەو بەتایەر خان دەڵێ وەرە ئەم شیرینی و یاریانە لەگەڵ ئەو دەمانچەیە یەکێکیان بەرە بۆ خۆت، تایەر خانیش نەشیرینیەکە هەڵدەگرێ و نە یارییە منالآنەکە بەڵکو دەست ئەبات بۆ دەمانچەکە. ئیتر کابرای سیخوڕ گومانی نامێنێ کە ئەوە تایەر خانەو کوڕی سمکۆی شکاکە[٦١]. ژەنەراڵ ماسلوسکی کە سەرۆکایەتی دایەرەی سوپای کەرتی قەوقازی بەدەستەوەبوو لەجەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) لەکتێبەکەی خۆیدا باسی سەرپێچی و لەشکرکێشی سمکۆ بۆ ئاژاوە نانەوە بەم جۆرە ئەنووسێ: ئەو نشوستییەی بەسەر ئێمە داهات لەباڵی چەپی لەشکری قەوقازدا بەهۆی هۆکاری سیاسی بوون. چونکە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە لەوڕووەوە لاوازبوون لەبەردەم لەشکرەکەی سمکۆو لایەنگرانیدا کەبەرلەوەلەجەنگی جیهانی دا لایەنگری ئێمە بوون و لەڕووی تفاقی سەربازییەوە زۆر یارمەتیمان دابوون لەگەڵ هەندێك پارەدا ئەمەش وای کرد لەئەنجامدا کە ئێمە بکشێینەوەو سەرکەوتن بەدەست نەهێنین[٦٢]. بۆیە هەرلەبەرئەوەبووە نووسەرە عەجەمەکان یان ڕوسەکان

لەنووسینەکانیاندا گرنگی زۆریان داوە بە ڕۆڵی بنەماڵەی سمکۆ و عەشیرەتەکەی بەڵام هەربەو هۆیەوە بووە لەدوای کوژرانی سمکۆ ناوی عومەر خانی شەریفی یاخود عومەر خانی مامەدی هاتووە بەڵام ئەوەی زیاتر لەسەر ئەو پیاوە نووسراوە تەنیا لەسەردەمی دروستبوونی کۆماری مەهاباد دایە. کە چەند نامەیەکی نهێنی نووسیوەو ناردوویەتی بۆ ڕەزا شاو ئەوەش هیچ پاساوێکی بۆ نییە. بەڵام لە ڕاپۆرتە نهێنیەکانی ڕووسەکاندا کەلەنزیکەوە ئاگاداربوون لەکارەکانی لەیەکێك لە بەڵگەنامەکاندا کە نێردراوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەمۆسکۆ بەم شێوەیە لەسەر عومەر خانی نووسیوە: عومەر خان تەمەنی (٥٥)ساڵەو سەرۆکی عەشیرەتی شکاکە و لە گوندی(زەندەشت) کە سەر بەناحیەی شاپوری شاری ماکۆیە دەژی. لەسەردەمی ڕەزا شادا بەتاوانی بەشداری کردن لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەئێران و تورکیا کە پارتی (خۆیبوون)ڕێبەرایەتی دەکرد لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بەند کراوە کە چەند ساڵێك لە بەندیخانەکانی قەسری قاجاردا ژیانی بردۆتە سەر. بەگوێرەی قسەی چەند کوردێکی ناسراو عومەر خان ماوەیەکی زۆر پەیوەندی بەدەسەڵاتدارانی ئێران و ئینگلیزەوە بووە. واتە کاری دوو لایەنە بووە. عومەر خان چالاکانە بەشداربووە لەحیزبێکی کوردی سەر بەئینگلیزەکان کەبەکۆمەڵەی (ژ.ك)ناسرابوو ئەوەبوو لەساڵی ١٩٤٥دا ئەم پارتە بەنهێنی و بەچاو پۆشی کاربەدەستانی ئێرانی

پێکهاتووه. عومەر خان وەك مرۆڤێکی فێڵبازو وریا کە لەتەواوی ڕووداوەکانی ئێران و جیهان ئاگادارە. لەقسەکردندا حەز ئەکات قسە فڕێ بدات. توانیویەتی زۆربەی پیاوەکانی عەشیرەتی خۆی چەکدار بکات واتە(عەشیرەتی شکاك) کە (٨٠٠) بنەماڵەی لەژێر دەست بووە کەلەسەدا پەنجای نێرینەن وحەز لەچەك دەکەن، بەتایبەت بۆ تالآن و ڕێگری و پەلاماری شەوانە بۆ سەر دانیشتوانی ئازەری بەکاری هێناون. عومەر خان هەمیشە حەزی لە خۆ دەوڵەمەند کردن بووە. لەم بارەیەشەوە پشگیری لە برا کوردەکانی دەکات. عومەر خان شەریفی بەیەکێك لە دەوڵەمەندەکانی ناو عەشیرەتی شکاك ئەژمێردرێ واتە ملیۆنێربووە. ناوبراو بازرگانی مەڕومالآتی کردووەو چەکێکی زۆری بووەو خاوەنی ڕێزێکی زۆربووە لەناو عەشیرەتی شکاکدا و تەنانەت لەناو عەشیرەتی میلان و جەلالی و زیلان لەناوچەی ماکۆشدا . هەروەها عومەر خان بەیەکێك لە دەستپێشخەرانی دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردی دادەنرێت[٦٣] ئەگەر سەیری ئەم بەڵگە نامەیە بکەین دەبینین لەلایەن سەر کونسوڵی سۆڤیەت لەماکۆ بەناوی (سەلومین) ئەم ڕاپۆرتەی بۆ سۆڤیەت ناردۆتەوە بەڵام هەندێك جیاوازی لەباسەکانیدا هەیە.چونکە کەدێتە سەر باسی دروستکردنی کۆمەڵەی (ژێ.ك) ئەو هەر خۆی سەر کونسوڵ دەڵێ کە حیزبێکی سەر بە ئینگلیزە و ئێرانیەکان چاو پۆشییان لێ کردووە. بەڵام لەبەڵگەنامەیەکی تری هەمان کەسدا کە

(سەلمومینە)دەڵێت لە مانگی مارتی ١٩٤٥دا ڕێبەری هۆزی شوکاک عومەر خانی شەریفی سەرکردەی تەواوی هۆزو خێڵە کوردەکانی ناوچەکە کۆدەکاتەوەو لەو کۆبونەوەیەدا سەبارەت بە دروستکردنی ڕێکخراوی کۆمەڵەی (ژ.ك)لەناوچەکەدا قسەیان بۆ دەکات و بەشداربوانی کۆبونەوەکە ئاگادار ئەکاتەوە کە ئەم کۆمەڵەیە بە پشتیوانی دەوڵەتی سۆڤیەت دروست کراوە کە مەبەستیش لە ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە سەربەخۆیی بۆ کوردستانە یان ئۆتۆنۆمی یە بۆ هەموو بەشەکانی تری کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراون. عومەر خان هەوڵیداوە تەواوی کوردی ناوچەکانی ماکۆو خۆی بۆ ئەم مەبەستە ڕابکێشێت. بەڵام لە ئەنجامی چالاکی کونسوڵخانەی ئێمە (واتە سۆڤیەت) لەم بارەوە ئەم هەوڵدانەی عومەر خان سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و نەمانهێشت(٦٤). هەرچەندە سەر کونسوڵ لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی ناوچەکەیە بەڵام عومەر خان سەرۆکی هەموو عەشیرەتی شکاك نەبووە، بەڵکو لەدوای نەمانی سمکۆ عەشیرەتی شکاك بێ سەرۆك ماوەتەوە و منداڵەکانی سمکۆش تەمەنیان هێندە نەبووە تابتوانن جێگای باوکیان بگرنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەسەردەمی دامەزراندنی کۆماری مەهاباددا هەموو عەشیرەتی شکاك لەگەڵ عومەر خان نەبوون بەڵکو تەنیا (٨٠٠) چەکداری لەگەڵ بووە. بەڵام کوڕەکانی سمکۆ (خەسرەو

قوباد خان و تایەر خان و بابەخانیش) هەموو بەشدارییان کردووە لە کۆماردا کە(٥٠٠)چەکداری شکاکیان لەگەڵدابووەو بەشداربوون و پلەی سەربازیشیان وەرگرتووە. بۆیە ئەوەش شانازییە کە بۆ کوڕەکانی سمکۆ کەبەو تەمەنەوە بەشدارییان کردووەو لەگەڵ گەلی خۆیاندا بەوەفا بوون ولە خۆشیی و ناخۆشیدا لەگەڵیا ژیاون کەچی دەبینین دوژمنانی نەتەوەکەمان هەمیشە لە پارێزدابوون و بوختان و قسەی نابەجێ و نەشیاویان دواخستوون و ویستویانە بەهەر شێوەیەك بێت لەبەرچاوی دنیای دەرەوە ناشرینیان بکەن. دەگێڕنەوە جارێك کابرایەکی ئەرمەنی لەناوچەی برادۆست و نزیك لەگوندی (گەنگەچین) بارێکی پێ ئەبێت بەسەر پشتی گوێدرێژەکەوە، دیارە بارەکەی بابەتی خواردن ئەبێت، چەند ڕێگرێك ڕێگاکەی لێ دەگرن و نیوەی بارەکەی لێ دەسێنن هەرچەندە کابرای ئەرمەنی زۆر ئەپاڕێتەوە سوودی نابێت. پاشان کابرا دەگەڕێتەوە بۆ چهریق و دەچێتە لای سمکۆ و پێ ی دەڵێ جەنابی خان ڕووت کراومەتەوە. ئەویش لێ ی دەپرسێ لەکوێ ئەویش دەڵێت لەبرادۆست. سمکۆ دەڵێ قیافەیان و باڵایان و ڕەنگیان چۆن بوو. ئەویش دەڵێ قوربان یەکێکیان بەڕوسی قسەی لەگەڵ کردم خێرا سمکۆ دەڵێ ئادەی بڕۆن فلان کەسم بۆ بێنن. پاش ماوەیەك کابرا دێنن. کابرای ئەرمەنی لەڕێگاوە دەڵێ جەنابی سمکۆ خۆیەتی. سمکۆ پرسیار لەدزە ئەکات ئەڵێ بۆ ئەم کارەت کردووە، ئەویش هەرچی سوێندی

خواو پێغەمبەرە دەیخوات کە ئەو دزی نەکردووە کابرای ئەرمەنی دەڵێ با دەست بدا بەقورئاندا. دزەش دەڵێ بەسەرچاو بڕۆ قورئان بێنە و منیش ئەچم دەست نوێژ ئەشۆم. دزە خۆی ئامادە دەکات دەست بدا بە قورئاندا سمکۆ ئەڵێ بووەستەو ڕووبکەرە من و بڵێ سمکۆ بەسەری تۆ من نەبووم  دزە تۆزێك هەڵوێستە دەکات و دەڵێ دەوەڵڵاهی بەسەری سمکۆ من دزیم و خواردیشم.سمکۆش دەڵێ مادام ڕاستت ووت ڕوو ئەکاتە کابراو ئەڵێ بارەکەت بای چەند بووە ئەوە پارەکەی بەزیادەوە کابرای ئەرمەنیش دەڵێ وەڵڵاهی مادام ئەوەندە لەناو خەڵکدا خۆشەویستی و دزەکەش نەیتوانی بەسەری تۆ سوێندی درۆ بخوات منیش پارەم ناوێ سمکۆ دەڵێ ئەوە دوو ئەوەندە. ئادەی ئەسپێکم بۆ بێنن ئەم ئەسپەش دیاری منە بۆ تۆ باخۆشت ببیت بەسوار. خوات لەگەڵ.

# چۆنێتی کوشتنی سمکۆ[1]

کوشتنی سمکۆ لەدەمی شایەتحاڵەکانیەوە کە خۆیان بەشدارییان کردووە لەو پیلانەدا یەکێك لەوانەکە ناوی (یەدوڵڵای ئیبراهیمی)یەکە بەسوڵتان لەشکری تەبرێز ناسرابوو وەك شایەتێککە بەیەکێك لەدارێژەرانی بەرنامەی کوشتنی سمکۆ دادەنرێت لەیادەوەریەکانی خۆیدا لەژێر ناوی کوشتنی ئیسماعیل ئاغا، سمکۆ دا بەم شێوەیە باسی دەکات ونووسیویەتی: ئێمە بەهۆی تەیمور ناوێکەوە کەلەوەو پێش چەکداربووە لەلەشکری سمکۆ واتە(ئیسماعیل ئاغا) و ماوەیەك بەهۆی برینداربونیەوە بەگوللەیەك لەیەکێك لەشەڕەکاندا لەئەنجامدا بەدیل گیرابوو، ماوەیەکیش لەزیندانی ئێراندا ژیانی بەسەر بردبوو، پاشان لەلایەن فەرماندەی لەشکری ئازەربایجانەوە نێردرابوو بۆ لای من، کەبەهۆی ئەمەوە بتوانم پەیوەندی بکەم بە ئیسماعیل ئاغاوە، ئەمەش بەهۆی نامەیەکەوەبوو کەمن بینێرم بۆ سمکۆو ئامۆژگاری بکەم، کە باشتر وایە لەو سەرگەردانیە خۆی ڕزگاربکاو بۆ نیشتمان بگەڕێتەوەو پابەندبوونی خۆی بۆ ڕەزا شای پەهلەوی نیشانبدات، پەیمانیشم دایە ئەگەر گەڕایەوە بۆ ئێران بەشێوەیەکی ئاسودە بمێنێتەوە بۆیە ئیسماعیل ئاغا ئەم دەعوەتەی بەنیەت پاکی قەبوڵ کرد. بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ ئێران. ئەوەی دوای ئەوە هەواڵم پێگەیشت،ئەوەبوو کە

[1]-پس از شصت سال/ عرفان قانیعی فرد/ جلد اول/ نشر علم ۱۳۸۸ تهران ص۵۰-۵۲ وەرگێرانی لەفارسیەوە .

سمکۆ ناوچەی بارزانی بەجێ هێشتووە، بەنیەتی گەڕانەوە بۆ ئێران پاش ئەوەی بەتەلەفون پەیوەندی کرا بەسەرهەنگ نەورۆزی فەرماندەی هێزی شنۆ. ئیتر زانرا کە ئیسماعیل ئاغا چووە بۆ لای خورشید ئاغای هەرکی و داوای بینینی کردووە. بەم شێوەیە ئیسماعیل ئاغا بەبیست چەکداری خۆیەوە گەیشتۆتە شنۆ. بەڵام بەخێرایی زیاتر لەشەش سەد سواری سەرۆك خێڵەکان پەیوەندیان کردووە بەسمکۆوە. ئیتر ئیشەکەی من ئاشکرابووکە ئەبێت دەستبەجێ بەرەو شنۆ بجوڵێم. کاتژمێر (١١)ی بەیانی بوو چوومە ناو شاری شنۆ لەماڵی سەرهەنگ نەورۆزی و سەرهەنگ دکتۆر میر ئەعلەم و ئیسماعیل ئاغام بینی سەرهەنگ نەورۆزی جل و بەرگی تازەی بۆ ئیسماعیل ئاغا ئامادەکردبوو ئەویش لەبەری کردبوو. ئەگەر قەزاو قەدەر نەبوایە مومکین نەدەبوو کەسێکی وەکو ئەو لەشارێك یاخود جێگەیەکی ئاوا گوماناوی دا ببینرێت. هەتا لەماڵەکەی خۆشیدا یاخود هەر شوێنێك ئەگەر دڵنیا نەبوایە نەدەچوو، تەنیا ئەمە خواستی خوا بوو کە ئەم پیاوە جەربەزەیە ڕابکێشرێتە ناو چوار دیواری شنۆوە. من وام بەخەیاڵدا هات. تا دەکرێت لەم شەڕە دووربم. چونکە ئیسماعیل ئاغا هەر ئەوەندەی هەستی بکردایە کە ڕووداوێك ڕوو ئەدا ئەوا من ئامانجی سەرەکی بووم. بۆیە شاری شنۆم بەجێ هێشت لەگوندی (گەندەوێڵە)لەچەند کیلۆمەتری شنۆ وەستام نزیکەی نیوکاژێری نەبرد گوێم لەدەنگی دەستڕێژو تفەنگ بوو کەلەشنۆوە بەر گوێم کەوت. دیارە کە ئیسماعیل ئاغا وای دانابوو هێزی شنۆ ببینێت و لەچاوەڕوانی سەرتیپ مقدم دابوو. دیارە سمکۆ وا بیری کردۆتەوە کە هێزی شنۆ

بەبێ دەنگی لەناو بەرێ تا شەویش چاوەڕوانی سەر لەشکر بوو وای دانابوو کە خورشید ئاغا لەگەڵ چەند نەفەرێك دا بنێرێ بۆ ماڵی سادق نەورۆزی و دەستگیری بکاو خۆشی بەچەند سوارێکەوە ئامادە کردبوو بۆ سەرخستنی کارەکە، خورشید ئاغا بەخۆی چەکدارەکانیەوە ڕۆیشتن بۆ ماڵی سادقی نەورۆزی سەرهەنگ نەورۆزی لەسەربانی ماڵەکەی خۆیدا لەخۆ ئامادەکردندا بوو. کاتێك کە گوێ ی لەدەنگێ بوو لەحەوشەکەوە بانگی کرد سەرهەنگ نەورۆزی ووتی ئێستا دێمە خوارەوە(خانوەکەی نەورۆزی دوو نهۆم بوو. نەورۆزی لەنهۆمی سەرەوە بووە لەو کاتەدا) بەڵام خورشید ئاغا پەلەی کردووەو کۆمەڵێکی ناردۆتە سەرەوە بۆ دەستگیرکردنی کاتێك سەرهەنگ نەورۆزی گوێی لەدەنگی پێی پیاوەکانی خورشید ئاغابوو لەسەر پلیکانەکان کەبەرەو لای دەچوون. خێرا نەورۆزی دەرگاکەی لەسەر خۆی داخست و پەلاماری چەکی دا ئەوانەی کەهاتنە سەرەوە هەوڵیان دا بچنە ژورەوە بەڵام نەورۆزی تەقەی بەڕووی پیاوەکانی خورشید ئاغادا کردو یەکێك لەپیاوەکانی خورشید ئاغا کوژرا. لەو کاتەدا پاسەوانی ماڵەکەی نەورۆزی کە گوێی لەتەقەکە بوو خۆی ئامادە کردبوو تەقە بکات خێرا خورشید ئاغا کوشتی. کارمەندێکی سەر تەلەفونەکەی سادق نەورۆزی کەچەکدار بوو ئاگای لەڕووداوەکە بوو دەستی دایە تفەنگەکەو تەقەی کردو بەگوللەیەك خورشید ئاغای کوشت.(محەمەد)کە خزمەتکاری سەرتیپ موقەدەم بوو لەژوری پێشەوەکە لەبەردەم پەنجەرەکە دانیشتبوو و چاودێری دەکرد کە بینی سمکۆو ژمارەیەك لەچەکدارەکانی بەرەو لای باخی میللی دەڕۆیشتن یەکەم گوللەی بەوردی بەرەو سنگی سمکۆ

تەقاند، سمکۆ خێرا دەستی خستە سەر برینەکەی و جنێوێکی بەعەجەم دا ئیتر لەجێگەی خۆیدا لول بوو، پاشان سەربازێکی تر لەسەر بانەکانی دەوروبەرەوە گوللەی دووەمی بەرەو سمکۆ تەقاند لەهەمان کاتدا (ئیسماعیل خانی سەوار)یش کەلەپشتەوە ئاگاداری ڕووداوەکە بوو گوللەی سێ هەمی نابەسمکۆوە. ئیتر عەشایەرەکان بەبێ سەرپەرشتیکار مانەوەو ڕێکخستنی هێزەکە شپرزەو تێکەڵاوبوون و هەریەکە بۆ خۆی شەڕی دەکرد. تا ئەو کاتە چل نەفەر کوژران سوارەکانی هەکاری لەبەرئەوەی زۆر پابەندبوون بەعەشیرەتەکەیانەوە. هەربۆیە خورشید ئاغایان جێ نەهێشت و بەشەڕێکی زۆر قارەمانانە لاشەی خورشید ئاغایان بەرەو لای ڕوبارەکە برد. سێ لەچەکدارەکانی سمکۆ خەسرەوی کوڕیان لەمەیدانی شەڕەکە بردە دەرەوە و لاشەی سمکۆ لەکۆڵانەکەدا مایەوەو کەس بەدوایدا نەهات خێرا لەشنۆوە فەرمان بە محەمەد درا کەلاشەی سمکۆ بە ئوتومبێل بگوازنەوە بۆ ورمێ. بەتەلەگراف ناوەڕۆکی فەرمانەکە درایەوە بە ڕەزا شا. کە فەرمانەکەی جێبەجێ کراوە ئەمەش بووە هۆی شادمانیەکی زۆری ڕەزا شاو گەورەکانی سوپا بەم شێوەیە و لەپیلانێکی کێشەیەکی گەورەی ١٤ساڵە کە ئازەربایجانی بەخوێن سورکردبوو بەوشێوەیە کۆتایی هات[٢]

---

[٢]-پس از شصت سال/ عرفان قانیعی فرد/ جلد اول.

## (گێڕانەوەی چۆنیەتی شەهیدکردنی سمکۆ لەدەمی شایەتحاڵەکانەوە لە شاری شنۆ)

ڕەحمان زەرزا مامۆستایەکی خانەنشینەو لەدایك بووی ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٢١ زایینی و خەڵکی شاری شنۆیەو یەکێکە لە مامۆستا کۆنەکانی شنۆ. مانگێك بەر لەکۆچی دوایی و کۆتایی مانگی خەرمانانی ١٩٩٠ڕووداوی کوشتنی سمکۆی لەبیرمابوو بەم جۆرە گێڕاویەتیەوە.دوای ئەوەی کە سمایل خان لەتورکیاوە گەڕایەوە ئێران لەلایەن حکومەتی ئێران و سەر لەشکر موقەدەم و بەهۆی سەرهەنگ سادق خانی فەرماندەی سەربازی شنۆوە داوای لێکرا کە لەشنۆ چاویان بەیەکتری بکەوێ و لەبارەی ئاشتی و ئاشتەواییەوە گفتوگۆ بکەن و ئەو ڕۆژەی کە بڕیاربوو سەرلەشکر موقەدەم فەرماندەی لەشکری ٣ی تەورێز لەشنۆ چاوی بەسمکۆ بکەوێ، سمکۆ خۆی و ژمارەیەك لەسەرانی عەشیرەتی هەرکی و خەیلانی و بارزانی کەلەباخی ڕەزی ترێ لەڕۆژهەڵاتی شنۆدا کە ئێستا شوێنی لێکۆڵینەوەی سوپای پاسدارانەو پێشتر دەرمانخانەی ڕێکخراوی شاهنشاهی بوو، بەمەبەستی پێشوازیکردنی سەر لەشکر موقەدەم لەچاوەڕوانیدا بوون بەڵام هیچ هەواڵێك سەبارەت بەهاتنی سەر لەشکر موقەدەم نەبوو. لەو کاتەدا کەسێك بەناوی حاجی مەحمود شنۆی کەبەکەسایەتیەکی گەورەی شاری شنۆ دائەنرا هەواڵی بە سمکۆدا کە زۆر لەوانەیە پیلانگێڕییەك

بەمەبەستی لەناوبردنت لەلایەن عەجەمەکانەوە لەئارادا بێ و باشتر وایە بێ ئەوەی سەر لەشاربدەی شنۆ بەجێ بهێڵەو برۆ. لەو کاتەدا هەواڵ دەگات کە بەهۆی تێکچونی ئوتومبیلەکەیەوە، سەر لەشکر موقەدەم ناتوانی ئەمرۆ خۆی بگەیەنێتە شنۆو بەم جۆرە چاوپێکەوتنەکە ئەنجام نەدراو نەشزانرا کە بۆچی سمکۆ سەرلەنوێ گەڕایەوە ناو شنۆو گوایە پیرێژنێکیش بەناوی سەیدزادە فاتمەی کچی شێخ جەلالی دەربەندی پێش بەسمکۆ دەگرێ و دەڵێ: عەجەمەکان لەناو شاردا تەڵەیان بۆ داناوی، بەڵام خورشید ئاغای سەرۆکی عێلی هەرکی دەڵێت عەجەمەکان زاتی ئەوەیان نی یە تەقەمان لێ بکەن و ڕەنگبێ دڵنیایی زۆری سمکۆ بە دۆستایەتیی سەرهەنگ سادق نەورۆزی بوو کە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە سمکۆ بگەڕێتەوە ناو شاری شنۆ کە دوای گەیشتنیان بۆ ناوشار، بەمەبەستی جێهێشتنی شنۆ لەبەشی ڕۆژئاوایەوە کاتێ دەگەنە بەشی خوارووی ڕۆژئاوای پردی بازار لەبەرامبەر حەوشەی مزگەوتی بازاڕی شنۆ لەتەنیشت باخی میللەت کە ئێستا وێرانەیە، لەباڵەخانەکانی هەواڵگریی حکومەتەوە کەدەکەونە کەناری خوارووی ڕۆژئاوای ڕووبارو نزیکەی شەست مەترێك دوور لەپردەکەوە، لەلایەن سەربازان و ژاندرمەکانی سەرهەنگ سادق خانەوە تەقەیان لێدەکرێ و لەیەکەم تەقەکردندا سمکۆ بەر ناکەوێ، بەڵکو خورشید ئاغاو یەك دوو کەس لەسەرانی عەشیرەتەکانی بارزانی و عێراقی (مەبەستی ئەوانەیە کە لەباشوری کوردستانەوە ڕۆیشتون) و ژمارەیەکی دیکە بەردەکەون و

سمكۆ خۆی دەگەیەنێتە حەشارگەیەك بەڵام سەیر دەكات كوڕە منداڵەكەی  كە ناوی خەسرەو بوو بەجێماوە، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كوڕەكەی ڕزگاربكات . بەڵام ئەمجارەیان دەپێكرێ، شەڕ لەنێوان پیاوەكانی سمكۆو ژەندەرمەكانی كەلەكەمیندا بوون دروست بوو بەگەیشتنی هێزەكانی حكومەت لەگردەكانی لای باكورەوە كە دەیڕوانی بەسەر شاری شنۆدا كە پێشتر لەورمێ وەهاتبوون و لەو شوێنەوە ئامادەی كردەوە سەربازییەكان و پەلاماردانی شارەكە بوون ، شەڕ بەردەوام بوو بەكوشتنی سمكۆ ئیتر پیاوەكانی هەرەس دەهێنن و لەشار دەرئەچن و پاشان حكومەت بۆ  پیشاندانی بەخەڵك  تەرمەكەی دەباتە ورمێ و نیشانی یەكێك لەژنەكانی سمكۆی دەدەن، كە توركی ئازەری بوو . بەمەش ئاشكرا دەبێت كەتەرمی سمكۆیەو شەهید كراوە، بەفریو خواردنی سمكۆ بەهۆی دۆستایەتی و پەیوەندی نزیكی بەسەرهەنگ سادق خانی فەرماندەی سەربازی شنۆوە لە ٢٧ی مانگی (تیرماە)ی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢١حوزەیرانی ١٩٣٠كەبەمەبەستی ڕێككەوتن و ئاشتەوایی لەگەڵ حكومەتی ئێراندا لەشنۆ ئامادە دەبێ، وەكو برا گەورەكەی كەلەتەورێز دەكەوێتە داوەوە بەشێوەیەكی ناجەوامێرانە دەكوژێ[٣]

---

[٣]–لەكتێبی ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا وەرگێراوە كە نوسەرەكەی رحیم شنۆی مەحمود زادە لاپەڕە ٣١٣.

هەروەها مامۆستا محمد ئەمینی ئەمینی، دانیشتوی شنۆ لە دایكبووی ساڵی ١٣٠٥ هەتاوی (١٩٢٦)زاینی دەڵێ: من لەبیرمە كە باوكم دەیگوت: پاش ئەوەی ئیسماعیل ئاغا لەشنۆ كەوتە تەڵەوەو شەهید كرا تەرمەكەی كەوتە دەست هێزە سەربازییەكانی سوپا، بەفەرمانی سەرهەنگ سادق خان، ڕۆژی دواتر چەند سەربازێك سوكایەتیان بەتەرمی پیرۆزی سمكۆوە دەكردو یەكێك لەسەربازەكان كە وێنەكەی هەیە قژی سمكۆ دەگرێ و پیشانی كامێرەكەی دەدات تا وێنەی بگرێ. خەڵكی شارو عەشایەری ناوچەكە ئەم ڕووداوەیان بینیوە. حاجی مەحموود شنۆیی كە ئەو كاتە گەورەی خەڵكی شار بووە و حاڵ و دیوەخانەكەی وەك میوانخانە بووە لەشاردا و شوێنی میوانداریكردنی میران و بەرپرسانی حكومیی و بازرگانان بووە، حاجی مەحمود چووە پێشەوەو بە سەرهەنگ سادق خانی ووت. سادق خان تا دوێنێ ئەم كاتە ئێوە شانازیتان دەكرد كە چەند جارێك چونەتە دیدەنی سمكۆو دۆستی ئەویت، بەڵام ئەمڕۆ بێ ڕێزی بەتەرمەكەیەوە دەكەن! تف لەو ڕۆژگارە!

كەسێكی تری شاری شنۆ كە ناوی حاجی ڕەحیم شافعی یە لەساڵی ١٩٩٦دا تەمەنی لەهەشتا ساڵ زیاتر بوو دەڵێ لەڕۆژی كوشتنەكەی سمكۆو هاوڕێیانی لەدووری نێوان شارو سەربازگەی شنۆدا لەچاوەڕوانی هاتنی سەر لەشكر موقەدەم بوون، سمكۆ بەدووربین تەماشای یەكێك

لەسەرۆك عەشیرەتەكانی شنۆو هاوڕێیانی دەكرد كە بۆبەشداری لەپێشوازیكردن دەهاتن ئیسماعیل ئاغا(سمكۆ)بینی چەند مەدالیایەك بەسنگی ئەو سەرۆك عەشیرەتەوەیە كە لەلایەن حكومەتی ئێرانەوە پێی درابوو، بەئاماژەكردن بۆ ئەو سەرۆك عەشیرەتە بەكەسانی دەوروبەری خۆی گرت (سەباب مەدالیش هەنە)!

هەروەها محەمەد ئەمین فەرخیش كەخەڵكی شنۆیەو تەمەنی نزیكەی هەشتاو پێنجساڵەو دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: لەكاتی كوشتنی سمكۆدا من لاو بووم و لەڕۆژی ڕووداوەكەدا لەنێوان پێشوازیكەراندا بووم سمكۆ دەوری ٤٠–٥٠لەچەكدارەكانی و سەرانی عەشایەری هەركی و بارزانی لەگەڵدابوو، بەڵام بەهۆی نەهاتنی ئوتومبێلەكەی سەرلەشكر موقەدەم، سمكۆو هەموو ئەوانەی لەگەڵیدا بوون بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان، لەكەناری باخی میللەت بەرامبەر بەمزگەوتی بازاڕ لەلای خوارووی ڕووبارەوە درانە بەر گوللەو سمكۆ كوژراو خورشید ئاغای سەرۆكی هەركیش لەگەڵ دوو هاوڕێ و دوو كەس لەسەرانی بارزانی بەناوەكانی حەمەدەمین ئاغاو مرۆت و ژمارەیەكی دیكە لە هاوڕێیانی و لەدانیشتوانی شار كوژران. بەكوشتنی سمكۆ ئەوانی تر بەشەڕكردنێكی چەند كاژێری لەگەڵ هێزەكانی حكومیی كە پێشتر لەورمێ وە نێردرابوون بۆ ئەو كارە لەسەر گردو تەپۆڵكەكانی باكور كە دەیڕوانی بەسەر شنۆدا ئامادەی پەلامار بوون، بەدەربازكردنی

کوڕەکەی سمکۆ کە ناوی خەسرەو بوو لەگەڵ تەرمەکەی خورشید ئاغا لەلایەن هەندێ لەدانیشتوانەوە حاجی مەحموود ڕووی کردە تەرمەکەو ووتی: مەگەر پێم نەوتی مەچۆرە پێشوازیکردنەکە؟!

هەروەها ڕەحمان سوڵتان ڕەش (ڕەحمانی مینە گڕووی) کەیەکێکە لە تەمەنداران و پیاوە کۆنەکانی شنۆ دەیگوت: هاوڕێیانی سمکۆ کەبەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئێران هاتبوونە شنۆ نزیکەی ٣٠-٤٠کەسێکی چەکداربوون کەلەوانە(٧) کەس سەر بەعەشیرەتی بارزان بوون، کە پێیان دەگووتن (کال مو) واتە کەسانێك کە کەوشەکانیان لەمووی بزن دروستکرابوو. مەبەستم لەنووسینی شایەتحاڵەکانی کوشتنی سمکۆ و ئەو کارەساتە لەدەمی خەڵکەوە زۆر شیاوترو ڕاسترە تا لەدەمی کەسێکی سیاسی یەوە کە کارەساتەکە بەلاڕێدا بەرێ و مەبەستێکی تری پێ ببێکێ دەنا لەهەمان سەرچاوەدا کە کتێبەکەی ڕەحیم شنۆییە بەناوی (ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا و چەند بابەتێکی دی) ناوی کەسێکی عەجەم بەناوی هاشم ئەحمەد زادە هاتووە کە خۆی وا دەناسێنێت کە جێگری نەورۆزی بووەو زۆربەی ئەو کارە ئەم ئەنجامی داوە. بەڵام نووسینەکەی جێگای گومان بوو کە زیاتر خۆی وەك پاڵەوانی ئەو کارەساتە دەناسێنێ بۆیە بەپێویستم نەزانی ئەو نامەیە بڵاوبکەمەوە.ئیتر هەندێك لەنووسەران هەریەکەو بەجۆرێك لێکدانەوە بۆ چۆنێتی شەهیدکردنی سمکۆ دەکەن. گرنگ ئەوەیە کە تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی سمکۆ هەرگیز لەپێناوی ئامانجە

ڕەواکەیدا نەسرەوت کە خۆی لەسەربەخۆیی کوردستاندا دەبینییەوە.
ئەوەی کە بۆ سمکۆو خانەوادەکەی و عەشیرەتەکەی مایەوە ئەوەیە کە لە تۆماری مێژووی گەلەکەمان دا سمکۆ و هاوڕێکانی بەنەمری دەمێننەوە. جا ئیتر دوژمنان و ناحەزان هەرچی دەنووسن بابینوسن بەلاَم ئەوەی جێگای داخە هەندێك لەنووسەرانی خۆمانیش شوێن پێی ناحەزان و دوژمنانی کورد هەڵدەگرن و ڕەخنەکانیان بەئاڕاستەیەکی نابەجێ دا دەڕوات و هەندێکیان سمکۆ بە پیاو کوژو ڕێگرو تاوانبار ناوی دەبەن. تەنها بۆ ئەوەی پێیان بوترێ پیاوی سیاسین و پارێزەری مافی مرۆڤ و مرۆڤ دۆستن، بۆیە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ناکرێ بەبەراورد بەسەدەیەك بەر لەئێستا بیربکرێتەوە لێرەدا بابزانین جارجارە دەنگە بێئاگاکان چی لەسەر سمکۆ دەڵێن ئێمەشئەوەی وتوویانە لەکاتی خۆیداو لەهەمان ڕۆژنامەو گۆڤاردا وەلاَمی تەواومان بۆیان هەبووە .
ئەمەش وەك بەرگری لەمافی هەر کەسێك کە ڕۆژانێك لەپێناوی ئەم گەلەدا ئەرك و زەحمەتیان کێشاوە و خوێنی خۆیان بەخشیوە نەك وەك کەسێك سەر بەو عەشیرەتە یاخود بەناوی خزمایەتییەوە. دەبابزانین نووسەرانی خۆمانیش لەم بارەوە چی دەڵێن و لەوانەنووسەرێك بەناوی سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی لەژمارە ٣٣٠ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/١٣لە ستونێکدا بەناونیشانی (ئایینناسی نوێ) لەبەشێکی نووسینەکەیدا دێتە سەر سمکۆی شکاك و شۆڕشەکەی کە تێکڕای ئەو نووسینەی کە پەیوەستە بەسمکۆوە لە ٨٤وشە پێك هاتووە هەروەکو دەڵێ:(سمکۆ

ئیسماعیل خانی شکاك ، ساڵی ١٩٢٧شۆڕشگێڕێکی کوردستانی ئێران بوو کە لەنێوان بەرژەوەندی یەکانی ئینگلیزو ئێرانی شاهنشاییدا ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد، ئەوەی کە مایەی شەرمەزاری یە لەتۆماری سمکۆدا ئەوەیە کاتێ پیاوی ئایینی و سەرکردەی ئاسوری یەکان پەتریاك (مارشەمعون بنیامین لە ١٩١٨/٣/٣ کە میوانی سمکۆ بوو، بەمەبەستی ڕێکەوتن و ڕێکخستنی هەردوو لایەنی کوردو سوریانی بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتێك کە ببێتە نمونەی برایەتی و ئاینی و نەتەوایەتی، بەڵام سمکۆ هیچی نەکرد تەنها ئەوە نەبێت کە مارشەمعونی لەهەمان کات و شوێندا تیرۆرکرد، دواتریش سمکۆ لەساڵی ١٩٢٢دا بزوتنەوەیەکی چەکداری پێك هێنا کە دەستی گرت بەسەر ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی ئێراندا و سەر ئەنجامیش لەساڵی ١٩٢٦دا بەدوای دەسەڵاتدارانی ئێراندا چوو بەرەو تاران بۆ ئەوەی بەڕاستی بیکەنە سەرۆکی کوردەکانی شنۆ. بەڵام لەخێوەتی ڕێکەوتنەکەدا غافڵ کوژیان کرد.

خوێنەری بەڕێز سەرنج بدەو بەلاتەوە سەیر نەبێ کەسێك بۆ پڕکردنەوەی ستونێك لەڕۆژنامەیەکدا تەنها مەبەستی پڕکردنەوەی بێت، بەبێ گوێدانە ڕاستی ڕووداوەکان و هەست و سۆزی نەتەوەیەك یا شێواندنی مێژووی سەرکردەیەك بەو جۆرە دەدوێت. کاتێك مانشێتی نووسینەکە دەبینی وا دەزانی باس لەسەروەرییەکی نوێ و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئایین دەکات، بەڵام کە دەچێتە تەواوی

باسەکەوە سەیر دەکەیت باسی مێژوو دەکات. بەڵام چ مێژوویەك بەڕاستی ئەو برادەرە ئازیزە، دیارە دوورونزیك ئاگاداری مێژوو نی یە، یاخود وادیارە لەملاولاوە هەندێ شتی بیستووە و هیچی تر، من خۆشەویستیم بۆ مێژوو هەیە، بەڵام کاتێك ئەو ستونەم خوێندەوە ئەو کاتە زانیم، کە ئێمەی کورد نەتەوەیەکین کە تاوانی زۆرمان بەرامبەر کراوە کە نابێت ئاوا بێ ئاگایانە خۆمان مێژووی خۆمان بنووسینەوە، یاخود ڕامان وابێ بەرامبەر بەمێژوو. چونکە مێژوو ڕونکردنەوەو نووسینەوەی ڕاستی ڕووداوەکان و کارەساتەکان دەردەخات، جاڕووداوەکان دووربن، یاخود نزیك من خوێندنەوەیەکی سەرەتاییم هەیە بۆ مێژووی شکاك و شۆڕشەکەی سمکۆ. بۆیە ئەم سەرنجانەم لەسەری لا دروست بوو کە لەبابەتەکەیداو لەناوەڕاستی ستونەکەدا باسی کردووە بۆیە ئەمەوێ بەکورتی وەڵامی بدەمەوەو هەڵەکانی بۆ ڕاست بکەمەوە.

ئەویش بەو جۆرەیە بزوتنەوەی شکاك ساڵی ١٩٢٢ دروست نەبووە، بەڵکو لە ساڵی ١٩٠٩وە دەستی پێ کرد بەدوای مردنی محەمەد پاشای باوکی لەدورگەی ڕۆدس گیانی لەدەستدا ئەمەش بەبیانوی کوشتنی ڕەزوان پاشاوە کە پێشتر باسمان کرد.ئەوکارەساتەش لەڕۆژی ١٩١٨/٣/٣دا نەبوو بەڵکو لە ١٩١٨/٣/٢٨بوو.

هەروەها لەماڵی خۆشیدا نەبوو بەڵکو لەماڵی تەیمور ئاغای کۆنەشاربوو، تەنانەت دیاری کردنی ژمارەی چەکداران کە هەردوولا لەسەری ڕێکەوتبون لەلایەن مارشەمعونەوە بوو. لەبەشێکی نووسینەکەیدا هێمای بۆ ساڵی کوشتنەکەی سمکۆ کردووە کە دەڵێ ساڵی ١٩٢٦دا کوژرا بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە ١٩٣٠/٦/٢١دا شەهید بوو بەڵگەشمان ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی لەڕۆژی ١٩٣٠/٦/٢٢: هەروەکو دەڵێ دوێنی پەیامنێرمان لەتارانەوە پێی ڕاگەیاندین کە سمکۆی شکاك سەرکردەی کوردەکانی ئێران لەشاری شنۆ بەدەستی هێزەکانی ئێران کوژرا. لەبەشێکی نوسینەکەی دا نوسەری ستونەکە دەڵێ: لەخێوەتێکدا غافڵ کوژیان کرد بۆیە بۆڕاستی کوشتنەکەئەوەیە کەلەخێوەتدا نەکوژراوەو غافڵ کوژیش نەکراوە بەڵکو لەشەڕی دەستەویەخەو بەرامبەردا کاتێك بەسەر پردی شنۆدا ڕۆیشتووە ڕوویداوە. جگە لەوەش مارشەمعون سوریانی نەبووە بەڵکو ئاسوری بووە کە دەڵێم سوریانی بەزمانی خۆت کەڕاستی یەکەی(سریانی)یە دەمەوێ هێما بۆ ئەوە بکەم کە مارشەمعون لەو کاتەدا وەك ئاسوری یەك کاری کردوە، تا دەوڵەتێك بۆ ئاسوریەکان دابمەزرێنێ. ، بەڵام سمکۆ دەیویست وەك نەتەوەیی یەك کورد بەسەربەخۆی شاد بکات. هەروەها کوشتنی مارشەمعون وەك ئەو نووسەرە باسی دەکات کە پیاوێکی ئایینی بووە، بەڵام هەر پیاوێکی ئایینی نەبووە بەڵکو پیاوێکی

سیاسی ڕۆژگارەکەش بووەو کوشتنەکەشی کوشتنێکی سیاسی بووەو زۆر نهێنی لەپشتەوە باس دەکرێ و هەتا ئێستاش لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ . نمونەش بۆ ئەمە (د. یاسین سەردەشتی)لەساڵی ١٩٩٤لەهەولێرو بادینان چەندین کۆڕو سیمیناری گێڕاوە. بۆ ڕاستی ئەم ڕووداوە، ئەوەبوو لەیادی ٨٤ساڵەی هاتنی سمکۆ بۆ سلێمانی لەڕۆژی ٢٠٠٧/١/٨ لەبنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ سازکرا. ئەمانە بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە ناتوانرێت بشاردرێنەوە. من بۆیە ناوەڕاستی ستونەکەم هەڵبژارد زۆر تاکەم شارەزاییم لەو بابەتەدا هەبوو. بەڵام بەدرخانیەکان کە لە پێشەکی نووسینەکەدا باسی کردووە، جێ دەهێڵم بۆ کەسێکی شارەزا لەمێژووی بەدرخانیەکان. هەروەها لەکۆتایی ستونەکەدا دەڵێت شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەدی بارزانی ئاسوریەکانیان پاراست. من دەڵێم کام ئاسورییان پاراست. چونکە زۆربەی ئاسوریەکان بوونە سەربازی لیڤی و شەڕیان دژی شێخ مەحموود و شێخ ئەحمەد بارزانی دەکرد.بەسەرکردایەتی ئاغا پەترۆس. لەشوێنێکی تردا نووسەر دەڵێت:(بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك کە ببێتە نموونەی برایەتی). بەڵام دەپرسین دروستکردنی دەوڵەت لەسەر خاکی کێ؟ بۆ ئەم نیوە دێڕەی کە باسی دروستبوونی دەوڵەت دەکەیت دەبێت بگەڕێینەوە بۆ کۆبوونەوەی (تەفلیس) و ناردنی کاپتن گراسی ئەفسەری هەواڵگری ئینگلیز بۆ ناوچەکەو چەکدارکردنی ئاسوریەکان بە

پشتگیری بەریتانیاو فەڕەنساو ڕوسیاو هاوکاری کردنی ئاسوریەکان بەمادی و مەعنەوی دژی کوردو سەرکردەکەی کە سمکۆی شکاك بوو. بۆیە دەڵێم جێگای دڵخۆشییە کە ئەو جۆرە نووسینانە نابنە سەرچاوە بۆ مێژوومان دەنا بە پێچەوانەوە مێژوومان هێندەی تر دەچووە خانەی شێواندنەوە.[٤] هەر لەم سەردەمەی ئێستاشدا کە بەسەردەمی ئازادی ڕادەربڕین ئەژماردەکرێ هەندێك کەس دەیانەوێ لەپاڵ ئەم کەشە ئازادە ڕەخساوەدا برایەتی نێوان کورد و ئاسوری تێك بدەن، کە ئەو برایەتی یە بۆتە جێگای سەرسامی جیهانی دەرەوەو هەرێمی کوردستانیش بەشانازییەوە باسی لێوە دەکات. بەڵام بەداخەوە مانشێتی هەفتەنامەی ئاوێنە ژمارە ١٦٣ ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/١٠ گشت تاکێکی کوردی داچڵەکاند کە یەکێك لەسەرکردە مێژووییەکان بەسەگی هار پێناسە دەکات. ئەو سەرکردەیەش سمکۆی شکاکە. دیارە ئەم نووسراوە وەك کتێبێك وەرگێڕداوەتە سەر زمانی عەرەبی پاشان بۆ زمانی کوردی کە نووسەرەکەی (ئەلینا ئەبونا) یەو ساڵی ١٩٢٧ بڵاوی کردۆتەوە یاخود نووسیویەتی . ئەمەش دەرئەنجامی ئەو کارەساتەی ساڵی ١٩١٨ی نێوان کوردەکانی ڕۆژهەڵات و ئاسوریەکان دەردەخات کە بنیامین مارشەمعونی تیادا کوژرا. ناتوانین لەدڵسۆزی بنیامین مارشەمعون بۆ ئاینەکەی کەم بکەینەوە، بەڵکو وەك ڕێز لێنانێك بۆ ئەو

---

٤-ئەم بابەتە لە ژمارە ٣٣٢ی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.

کەسایەتییە کەبووە  سووتەمەنی شەڕێکی لابەلا. لێرەدا نامەوێ بچمە ناو گێڕانەوەو باسکردنی ئەو کارەساتە، کە هەردوو گەلی کوردو ئاسوری تیایدا خەسارەتمەندی گیانی و ماڵی بوون . ئەوەی ڕوویدا کارەساتێکی نەخوازراو بوو لە ناونهێنیەکانی ڕۆژگارەکەدا چ بەلای کوردو چ بەلای ئەوانەوە ئەو ڕۆژگارە گەلێك نادیاربوو، نەك بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەتەنیا بەڵکو بگرە هەموو جیهانی تێوە گلاوە ، کە ناسراوە بەشەڕی جیهانی یەکەم و بەدەیان ملیۆن کەس بوونەتە قوربانی سیاسەتەکانی دەوڵەتانی زلهێز. چونکە هەر لایەك لەململانێ و هەوڵدانا بوون بۆ بەرکەوتنی پشکی گەورەتر لە دابەشکردنی پارووی میراتی دەوڵەتی عوسمانی، کە تا ئەوکاتە زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقاو بەشێك لەڕۆژهەڵاتی ئەوروپای لەبندەستدا بووە، بێ ئەوەی هیچ حسابێك بۆ گەلانی ئەو وڵاتانە بکەن، ڕەشەکوژی ئاسوریەکانیش لەتورکیا دەرئەنجامی ئەو ململانێ سەختە بووە ، کە بەو هۆیەوە گەلێك بەڵێنیان پێدان کە دوور لەڕاستی بوو کە لەئەنجامیشدا ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆر لەبرا ئاسوریەکان بۆ ناوچە کوردیەکان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان . ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو کە ئەو قۆناغەی هێنایە ئاراوە کە سمکۆ هەست بەمەترسی گەورە بکات کە بەشێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لەدەست بچێ کەخۆی تێیدا تاکە سەرکردەی گەورە بوو، بۆیە بۆ لە دەستنەدانی ناوچەو دەسەلاتەکەی

ناچار بوو مارشەمعون بکوژێت. ئەمەش ڕووداوێکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەزاران کەس لە ژن و مناڵ و پیاوی پیری پەککەوتە کوژران ، کە قوربانیەکان  خۆشیان نازانن بۆ وایان بەسەرهات. پاساوەکانیش نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی بوو. دیارە کوردو تورك و ئازەری و ئاسوری، هەر لایەك سۆزی بۆ ولاتێك هەبوو، بەبڕوای من تەنیا کوردە کە هیچ لایەنێك خاوەندارێتی لێ نەکردووەو سۆزیشیان بۆی نەبووە و ئالاندویانە لەشەڕێکەوە کە خۆشی سەری لێ دەرنەچووە یان بەقازانج بۆی نەگەڕاوەتەوە.هەریەك لەم نەتەوانەش بەپێی کەم و زۆرییان پشکیان بەرکەوت لەو کوشتن و بڕینە ، کەسانێکی زۆریش ئاوارە و سەر لێشێواوبوون، ئەمەش ڕۆژگارێك بوو بەسەرچوو تەنیا لاپەڕەکانی مێژووی تیدا ڕەشکراوەتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە لەم کاتەدا لەباشووری کوردستان حکومەتێك و پەرلەمان و قەوارەیەکی دیاریکراو هەیە گەلێك کەمە نەتەوەی جیاجیا لەم هەرێمەدا بەئارامی و بەیەکسانی ژیان دەگوزەرێنن کەچی خەڵکانێك هەننەزانانە بۆ مەبەستێکی کار لەسەر کراو جۆرە نووسینێك دەنووسن کە بۆنی خوێنی لێدێت و برینی کۆن هەڵدەدەنەوە، کە ڕەنگە ئەمەش دوژمنانی هەردوولا لە بۆسەدابن بۆ شێواندنی ئەو ئارامییەی ئەمڕۆ کە لە کوردستاندا هەیە. ئەگینا (بنیامین حداد) وەرگێڕی ئەو کتێبە هێندەی خۆی ماندوو کردووە بە وەرگێڕانی ئەو کتێبەوە با نیو ئەوەندە

لەخەمی براكانیدا بوایە لەناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستانا، بەتایبەتی لەشاری موسڵ و دەوروبەری كە بەسوكە هەڕەشەیەكی تیرۆریستان، تەنانەت فریا نەكەوتن جلی منداڵەكانیشیان دەربكەن و بەسەڵتە زەلامی خۆیان كردەوە بەهەرێمی كوردستاندا و ماڵ و حاڵیان بەجێهێشت، كەشایەنی بەزەیی پێدا هاتنەوە بوون و كوردستانیش بە سۆزەوە باوەشیان بۆ كردنەوە، جێگای سەر سوڕمانە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم ئەو هەڵە گەورەیەی بەسەردا تێپەڕیوە، كە مۆڵەتی بڵاوكردنەوەی كتێبەكەی داوە. ئێمەی كوردیش لە دێر زەمانەوە، برایەتی هەموو كەمایەتی یە ئاینییەكانمان قەبوڵەو ژیانی هاوبەشی ڕەتناكەینەوە بەجیاوازی بیروڕاشەوە هەمیشە بەچاوی ڕێزەوە تەماشاكراون و بەكردەوەش سەلمێنراوە. هەرواش بووە بەڵام مەودای ئازادی هێندە فراوان بووە لای كورد وای لەو ئاسوریانە كردووە هێندە زاریان بكەنەوە كە درێژی زمانیان دەركەوت. ئیتر بێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجامەكانی بكەنەوە. چونكە بێ حورمەتی كردن بە سەركردەكانی كورد بێ حورمەتی كردنە بە گشت خەڵكی كوردستان چونكە گەلی كورد، وەك هەر گەلێكی تر سەركردەكانی بە بەشێكی جیانەبووەو هەڵقوڵاوی نێو خەڵكی كوردستان دەزانن و هەرگیز ناچنە ناو خانەی لەبیر چوونەوە. بۆیە لەجیاتی پەنا بردنە بەر ئەو جۆرە نووسینانە

جێگای خۆیەتی بەهەموو لایەك دروشمی پێکەوە ژیان و برایەتی بەرزبکەینەوە .

هەروەها کاك فەرید ئەسەسەردیش لەستونێکدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نویێ دا ڕای خۆی لەسەر کردنەوەی شەقامێك لەهەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەناوی سمکۆی شکاك دەربڕیوە لەژێر ناوی (ئێمەو هاولاتیە ئاشوریەکانمان و سمکۆی شکاك) تێیدا دەڵێ: ئیمساڵ لەتورکیا هەرایەکی زۆر لەسەر ئەوە هاتە ئاراوە، کە حکومەت بەنیازە سێهەم پردی ئەستانبوڵ بەناوی سوڵتان سەلیمی یەکەمەوە ناوبنێ– سوڵتان سەلیمی یەکەم کە نۆیەم سوڵتانی عوسمانی یە وا ناوی لەمێژوودا هاتووە کە یەکێکە لە خوێنڕێژترین سوڵتانی عوسمانی و لەسەدەی شانزەهەمدا دەستی چۆتە خوێنی هەزاران عەلەویی تورکیاو شیعەو نوسەیرییەکانی سوریا.عەلەویەکان لەو بڕوایەدان کە سوڵتان سەلیم شایستەی ئەوە نی یە پردێکی بەناوەوە بکرێ و ئەوان ئەمە بەسوکایەتی پێکردن دەزانن و وای دەبینن، کە دەوڵەت بەم کارە پاکانە بۆ جینۆسایدی عەلەویەکان بکاو لەبری سەرزەنشتکردنی کارەکە، پردێك بەناوی ئەنجامدەری جینۆسایدەکەوە ناودەنێ.ئەوەی لەتورکیا ڕویداوە، لەهەولێر دووبارە بۆتەوە. چونکە شارەوانی هەولێر ناوی شەقامێکی سەرەکیی شارەکەی بەناوی سمکۆی شکاکەوە ناوناوە کە ئەمەش کارێکە نیگەرانی ئاشوریەکانی لێکەوتۆتەوە. چونکە

سمکۆی شکاك لەیادەوەری ئاشوریەکاندا تۆمارێکی ڕەشی هەیە، ئەوەبو لەساڵی ١٩١٨دا پێشەوای ئاشوریەکان پاتریارك مار بنیامین شەمعونی لەدەوروبەری ورمێ کوشتووە . لەو سەردەمەدا ئاشوریەکان لەسۆنگەی جەنگی یەکەمی جیهانەوە زێدی خۆیان لەچیاکانی هەکاری بەجێهێشتبوو، و ڕویان لەخاکی ئێران کردبوو لەو سەرو بەندەشدا لەجیهانێکی ئاڵۆزدا بەدوای ناسنامەیەکی سیاسیدا دەگەڕان. لەمێژووی سیاسی کورددا سمکۆی شکاك لەهەلومەرجێکی دژواردا دەرکەوتووەو ئەگەرچی سەرچاوە مێژوویەکانمان بەسەرکردەیەکی نەتەوەیی ناوی دەبەن، بەڵام لەڕاستیدا سمکۆ لەهیچ قۆناغێکدا ڕێبەرایەتی بزوتنەوەی کوردایەتی ئێرانی نەکردووەو زۆرتر وەك سەرخێڵێکی یاخی هەڵسوکەوتی کردووە. هەرەسهێنانی دەوڵەتیش لەهەریەك لەئێران و تورکیا لەهەلومەرجی جەنگی یەکەمی جیهاندا، چانسێکی لەباری بۆ دەرکەوتنی سمکۆ هەڵخست، بەتایبەتی کە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی سەر سنوری ئێران–تورکیادا شکاوە، لەمێژووی کوردی ئێرانیش دا فایلی سمکۆ فایلێکی خاوێن نییە. سمکۆ تاکە سەرخێڵی ئێرانە کە شاری مەهابادی تالآن کردووە، و تالآنەکەی سمکۆ بەگەورەترین تالآن لەهەموو مێژووی مەهاباد دەژمێردرێت لەڕاستیدا پێش کوشتنی مارشەمعون ژمارەیەکی بەرچاوی ئەرمەنیەکانیشی کوشتووە. ئەوانەی لەجینوسایدی سەردەمی عوسمانیەکان ڕزگاریان

ببوو و ڕاپانکردبووه ئێران، لەدەربەندەکەی قوتور لە بۆسەکەی سمکۆدا لەناوبران و کەسیان لێ دەربازنەبوو هیچ بەڵگەیەکی بەهێزیش لەسەر ئەوە نی یە کە سمکۆ هەستی کوردایەتی هەبوبێ یان سیاسەت و کوردایەتی تێکەڵاوی یەکتری کردبێ. بەپێ ی هەڵسوکەوتی ناشارستانیانەی دەرئەکەوێ کە سمکۆ ڕقی لە ئازەر (عەجەم) و مەسیحیەکانی ورمێ و ئەرمەنیەکانی تورکیاو ئاسوریەکان بووەو بەبیروباوەڕ عوسمانیستێکی توندڕەو بووە سمکۆ دۆستی دڵسۆزی کەمالیستەکان بوو. تەنانەت کاتێك ئینگلیزەکان لەسلێمانی یەوە عەبدولعەزیز یامولکیان بۆ لای نارد تاهانی بدا سەنگەر بگوازێتەوەو واز لەکەمالیستەکان بێنێ، ڕەتیکردۆتەوەو سوربووە لەسەر دۆستایەتی و خزمەتکردنی کەمالیستەکان . کوشتنی مارشەمعون کارێکی قێزەونەو شایستەی ئەوەیە کە کارەکەو ئەنجامدەرەکەی سەرزەنشت بکرێ. تاڵەبانی لەکتێبەکەیدا کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەرزەنشتی کوشتنی مارشەمعونی کردووە. ئاشوریەکان هاوڵاتی کوردستانن و بەشێکی گرنگی تەونی کۆمەڵایەتیمان پێك دێنن ناونانی شەقامێکی سەرەکی هەولێر بەناوی سمکۆی شکاکەوە کە ئاشوریەکان دەیڕواننە هەڵسوکەوتی، وەك ئەوە وایە شەقامێکی هەڵەبجە بەناوی یەکێ لەو فڕۆکەوانانەوە ناوبنرێ کەلەساڵی ١٩٨٨دا بەشداربووە لەکیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا. ئەگەر شەقامی ناوبراو بەناوی

مارشەمعونیشەوە ناونەنرێ لانیکەم ئەم ناوەی ئێستا لابرێ و ناوێکی تری پێ ببەخشرێ کە نەبێتە مایەی کولانەوەی برینە کونەکان. ئەگەر سەرنج لەڕاوبۆچونەکانی کاك فەرید ئەسەسەرد بدەین وەك نووسەرێك یاخود وەك کەسێکی بەئاگا لەمێژووی نەتەوەکەمان، کە هیچ کام لەشۆڕشەکان بێبەش نین لەکەموکورِی ڕەخنەگرتنیش مافی هەر تاکێکەو ئازادە لەبیرکردنەوەو لەبۆچوونەکانیدا بەڵام کاك فەرید ماوەیەکی زۆرە بە بۆنەو بێ بۆنە پەلاماری سمکۆی شکاك و بزوتنەوە ناسراوەکەیدەدات،

دەرکەوتنی دژایەتی کاك فەرید مێژوویەکی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ کاتی وەرگێڕانی کتێبەکەی دکتۆر عەزیز شەمزینی بەناوی(جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی لەکوردستاندا) لەو کتێبەدا د. عەزیز کە دێتە سەرباسی جوڵانەوەی شۆڕشی نەتەوەیی کوردستانی ئێران لەسەرەتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دا، ئاماژە بە سمکۆی شکاك دەدات، وەك سەرکردەیەکی ئەو شۆڕشە هەمیشە ئامادەیی هەبووە. بەڕێز د. شەمزینی وێنای سمکۆ وەکو پیاوێکی ژیرو لێهاتوو دەناسێنێ و ئاماژەشی داوە بەگەورەیی سمکۆ، وەك سەرکردەیەکی ئەو ڕۆژگارە . بەڵام لەپەراوێزی لاپەڕە (٢١٣)ی هەمان کتێبدا بەڕێز کاك فەرید ڕاوبۆچونی خۆی بەشێوەیەك دەرئەبڕێت کە هیچ لە لێکۆڵینەوەی زانستی ناچێت و پشتی بەهیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی باوەڕپێکراو

نەبەستووە یاخودخوێندنەوەیەکی وردی بۆ نەکردووە، تا خوێنەر بهێنیتە سەر ئەو باوەڕەی کە کاك فەرید هەڵسەنگاندنەکانی دروست بێت. بەڵکو هەموو ڕاوبۆچوونەکانی تەنیا لەزمانی نووسەرە دژ بەکوردەکان و نەیار بە پرسەکەیەوە سەرچاوەی هەڵگرتووەو هیچی تر. ئەوەی کاك فەرید دەیڵێت هەر لە قسەی (د. نەسروڵڵا شیفتەو سەید ئەحمەدی کیسرەوی و ئیبراهیم صەفائی و دکتور ئیرەجی ئەفشار-سیستانی)و هاوشێوەکانیان دەچێت. ئەگەر تەماشای نووسینەکانی ئەفسەری ئێرانی حەسەن ئەرفەع بەناوی (کوردەکان)بکەین کەخۆی وەك فەرماندەیەك لەزۆربەی شەڕەکانی دژ بە سمکۆدا فەرماندە بووەو دەیگێڕێتەوە کە چۆن لەململانێیەکی سیاسی گەورەدا بووە لەگەڵ سمکۆدا، ئەرفەع فەرماندەیەکی بەڕەگەز فارسی دژ بە بزوتنەوەی کوردی بووە و لەزۆربەی شەڕەکانی دژ بە کوردەکان بەشدار بووە، بەڵام ناتوانین بڵێین زۆر بێویژدانی کردووە، ڕەنگە بڵێین نزیکیش بووە لەڕاستی یەوە، چونکە لەگشت لایەنەکانەوە تێڕوانێکی سیاسیانەی وردی کردووە . بەهەرحاڵ کاك فەرید جارێکی تر ڕقی پەنگ خواردووی خۆی دەڕێژێت بەسەر سمکۆو شۆڕشەکەیدا کەلە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە ٦٢١٦ی ڕۆژی ٢٠١٣/١٠/٢٨ بڵاوی کردۆتەوە کە ئەو مێژووەی کاك فەرید بابەتەکەی ناردووە بۆ ڕۆژنامەکە ڕەنگە هاوکات بوو لەگەڵ تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی

کوردی لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەدا کە ڕۆژی ١٩١٣/١٠/٢٧لە (خۆی) بەئامادەبوونی (چیرکۆف) قونسوڵی ڕوسیا ئەوەش لەسەر دەستی سمکۆو بەهاوکاری میر عەبدولرەزاق بەدرخان بوو کە بۆ ئەو ڕۆژگارە بەتەنیا ئەوە خۆی لەخۆیدا شۆڕشێك بوو. بەڵام ڕق و کینەی ئەمجارەی ناوبراو لەپای ئەوەی کە شارەوانی هەولێر شەقامێك بەناوی سمکۆوە دەکات بەوەش جارێکی تر خۆی هەڵدایە ناو سەنگەری دژ بەسمکۆی ئازادیخواز و بەتاڵانچی و پیاو کوژ ناوی بردووەو لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕەنگە لەو مشتومڕەی نێوان شارەوانی و چەند کەسێك لەئاسوریەکاندا کە کاك فەرید وەك دادوەرێك خۆی نیشان داوەو هاتۆتە مەیدان، کە پێدەچێت هیچ لایەك پرسیان پێ نەکردبێت وخۆی یەکلایەنە هاتبێتە قسە لەبەشێکی دیکەی نووسراوەکەیدا هاتووە کە سوڵتان سەلیمی عوسمانی بەسمکۆ دەچوێنێت، جا لێرەدا با هەڵوێستەیەك بکەین باشە. بەچی یاسایەك سوڵتان سەلیم و سمکۆ ڕیزبەند دەکرێ، سمکۆیەك هەموو ژیانی لەناخۆشی و دەربەدەریدا بەسەربردبێت و باوکی (محەمەد پاشای شکاك) لەیەکێك لەدورگەکانی یونان‌دا بەناوی (ڕۆدس) لەژێر ئەشکەنجەدا مردبێت و بکوژەکەشی نەوەکانی سوڵتان سەلیم بن...سمکۆیەك کە جەعفەر ئاغای برای دوای کوشتنی کەس نازانێت لەکوێدا گۆڕبزرکرابێت و باپیریشی (عەلی خانی شکاك) لەزیندانی تەورێزدا لەژێر ئەشکەنجە و هەڵواسیندا مردبێت و

دایکیشی (دوڕی خانم) بە دەستی ئەو ئاسوریانەی کە کاك فەرید بەرگرییان لێ دەکات، هەر قاچێکی بە ئەسپێکەوە بەسترابێتەوە لەناوەڕاستدا کردبێتیان بەدوو کەرتەوە، جا نازانین لای کاك فەرید ئەمانە تاوانن یان نا، ئەگەر تاوانن ئەوا جگە لەوەش لەماوەی تەنیا (٣٠)ڕۆژدا هەمان ئاسوری میوان لەناوچەی سمکۆدا (١٩٢٠)کەسیان لەکەسوکاری سمکۆو لایەنگرانیان لەناو ورمێ و دەوروبەریدا کوشتووە کەچی هێشتا هەر سمکۆ لای کاك فەرید تاوانبارە. حەسەن ئەرفەع لە لاپەڕە(١٠٠)ی کتێبەکەیدا کە هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێمەدا دەڵێت:( سمکۆ ساڵی ١٩٢٠ بەشێوەیەکی هەمە لایەنە باسی سەربەخۆیی کوردی دەکردئەوەش بەلەبەرچاوگرتنی کەسایەتیەکەی و ژمارەی زۆری لایەنگرانی ، بۆیە ئەو کارەی زۆر لا ئاسایی بوو . ئەو دەیویست ناوچەیەکی سەربەخۆ لەکوردەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەناوی دەوڵەتی کوردی یەوە دا بمەزرێنێت). هەروەها لەبەشێکی تری نووسینەکەیدا ئاماژە بەچوونی عەبدولعەزیز

یامولکی دەدات بۆ لای سمکۆ، بۆیە لێرەدا دەڵێین وبۆ کاك فەریدی ڕاست دەکەینەوە کەلەو دانیشتنەدا مستەفا پاشا یامولکی ئامادەبووە نەك عەبدولعەزیز. مەبەستی مستەفا پاشاش لەو گەشتەیدا بۆ ئەوە بووە کە سمکۆ شۆڕشەکەی بگوێزێتەوە بۆ تورکیا دژ بەکەمالیەکان (بۆ زیاتر زانیاری ئەتوانین بگەڕێینەوە بۆژمارەیەکی تایبەت لە ڕۆژنامەی

(کوردستان) کە زمانحاڵی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. هەروەها کاك فەرید ئاماژەی بۆ کتێبەکەی مام جەلال کردووە، کەئەمەش بۆ بەهێزکردنی ڕاوبۆچوونەکەیەتی کە پێمان دەڵێت (ئەوە نییە مام جەلالیش)وا دەڵێت بۆ وەڵامی ئەوەش دەڵێین مام جەلال لە لاپەڕە ٧٩دێڕی (١٠)ی هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: بزوتنەوەی سمکۆ کە دژ بەدەسەڵاتی حکومی بوو کەوتە ناو کۆمەڵێك هەڵەی دزێوە بەتایبەتی ئەو پڕۆسەی لەناو بردنەی کە پیێ ی هەستا دژی کۆمەڵێك لەبرا ئاسوریەکان دیارە ئەمە ڕاوبۆچوونی مام جەلالە کە بزوتنەوەی سمکۆ بزوتنەوەیەکی دژ بەدەسەڵاتی ئێرانی قاجاری بووەو نکوڵیشی لەجەماوەری بوونی بزووتنەوەکە نەکردووە چونکە لەو ڕۆژگارەدا تەنیا هەر شۆڕشی سمکۆ پەرەی نەسەندووە لەکوردستاندا، بەڵکو هەموو شوێنەکانی تریش لەهەمان گڕوتیندا ژیاون دژ بەدەسەڵاتی قاجاری بۆ ئەوەش کە سمکۆ غەدری لەبرا ئاسوریەکان کردبێت لە کوشتنی مارشەمعون دا، ئەوا وتەکانی مارشەمعون لەدانیشتنی کۆنەشاردا لەگەڵ سمکۆدا ڕایەکی ڕوون و ئاشکرایە کەلەناخیدا ویستوویە لەسەر حسابی کوردو خاکەکەی بەیارمەتی زلهێزەکانی ئەو ڕۆژگارە دەوڵەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن. بۆ ڕاستی بۆچوونەکانمان ئیشو مالیك نووسەری ئاسووری دەڵێت: لەکۆنگرەی (تەفلیس)دا بڕیاردرا دەوڵەتێك بۆ ئاسوریەکان دروست بکرێبۆ ئەم مەبەستە کاپتن (گراسی) ئەفسەری

هەواڵگری بەریتانی یان ناردە ورمێ بۆ سەر پەرشتی کردنی ئەو چەك و تەقەمەنی و هاوکاریانەی کە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوەدەهات تا بگات بەدەست ئاسوریەکان) بڕوانە (سەدەیەك لەتێکۆشانی کوردی ئێران وبزوتنەوەی سمایل ئاغای شکاك) لاپەڕە (١١٨)کەمال نوری مەعروف) بۆیە لەوە زیاتر ناچمە ناو باسەکەوە کە دانانی ناوی سمکۆ بە شەقامێکەوە یان سڕینەوەی ناوەکەی لەسەر شەقامەکەهیچ لەگەورەیی سمکۆ کەم ناکاتەوە چونکە سمکۆ چۆتە دڵی مێژووی کوردەوە.

# نامەیەك و پەیامێك بۆ سمكۆ

**گەورەم جەنابی ئیسماعیل خانی (سمكۆ)**

**سڵاوی گەورەییتان لێ بێت.**

دەمێكە دەمەوێت نامەیەكت بۆ بنووسم تێیدا هەواڵی داماوی و سەرگەردانی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیەت بۆ بەیان بكەم. بەڵام نەمدەزانی لەكوێوە دەست پێبكەم و چۆن بۆتان بنووسم چونكە دەردە دڵەكان زۆرن و برینەكان ئەوەندە قووڵ و بەسوێن دەست بۆ هەر لایەكی دەبەیت زامێكی پڕ ئازارەو خەمێكی كەڵەكە بووی چەندین دەیەی ساڵانی، ئەم ڕۆژگارە غەدارەیەو جار جارە سەرهەڵئەداتەوە.

جەنابی خان: ئەگەر لە كڵۆڵی خۆتەوە دەست پێبكەم. ئەوە بە چەندین نووسین و ڕۆمان كۆتایی نایەت، ئەگەر لە دەردو خەمی ئێمە مانانیش بپرسی ئەوا ئەوەی ئێمە ڕەنگە زیاتری بوێت. كە دەڵێم ئێمە مانان باش دەزانی مەبەستم ئەو بنەماڵانەیە كە دەرئەنجامی شۆڕشەكەی تۆ زۆریان كوژران و زۆریشیان سەرگەردان و ئاوارەو دەربەدەری شاران بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر جێگای سەرفرازیمانە . جەنابی سمكۆ: لەبیرتە كە منداڵ بوویت بەسەر چەندین خەم و ماڵ وێرانیدا هاتیت هەر لە تیرۆركردنی ئیسماعیل خانی مەزنی باپیرە گەورەت و گرتن و

ئەشکەنجەدانی عەلی خانی باپیرت و هەڵواسینی تا مردن لەبەندیخانەی تەورێزدا ئەی محەمەد پاشای باوکت دێتەوە یاد ؟ کە عوسمانیەکان گرتیان و لەدورگەی ڕۆدس ئەویش وەك باوکی لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپارد. کە ئەمانە خەمێکن و هەموو کات ئازاریان بە سوێیەو گۆڕ بزر کردنیشیان داخێکی ترە لەگەڵ هەر یادێکی ساڵانەدا خەمەکانیش سەوز دەبنەوە.

گەورەم: دەزانم شەهید کردنی (دوڕی خانم)ی دایکتان هێندە بەلاتانەوە گران نەبوو چونکە دەتانزانی کەلەشەڕی بەرامبەردا و لەناو ماڵ و مناڵدا ئەو جۆرە کارانەش لەخۆ دەگرێ هەرچەندە دایکی تۆ بە جۆرێك شەهید کرا کە تەنیا لەوانە دەوەشێتەوە کە بەیاسای جەنگەڵ دەژین کە هەر قاچێکی بە ئەسپێکەوە ببەستنەوەو لەناوەڕاستدا بیکەن بەدوو کەرتەوە. تاوانی (دوڕی خانم ) تەنها ئەوە بوو کە دایکی تۆ بووەو هیچی تر. من دڵخۆشم بەو جۆرە مەرگەی نەنکم (ئامینەی سەعید ئاغای شکاك) کەلەماڵەکەی خۆیدا بە گوللەیەك سنگیان شەق کردو کچە شەش ساڵانەکەی لە ترسی ئەو دیمەنە هستریایە لەگەڵ برا هەشت ساڵەکەیدا ڕادەکەن و لەبەفرو کڕێوەی قەندیل دا کچە نوقمی بەفر دەبێت و کوڕەکەش سەرگەردان و لەناخی خۆیدا وون دەبێ. ئەمەش نمونەیەکە لەو نموونە زۆرانەی کە هەر کەسەو بەسەر هاتی خۆی و ئەندێشەکانی دەبێتە سەر بوردەی زمان و بەجۆرێکی تر دەیگێڕێتەوە

بۆیە دەڵێم کوشتنی دوڕی خانم هێندە بەسوێ نەبووە بۆتان.چونکە دەتانزانی کە ئەو بەتەنیا نەکەوتۆتە بەر ئەو ستەم و ڕەشە کوژییەی کە بەسەر ئەو ژنە بەحورمەت و کچە ڕووسورو شۆخ و شەنگە خێر نەدیوە بێ لانەکانی شکاك و پیاوی پیری بەساڵاچووی ڕدێن سپی هۆزەکەتدا هاتووە ڕەنگە تاوانی مەغۆلەکان کەمتربێت لەچاو تاوانی ئەوانەدا کە کردیان بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە و ئەو هەموو خێزان و بنەماڵانەی کە سەر لێشێواو بوون و پەرش و بڵاوبوونەوە ئەمەش دەرئەنجامی هێرشی ئاسووریەکان بوو کە تا ئێستاش بەئەستەم یەکتری دەناسنەوە. ئەمانە هەمووی لەلایەك و پیلانیش بۆ لەناوبردنی نەتەوەکەت لەلایەکی تر. ئەزانم جەنابتان باش ئاگاداربوون کە چارەنووسی ئەم گەلە بەشمەینەتە بەرەو کوێ دەڕۆشت بۆیە پەناتان بۆ هەموو لایەك دەبرد. دەستتان دەکرد بەهەموو کونێك دا. ناهەقی نەبوو کە نووسەرێکی بیانی دەنوسێ:( سمکۆ پیاوێکی سەرسەخت و سەرکێش و بێ باکەو خۆی دەهاوێتە هەموو گێژاوێکەوە). بەڵام ئێوە بەو هیوایەی پاشەڕۆژێکی ڕووناك بۆ نەتەوەکەتان دابین بکەن و دڵنیاش بوون ئەم کارە قوربانی زۆری دەوێ ، بۆیە هەنگاوی یەکەمتان بۆ خزمەتکردنی منداڵانی هەژاری کورد بوو بۆ پێگەیاندن و بڵاوکردنەوەی کەلتوری سەردەمەکە بوو کە لەدراوسێکانەوە وەرتانگرتبوو لەناوچەکەدا ، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی دووەمتان بۆ

دروستکردنی ئیدارەیەکی سەربەخۆ بوو ، کە خەڵکی ناوچەکە تیایدا کارەکانیان بەئەنجام بگەیەنن و دووربن لە کێشەی ڕۆژانەیان.

گەورەم سمکۆ: باش ئاگاداربوویت کە دوژمنانی سەرسەختت جگە لەچەك و هێزی سوپا بە قەڵەمە ژەهراویەکانیان هەرچی تۆمەت و بوختان و کاری ناڕەوا بوو دایانە پاڵتان و دەیانویست لەبەرچاوی دنیا بڵێن پیاوێکی چەتەو پیاو کوژو ڕێگرە و هەندێ جاریش بە پیاوی بێگانەو دەزگا جاسوسیەکانی وڵاتانی تری ناوچەکە ناو زەندیان دەکردی ، بەڵام هەرچی هەوڵیان دا بەری ڕۆژ بە بێژنگ نەگیراو نەیانتوانی ڕاستییەکان بشارنەوە، کە تۆ بۆ مافی نەتەوەیەك خۆت توشی ئەوهەموو گێژاوە کرد . ئەوەشت دەزانی کە زۆرترین ئەرشیفی وڵاتە زلهێزەکانی ئەو ڕۆژگارە لەسەر جەنابتان و داواکاریەکانتان هەبوو تا ئێستاش دەوڵەمەنترین ئەرشیفەو ماوەی چەندساڵێکە وردە وردە دەرئەکەون و ئەو قسەو قسەڵۆکانە نەك بە درۆ دەخەنەوە بەڵکو ڕیسواشیان دەکەن ، کە بەرامبەرتان دەکراو ئێوەش وەك فریاد ڕەسێکی نەتەوە لەو کاتەدا دەرئەکەوتن، بۆیە خۆشەویستیتان لای نەتەوەکەتان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەهەڵکشاندایە. جگە لەچەند قەڵەمێکی لەرزۆکی گوماناوی نەبێ ، کە هیچ لەژیان و خەبات و هەوڵ و ماندوبوون و قوربانیدانی ئێوە نازانن یان لەئاستی تۆدا خۆیان گێل دەکەن. بەڵام لەدوا ڕۆژدا شەرمەزارو داماو دەبن

بەڕێز جەنابی خان : چاوپێکەوتنە مێژووییەکەی تاکە ڕۆژنامەنووسی خەمخۆری ئەوسەردەمە کە مستەفا پاشا بوو بەهەڵەداوان خۆی گەیاندبووە لاتان تا ڕاستییەکان لەدەمی خۆتانەوە بەهەموو لایەك ئاشنا بکات و لەڕۆژنامەکەی شێخی نەمردا بڵاوی بکاتەوە ، کە هەر وەڵامێکتان بۆ ئەو کاتەو بە ئێستاشەوە نرخ و بەهای خۆی هەیە و ئیتر قەڵەمە لەرزۆکەکان ناتوانن ڕاستیەکان ئاوەژووبکەن و ڕووداوی کارەساتەکانیش کە وەك بارگرانییەك خرابووە سەر شانتان، بەڵام بەئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بۆتان گەڕایەوە .

بەڕێز سمکۆ: هاتنتان بۆ باشووریش لەخۆوە نەبوو دەزانم بە داوەتێك و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بوو کە بوویتە میوانی شێخ . بەڵام سەردانتتان بۆ بەحرکەو چوونتان بۆ هەولێرو گەڕانەوەی لەناکاوتان زوو هەستتان کرد کە دوژمنان چەتەونێکیان بۆت چنیوەو دەیانویست بتانکەنە دیاری دەستیان و لەکۆڵت کەنەوە، (کاپتن لاین ) نەیشاردەوەو دەڵێ (ڕاستە نیازەکەمان وەها بووتا دڵی لایەنێکی دیاری کراو ڕازی بکەین تا ئەو بەڵا گەورەیە لەکۆڵ بکەینەوە بەڵام سمکۆ لەمەش دەربازی بوو ) بەڵێ دیاربوو زوو هەستتان پێکردو باشتان کرد چوونە لای خزمانی میراودەلیی و لەوێشەوە بۆ سلێمانی و ئەو سەروەریەشتان بەدیاری بەباڵای شاردا بڕی و تا ئەمڕۆ ئەو هاتنە ساڵانە بەشانازی یەوە یاد دەکرێتەوە.بەڵام ئەفسوس لەدواجاردا بەپێی خۆتان و بەنامەیەکی گوماناوی چوونە بەردەم جەلادەکەتان و لەو بۆسەیە ڕزگارنەبوویت.

هەر چەندە پێشتر تۆ کاری خۆتت کردبوو بەڵام ئەوان نامەردانە وەکو پیشەی هەمیشەییان لەگفتوگۆو ڕێکەوتنتان لەگەڵ ١٣ لەهاوڕێ دڵسۆزەکانتان بوونە قوچی قوربانی دەستی زۆرداران و داگیرکەرانی کوردستان و ئێوەش وەك سمبولی هەتا هەتایی نیشتیمان مانەوە.

جەنابی خان: ئەمڕۆ لەکوردستان و لەباشوری ئازاددا هەوڵەکانتان بەرز دەنرخێنن و داستانە مێژووییە تۆمارکراوەکانتان لەلاپەڕەی یادەوەریماندا پاراوی دیدەی خوێندکارانی کورد دەکەن و هەر شارو شارۆچکەیەك دەچیت ناوتان لەتابلۆی قوتابخانەیەك، شەقامێك یان باخچەیەك دەبینرێ . ئەمەش گەواهی ئەو ڕاستییەن کە لەدڵی مێژووماندا هەردەم بەزیندویی دەمێننەوە. ئەو خۆ فیداکارییەی ئێوەش بوو ئەمڕۆ کە ئێمە سەرفرازین و لەقەوارەیەکی سیاسی سەرکەوتوودا کە لەپەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا خۆمان دەبینینەوە . جارێکی تر سڵاومان قەبوڵ بفەرموون

بەهیوای دیدارتانم



هەمیشە دڵسۆزت

/ نەورۆزی ٢٧١٥ی کوردی

بەرامبەر ٢١/ئازاری ٢٠١٥زاینی

**پەراوێزەکان:**

١–قاموس اعلامی شەمسەدین سامی (کوردو کودستان)لا ٦٩.

٢–مێژووی شوێنەوارناسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و/لەفارسیەوە/ عوبێد سورخانی لا١٥–١٦.

٣–أثر (فصلنامة) علمي ژمارە٣٥/ نادری کریمیان/ و/ کمال نوری معروف/ لا ٢٨٠.

٤– گۆڤاری پەیڤین ژمارە ١٨–١٩ و/ کمال نوری معروف لا ٢٣٧.

٥– هەمان سەرچاوەی پێشوو

٦– سەرجەمی بەرهەمی حسێن حوزنی موکریانی بەرگی دووەم لا ٥٤٨.

٧– سوپای ئەیوبیان/ محسن محمد حسین و/ عثمان علی قادر لا٧٥.

٨– سمکۆ(ئیسماعیل ئاغای شکاك و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد) محمد ڕەسوڵ هاوار لا ٢٢٠–٢٢١.

٩–سمکۆی شکاك و شۆڕشاویٚ و بەڵگەنامەێن ئیرانیدا– فاخر حسن گوڵی لا١٨.

١٠– عشائر شکاك و شرح زندگی أنها بەرهبری اسماعیل اغا سمکۆ/ احمد شریفی/ لا٣٧.

١١–هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١٢–سمكؤ ذلك الثائر الكردي. مجلة كاروان العدد ٥٨أب ١٩٨٧ ص١٢٣
١٣–كوردستان و كورد/ محەمەد ئەمین زەگی بەگ لا ٣٤٩ بەغداد ١٩٣١.
١٤–كوردستان و كورد/ د. عبدالرحمان قاسملۆ و/عەبدوڵڵا حسن زاده لا١٣٦.
١٥– ایران فی عهد نصرالدین شاه ١٨٤٨–١٨٩٦ رساله ماجستر غیر منشوره ١٩٨٧ ص٣٢٨–٣٢٩.
١٦–كوردو عەجەم/ نەوشیروان مستەفا لا ٤٠٨–٤٠٩–٤١٠–٤١١.
١٧–سمكۆ ئەز نیگاهی دیگەر/ بهزاد سمكۆ لا٨٩.
١٨– ساختار سازمان ئیلان و شیوه معیشت عشایر أزربایجان غربی/ ابراهیم اسكندرنیا ص٦٨.
١٩)تأریخ (خۆی) چاپ أول سال ١٣٧٢ چاپخانەی حیدری/ د. محمد امین ریاحی.
٢٠)ژیان شناسی كوردو كوردستان/ بهزاد خۆشحاڵی / ١٣٥١.
٢١) نیگاهی به ئازەربایجان غربی/ أیرج أفشار سیستانی ص٥٧٥.
٢٢) اسماعیل اغا شكاك/ أحمد شەریفی لاپەڕە ١٠چاپی ١٣٤٨
٢٣)حركت تأریخی كورد به خوراسان/ حكیم الله توحید لا ٧–٨.
٢٤)ڕۆژنامەی بانگ كوردستان ژماره ٢ ڕۆژی ١٤/٨/ ١٩٢٢.
٢٥) تأریخ مشروطة/ احمد كیسرەوی چاپی پێنجەم

٢٦)سمكۆ/ سەيد كەمالى ئيبراهيمى لا ٣١.
٢٧) برزئى مجتبى/ ١٣٤٠ اوضاع سياسى كوردستان ص١٤٨(سمكۆ). سەيد كمال ئيبراهيمى.
٢٨) سەدەيەك لەتێكۆشانى كوردى ئێران و بزوتنەوەى سماعيل ئاغاى شكاك/ كەمال نورى مەعروف/ لا ٦٥
٢٩)كۆمارى كورد/ وليام ئيگلتن جوير/ وەرگێڕانى سەيد محەمەدى سەمەدى لاپەڕە ١٩٥.
٣٠)عشائر شكاك شرح زندگى انها بەرهبرى اسماعيل اغا سمكۆ ص٣ وەرگێرانى كەمال نورى مەعروف
٣١)مێژووى كوردستان/ ن. لازاريف/ وەرگێڕانى/ وشيار عەبدوڵڵا سەنگاوى لا٢٤٤-٢٤٥.
٣٢)دراسة وجيزة عن العشائر في منطقة عفرين/ د. محمد عبدو علي.
٣٣)اسماعيل اغا شكاك/ احمدى شەريفى لا ١٢-١٣.
٣٤)سەدەيەك لەتێكۆشانى كوردى ئێران و بزوتنەوەى اسماعيل ئاغاى شكاك/ كەمال نورى مەعروف.
٣٥)ئافرەتە ناودارەكانى كورد/ عەلى خەزنەدار- لا ٧٣.
٣٦)سمكۆ (ئيسماعيل ئاغاى شكاك و بزوتنەوەى نەتەوايەتى كورد. محەمەد ڕەسوڵ هاوار،
لا ٢٤٨-٢٤٩.

٣٧)مێژووی کورد لەسەدو دوانزە ساڵدا. مەلا ئەحمەدی پێنجوێن لا ١٣٠-١٣١.

٣٨)کوردو شۆڕشەکەی د. جەمال نەبەز لاپەڕە ١٢٤ وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە کوردۆ عەلی ١٩٨٥.

٣٩)اعلام الكرد مير بصرى لاپەڕە ٢٧٣- چاپی قبرص لندەن ١٩٩١.

٤٠) کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستەمدا کریس کۆچێرا وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف لا ٥٥.

٤١)بیرەوەریەکانی ئەحمەد ئاغای پشدەری تۆمارکردنی عبدالرقیب یوسف و سەید صالح لەبنکەی ژین ٢٠٠١.

٤٢) کورد لەئەرشیفی ڕوسیاو سۆڤیەت دا. د. ئەفراسیاو هەورامی لا ٢٩٠-٢٩١

٤٣)یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لاپەڕە ٧١ کەمال نوری مەعروف ساغی کردۆتەوە ١٩٩٥.

٤٤) سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاك و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد محەمەد رەسوڵ هاوار لا ٢٧٩.

٤٥)کوردو عەجەم نەوشیروان مستەفا لا ٤١٩.

٤٦) سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاك)و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد/ محەمەد رەسوڵ هاوار/لا ٢٤٧.

٤٧)گۆڤاری ئەنیستۆتی پاریس کاپتن گاسفیلد وەرگێڕانی دانیال مەتی لا ٤٤.

٤٨) سەدەیەك لە تێکۆشانی کوردی ئێران و بزوتنەوەی سمایل ئاغای شکاك کەمال نوری معروف لا٨٣.

٤٩) مەحموود خانی دزلّی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاّتی کوردستان. عومەر مەعروف بەرزنجی لا ٢١.

٥٠) شۆڕشەکانی کورد لەسەردەمی نوێدا جەلیلی جەلیل م.س. لازاریف م.أ حسرەتیان لاپەڕە ٢١٠–٢١١–٢١٢. ئۆلگا جیگالیناشاکرۆ محۆیان

٥١)هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٢)کوردستان و کورد د. عەبدولڕەحمان قاسملۆ وەرگێڕانی عەبدولاّی حەسەن زادە لا ٨٤.

٥٣)یاداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید کەمال نوری مەعروف ساغی کردۆتەوە لا ٧٧.

٥٤)کوردو عەجەم نەوشیروان مستەفا لا ٤٧٨–٤٧٩.

٥٥)ئیسماعیل ئاغا شکاك و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد محەمەد ڕەسولّ هاوار لا٣٠٨.

٥٦) فصول من تأریخ العراق الحدیث مس بل ترجمة جعفر خیاطص ٢١٦.

٥٧) یاخیبونی ئەرمەنەکان لەڤان / جەستن ماکارسی ئەسغەر ئەرسەلان وەرگێڕانی ئەحمەد سەعید عەلی بەرزنجی لا١٨٠.جمال الدین ئاشکران

عومەر توران

٥٨)ناسیونالیزمی شوانکارەیی/ فەریدە کوهی کەمالی وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە د. یاسین سەردەشتی لا ١٨٣.

٥٩)تحقیق تأریخی أغتیال الزعیم الأثوری (بنیامین مارشةمعون)من خلال النصوص التأریخیة/ د. یاسینسەردەشتی.

٦٠)مویەهای شەهری غریب یان کوزارشت موستەنەدی ازسال های اثر.حادثە ی ورمی /غولام خانی حشمت لا٥٥ _٦٣

٦١) بحران أذربایجان در جنگ أول جیهانی: نبرد شرکربازی و ساری تاش/ إبراهیمپورحسین خنیقلا ١٨٨–١٨٩.

٦٢)هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦٣)پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لەساڵی ١٩٤٦و/ د. ئەفراسیاو هەورامی لا ٤٣.

٦٤)هەمان سەرچاوەی پێشوو. لا ٤٧–٤٨.

.............................................................

## سەرچاوەکان


١. قاموسی اعلامی شەمسەدین سامی

٢. مێژووی شوێنەوارناسی ڕۆژهەلأتی کوردستان

٣. اثر (فصلنامه) علمی

٤. گۆڤاری پەیڤین

٥. سەرجەمی بەرهەمی حسێن حوزنی موکریانی

٦. سوپای ئەیوبیان

٧. سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد)

٨. سمکۆ

٩. شۆڕشاوێ و بەڵگە نامین ئێرانیدا

١٠. عشائر شکاک و شرح زندگی انها بەرهبری اسماعیل اغا سمکو

١١. سمکو ذالك الثائر الکردی . مجلة کاروان

١٢. کوردستان و کورد

١٣. کوردستان و کورد

١٤. ایران فی عهد نصرالدین شاه ١٨٤٨-١٨٩٦

١٥. کورد و عەجەم

١٦. سمکو از نگاهی دگر

١٧. ساختار سازمان ئیلان و شیوه معیشت عشائر ازربایجان غربی

١٨. تاريخ خۆی

١٩. ژيان شناسی كورد و كوردستان

٢٠. نگاهی به ئازەربايجان غربی

٢١. اسماعيل اغا شكاك

٢٢. حركت تاريخی كورد  به خوراسان

٢٣. روژنامەی بانگ كوردستان

٢٤. تاريخ مشروطه

٢٥. سمكو

٢٦.برزئی مجتبی ١٣٤٠ اوضاع سياسی كوردستان

٢٧.سەدەيەك لە تێكۆشانی كوردی ئێران ئيسماعيل ئاغای شكاك

٢٨.مێژووی  كوردستان

٢٩.كۆماری كورد

٣٠.دراسه و جيزه عن العشائر في منطقه عفرين

٣١.ئافرەته ناودارەكانی كورد

٣٢.مێژووی كورد لە سەد و دوانزه ساڵدا

٣٣.كورد و شۆڕشەكەی


٣٤.اعلام الكرد مير بصری

٣٥.كورد لە سەدەی نۆزده و بيستەمدا

٣٦.بيرەوەريەكانی ئەحمەد ئاغای پشدەری

٣٧.كورد له ئەرشیفی ڕوسیا و سۆڤیەتدا
٣٨.یاداشتەکانی شێخ لەتیف
٣٩.گۆڤاری ئەنیستیتۆ پاریس
٤٠.مەحمودخانی دزلّی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاّتی کوردستان .
٤١. مویەهای شەهری غریب یان کوزارشت موستەنەدی ازسال های اثر.حادثه ی ورمی /غولام خانی حشمت
٤٢. بحران أذربایجان در جنگ أول جیهانی: نبرد شرکربازی و ساری تاش/ إبراهیمپورحسین
٤٣. ناسیونالیزمی شوانکارەیی/ فەریدە کوهی کەمالی وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە د. یاسین سەردەشتی
٤٤. تحقیق تأریخی أغتیال الزعیم الأثوری (بنیامین مارشەمعون)من خلال النصوص التأریخیة/ د. یاسین سەردەشتی

# ئەلبوومی وێنەکان




زنجیرەی بنەماڵەی سمکۆ



١)جەعفەر ئاغای شکاک ٢)ئەمەر ئاغا مامی سمکۆ ٣)سمکۆ ٤)حەسو جەنگۆ ٥)خالۆ میرزا ٦)عیسا خان ئامۆزای سمکۆ



عومەرخانی شکاک



قەڵای چەریق



سمکۆوهاوکارەکانی



سەیفی قازی ،ڕەشیدبەگی هەرکی،قازی محمد،زیرۆبەگ هەرکی



سمکۆ ،سورمێ خوشکی مارشمعون ،بنیامین مارشمعون،نیکیتین باڵوێزی رووس



سمکۆی شکاك و خورشید ئاغای هەرکی و کەریم بەگی خەیلانی لەگەڵ چەکدارەکانید لەشنۆ



سمکۆی شکاك و کەسە نزیکەکانی لە ورمێ




مەزارگەی جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا لە شاری تاران



سمكۆو ئەحمەد ئاغای برای لە گەڵ چەكدارەكانی قەڵای چهریق




لە ڕاستەوە ڕیزی دواوە :

١)محۆ ٢)حاجی عەلیمیرەك ٣)سیدۆ ٤)
میرزای سمایل ٥) چەچۆ ٦)مستۆ ٧)
قاسمی ڕەوی(بێش قارداش)

لە ڕاستەوە ڕیزی پێشەوە:

(١و ٢) ئەندامانی كونسوڵخانەی ڕوسیا لە
تەورێز ٣)جەعفەر ئاغا ٤)زەكەریا گەورە
بازرگانی ڕوسیا



هێزێکی ئێرانی لە شەڕی دژ بە سمکۆدا کە هەموویان کوژران



سمکۆ و هاوڕێکانی



قازی محەمەد



قەلاّو گوندی چهریق




جەعفەر ئاغای شکاک( ١٨٧٠–١٩٠٥)




گۆڕی سەتار ئاغای حامەدی شکاک




شەهیدەکان کە هەڵواسراون لە ڕاستەوە :١)محۆ ٢)جەعفەر ئاغای شکاك ٣)سیدۆ



وێنەیەکی جەنەڕاڵ مایۆر و عومەرخانی شکاك وحاجی سەید عەبدولڵاەفەندی گەیلان زادە

لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی ناوچەکانی باکوری کۆماری کوردستان (پێشمەرگەکانی شکاك)



شەهید برایم عەزۆ



عەلی خان شکاک






هەمزە ئاغای مەنگوڕ هاوکاری سمکۆ



فەیروزی یەکێك لە فەرماندەکانی ئێرانی لەشەڕەکانی دژ بە سمکۆ



نەخشەی شاری خۆی١٩٢١



بو حضرتى حكمدارى اعظم كردستان جنابى
شيخ محمود اشرو صمى پيشانت ز توانايى كردستان
پيى دستى حكمدارياتە دايە بو تشتى ام بى امرى
تە ناكەين هر تشتەكى تفرو موديو بژروەندى
ملەتى كرد تيدا بيت ام حاضرە دى [illegible] كين
ازر دشرا خوشنار ژ گوندى بيستوائم مونى دادكم كە
بيمە شارى سليمانى هندك خبرى كردستانى
ايران بو جنابى تە بيژم وە حكوم كرانا ايشى
دستانى پيويست بە برادرى و دوستى اينگليزە

مخلص مكوبتە
اسماعيل شكاك

**نامەی دەستنووسی سمکۆی شکاك بۆ شێخ مەحمود**



سەردانی تایەر خانی سمکۆ بۆلای سەید عەزیزی شەمزینی




نەخشەی ناوچەی شەڕی شەکریازی لەنێوان سمکۆ و سوپای ئێران ۱۹۲۲




جەعفەر ئاغای شکاک



امان الله جهانبانی(فەرماندەی ئێرانی لە شەڕەکانی دژ بە سمکۆ)



خوالێخۆشبوو جەلود ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی گەرگەری شکاک



حاجی سەیید عەبدوڵلای شێخ عەبدولقادری شەمزینی



عەزۆ حەمە عەلی گەرگەری شکاک باوکی ئیبراهیم عەزۆ



خوالێخۆشبووصابر ئەحمەد شکاک



خوالێخۆشبوو کۆزاد سمکۆ (کوڕەزای سمکۆ)



سەیید عەزیزی شەمزینی



نەخشەی قەڵای چەریق



کوڕەکانی سمکۆ



بابەخان و خەنی خانمی خێزانی لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێرزادی کوڕی و هەندێک لە خزمەکانی



کۆزاد لەگەڵ بابە خانی سمکۆ وسورمێخانی خوشکی




لە چەپەوە:

١. برێ سترانبێژ

٢. حاجی شێرۆ هۆسن

٣. ئوسێی ئەفەندی

٤. تاپەرخانی شکاك

٥. ئەمیرخانی هەرکی

٦. رەشید سادۆی (قەسرت)

٧. بابەخانی سمکۆ

٨. ئوسکۆی رویی


٩. ئەفەندی کوری حەیا بەگ



خوالێخۆشبووان ئەشقەر تایەرخان لەگەڵ بابەخانی سمکۆ



بابەخانی شکاك و كۆمەڵێك لە کەسایەتیەکانی هۆزی شکاك



کوردانی تورکمانستان ساڵی ١٩٣٠



کوردە کۆچەریەکانی باشوری قەفقاز

١٩٢٨



خێزانێکی کورد لە گوندی شیلانی

١٩٣١ ،باشووری قەفقاز



کوردانی گوندی مەلا ئەحمەد ١٩٣١ باشوری قەفقاز



گوندی عەبدولبار

١٩٣١، باشووری قەفقاز



کوردەکانی باشوری قەفقاس



دوو پیاوی کوردی  گوندی مەلا احمد لە باشوری قەفقاس ساڵی ١٩٣١



مزگەوتی گەورەی شاری ئورمیە



بازاڕی شاری ئورمیه



شاری سنه



جەعفەر ئاغای شکاك و گولیزاری کچی



لەڕاستەوە  موعتەبەر خانم خێزانی جەعفەر ئاغا

دانیشتووەکەش گوڵ بەیاز خوشکی سمکۆ و خێزانی بە حری بەگ



جەعفەر ئاغاو سمکۆی برای و چەکدارەکانی



پێشوازی کردنی ئەندامانی لیژنەی دیاری کردنی سنوری نێوان تورك و فارس



والی پشتکو غولام ڕەزا خان



ژنانی کوردی لوڕستان



شکاکەکان لەکاتی گرتنی سێ تاوانباردا کە پێوەندی داریان لە قاچدایە



سید حوسێن حوزنی موکریانی لە سلێمانی



پیرەمێردی شاعیر و مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە چاپخانەی ژیان



شکاکەکان



کوردانی گوندی مینکێند ، باشووری قەفقاز

١٩٣١